

23

گەلی کورد لەناوچەکە و ئێران ...



28

مرۆڤ و شارستانیەت .....



18

سیلی غەفار



49

لەزانکۆی کامبریج لێکۆڵینەوە...


# ئازادیی کۆمەڵگە
Azadî Komelge

www.komelge.com

Political, Intellectual and Social monthly Magazine

گۆڤارێکی سیاسی، هزری، جڤاکی مانگانەیە

ژمـــارە
18

ساڵی دووەم

تەمووز ٢٠١٧

پووشپەڕ ٢٧١٧


## هەژارترین کایە لەم جوگرافیایەدا کایەی هزریە



## د. سیڤان سەعید

لە رۆژئاڤا خەیاڵێکی جیاواز هەیە و تواندراوە هەندێك تەحسینات بکرێت لەو خەیاڵە درێژەی چەندین ساڵە هەیە!

# Azadî Komelge



# ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی سیاسیی، هزریی، جڤاکی مانگانەیە


**خاوەنی ئیمتیاز**

**محەمەد کیانی عەبدولرەحمان (د.محەمەد کیانی)**

**سەرنووسەر**

**گۆران عەلی حەسەن ( گۆران پێنجوێنی)**

**دەستەی نووسەران**

**د. سالار باسیرە**

**سەردار ستار**

**بەیان عەلی**

**نەجیبە قەرەداخی**

**کامەران گوڵپی**

**کوردۆ شوانی**

**راوێژکاری یاسایی**

**پارێزەر هیلال ئیبراهیم**

پەیوەندییەکان لەرێگەی سەرنووسەرەوە دەبن

07702227274

07501539197

goran.a.hesen@hotmail.com

www.komelge.com

www.facebook.com\ Azadi Komelge

چاپ: چاپخانەی بەهەست

تیراژ: 1000 دانە

نرخ: 1500 دینار

ناونیشان: نوسینگەی سەرەکی: کوردستان - سلێمانی - گەڕەکی ئاشتی - باخی سەعید بەگ

# دەسەڵات و قەیرانی فیکر!

باشووری کوردستان بەسەردەمێکدا تیپەر دەبێت چیدیکە ئیدارەدانی قەیران لە دوای قەیران سەخت بووە. دۆخەکە لەوانەیە لە کێشەی ڕۆژانەییەکانی بواری سیاسی، ئیداری، کۆمەڵایەتی، دیبلۆماسی، ئابوری، خزمەتگوزاری دا ڕەنگبداتەوە، بەڵام ئەنجامی بۆشاییەکی قوڵی هزر و قەیرانی ئەقلیەتە.

لەم بارودۆخەدا کەهەرێمی کوردستان لە نێو ئەم هەموو قەیرانە قوڵەدایە، باس لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دەکرێت. بە خودی ئەوانەشی کە ڕیفراندۆمەکەیان کردۆتە بابەتی باس و ئەنجامی دەدەن دەزانن کە هەلومەرجی دەرەکی و ناوخۆیی لەبار نییە. لەوە زیاتر کێشەکان ئاڵۆز دەکات و قەیرانەکان دەباتە قۆناغی تەقینەوەوە. لێکدانەوە و گەمە بە هەندێ چەمک و دەستەواژە دەکرێت کە بەشێکیان لەو چەمکانەن کە لە سەردەمی بەسەرچوونی دا هەوڵی پێکهێنانیان دەدرێت و هەندێ لەوانە لە دیدی دەسەڵاتدارییەوە هەوڵی جێبەجێ کردن و چەواشەکردنی دەدرێت. دەسەڵات لەسەر بنەمای ئەو چەمکانە خۆی لەسەر پێ ڕاگرتووە و لەناو کۆمەڵگەدا تا ئێستاش درێژە بە باڵادەستی، چەوساندەوە و سەرکوتکردنی ئازادیەکان، هاوکاریکردنی داگیرکەران و بەستنی پەیماننامەی تاڵانکردنی سامانی گشتی و قووتی کۆمەڵگە دەدات.

لەو پرۆسەیەدا کێشەکە لە بەڵێ یاخوود نا دا نییە، ئەوەندەی کە پێویستی بە وەڵامی بۆچی و لە پێناوی چی دایە؟. مسۆگەر دەبێ سەرەتا بە بوێریەوە لە ڕووی هزریەوە کار لەسەر ئەو چەمک و دەستەواژانە بکرێت کە دۆخی باشووری کوردستانی هێنایە ئەم ئاستەی ئیستا و بوێرانە قسە لەسەر چەمکی ئەڵتەرناتیڤ بکرێت. بە تایبەتی چەمکی « نەتەوەیی» کە پارتەکانی دەسەڵاتدار دەیانەوێ لە دیموکراسی داماڵن، کە ئەمەش دەبێتە لەبارچوونی دەرفەتی پێکەوە ژیان. چەمکی دەوڵەت کە گەورەترین ناکۆکی و ئیشکالیەتی لەسەرە، هەم پارتە دەسەڵاتدارەکان و هەم ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتخواز، بووێری ئەوە ناکات و خاوەن ئەو پرۆژەیە نییە قسە لەسەر چەمکی نا ناوەندێتی یاخوود لامەرکەزیەت بکات. چەمکی کانتۆن و سەرپەرشتیاری لە جێی دەسەڵاتی ناوەندی، تێکەڵ کردن و چەواشەکاری لەسەر هەردوو چەمکی سەربەخۆیی و دەوڵەت.

نەبوونی دەستورێکی دیموکراتی، پەرلەمان و حکومەتێکی کاراش هەر دەرەنجامی ئەم قەیرانی هزر و ئەقلیەتەیە. ئەوانەی باوەڕیان بە دیموکراسی، ئازادی و یەکسانی هەیە دەبێ کار بۆ هاوپەیمانیەکی کۆمەڵایەتی نوێ بکەن کە ڕاستەوخۆ کۆمەڵگە و بەتایبەتی ژنان خاوەن ڕۆڵ بن تێیدا. نمونەکەشی لە ڕۆژئاڤا و شەنگال هەیە. چەمکی «نەتەوەیی بێ دیموکراسی» کە مەترسیدارترین چەمکە، کەمینەی ئێزیدی، کاکەیی، تورکمان، ئاشوری-کلدانی و ئەرمەنی پەراوێز دەکات و تەنیا ئەوانە بەدەمڕاستیان دەزانێ کە لە دەسەڵاتەوە نزیکن.

لە باشووری کوردستاندا دەرفەتێکی گەورە هەیە کەپرۆسەکە بەرەو ئاقاری گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی و دەرخستنی باشوور لەو قەیرانە هزریە ببرێت، لە جێی زاڵکردنی زمانی توندی پەرچەکرداری بێ ئەلتەرناتیڤ، دەکرێت پرۆژەکە سەرجەمی وشیاری ئامێزبێت بۆ بەشێکی گرنگی کۆمەڵگە کە ژنە، دەسەڵات نەک تەنیا لەسەر بنەمای داگیرکردنی قوت، خاک و داهاتی کۆمەڵگە ئەم قۆناغە کارەساتبارەی هێناوەتە گۆڕ، بەڵکو لەسەر بنەمای داگیرکاریەکی گەورەتر و نەبینراوە کە داگیرکاری کۆمەڵایەتییەو ڕەنگدانەوەیەکی بەرفراوانی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی بەتایبەتیش ژن هەیە.

هیچ بەشێکی کۆمەڵگە هێندەی ژن قوربانی ئەو دەسەڵات و ئەقلیەتەیە نیە. هیچ دید و ئەلتەرناتیڤێک ئەو بەشەی کۆمەڵگە «ژن» ڕەچاو نەکات ناتوانێ سەرکەوتوو بێت. لانی کەمی پرۆسەی شەفافیەت و ڕێکەوتن لەگەڵ کۆمەڵگە نەکرێت ئەو پرۆسەیە سەرکەوتوو نابێت، بەڵکو سەردەمی قسەکردنە لەسەر چەمک و هزری نوێ و زیندووکردنەوەی هێزی بزوێنەری کۆمەڵگە.

یەکێك لە گرفتە مەزنەکانی ئێستای کایەی فیکری(هزری) لەم جوگرافیایەدا ناونان و ناوزەدکردنی ئەو دۆخەیە کە ئێستا تێیدا دەژین. ئایا ئەوەی لەم دۆخەدا دەگوزەرێ چییە؟ کێشەیە؟ گرفتە؟ قەیرانە؟ گێژاوە؟ چییە؟ لە چیدا قەیرانە؟ لە کوێدا گرفتە؟ گێژاوبوون تا چ ئاستێك چووە؟ لە دۆسیەی ئەم ژمارەی ئازادیی کۆمەڵگەدا.

# حەسەن جودی: باشووری کوردستان لەهەموو رووێکەوە لەنێو بێ سیستەمی و گەڕەلاوژەیی و تێکشکان و داڕووخاندا دەژییێت...

ئازادیی کۆمەڵگە

دیدار: ئازادیی کۆمەڵگە



حەسەن جودی

**حەسەن جودی نووسەر و رۆژنامەوان لە دیداریکی تایبەتیدا بۆ گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە، سەبارەت بە پرسی قەیرانی فیکری لە هەرێمی کوردستان هێما بۆ ئەوەدەکات گرفتە مەزنەکانی ئێستای کایەی فیکری لەم جوگرافیایەدا ناونان و ناوزەدکردنی ئەو دۆخەیە کە ئێستا تێیدا دەژین و دەشڵێت ئەو ئەقڵییە دژە تێزەی لەهەوڵی دەربازکردنی دۆگماتیزمدا دەبێت ئەوا پێویست دەکات خۆی لەهەموو پەتا دۆگماییەکان و پارادیگمای دۆگمایی و چەمك و لۆژیکە دۆگماییەکان رزگار بکات و پارادیگما و چەمك و لۆژیکی خۆی بئافرێنێت.**

**"بەگشتی؛ ئێستای کایەی هزری لەنێو دۆخێکی گێژاو دایە"**

**ئازادیی کۆمەڵگە: ئایا ئەو دۆخەی ئێستا کایەی هزری تێیدا دەگوزەرێت چ دۆخێکە؟**

**حەسەن جودی**:یەکێك لە گرفتە مەزنەکانی ئێستای کایەی فیکری(هزری) لەم جوگرافیایەدا ناونان و ناوزەدکردنی ئەو دۆخەیە کە ئێستا تێیدا دەژین. ئایا ئەوەی لەم دۆخەدا دەگوزەرێ چییە؟ کێشەیە؟ گرفتە؟ قەیرانە؟ گێژاوە؟ چییە؟ لە چیدا قەیرانە؟ لە کوێدا گرفتە؟ گێژاوبوون تا چ ئاستێك چووە؟لەمڕووەوە هێشتا بوێرییەك، توانستێك و هەوڵدانێکی جددی بۆ ناونان و ناوزەدکردنی دۆخەکە نابینم، ناونان لە دۆخێك بۆخۆی بۆتە گرفتێکی کوشندە. هەڵبەتە هیچ یەکێك لەو ناونان و ناوزەدانەی دەکرێن بێبەری و بێ وەی نین و گشتیان بارگاوین بەو بەناویەکداچوونەی لە کایەی فیکریدا هەیە. بۆیە کاتێك دۆخەکە بە یەکێك لەو دەستەواژانە پێناسە دەکرێت، ئەوا بۆخۆی تێگەشتنێکت دەستدەکەوێت کە جیهانبینی پشت ئەو پێناسەیە چییە؟! هەر پەیوەست بەمەوە؛ پێناسەکردنی خودی ئەو دەستەواژانەش بۆتە گرفتێکی مەزن، بۆ نموونە؛ باس لە قەیران دەکات کەچی مەبەست لێی لە گێژاوە، باس لە کێشە دەکات و مەبەستی لێی قەیرانە.

پێم وایە ئەمە بۆخۆی جۆرێك لە هەژاریی هزری و سەرەتاییبوونی بیرکردنەوە دەخاتەڕوو. ڕەنگبێ هەژارترین کایە لەم جوگرافیایەدا کایەی هزری بێت، کە بێ جوڵە و بێبەرهەمە. چونکە ململانێیەکی هزری

جددی لەنێوان هێڵە هزرییە جوداکان، بزووتنەوە هزرییە ناکۆکەکان نابینرێت، تەنانەت لێرەدا گومان لە هەبوونی ناکۆکییەکی هزری قووڵ و جددی دەکەم. ئەوەی دەبینرێت تەنیا ململانێی ناوخۆیی نێوان هێڵە هزرییەکانی خودی هزری دۆگماتیزمە. ئەمەش هیچی لێ شین نابێت تەنیا سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی هزری دۆگماتیزمە لە بەرگ و شێوەی جوداتردا، یان پینەوپڕۆکردنی ئەو هزرە دۆگماییە داڕزیوەیە، کە ئیدی بەکەڵکی خۆیشی نایەت نەك بە کەڵك ژیان و پێشکەوتن و گۆڕانکاریی. بۆ نموونە ململانێی خودی رێچکە و رێبازە ئایینی و ئایینزاییەکان لەنێوان خۆیاندا، یان ململانێی ناسۆنالیزمی سەرەتایی کوردی (پرۆفاشیزمی کوردی) لەگەڵ خودی رێچکە و رێبازە ناسیۆنالیستی و فاشیستی و شۆڤێنیستییەکانی ناوچەکەدا، یان ململانێی نێوان خودی رەوتە چەپگەرییەکان لەنێوان خۆیاندا.

لەراستیدا؛ هەبوونی هەژموونی ئەقڵییەتی نێرسالاری بەسەر کۆی کایەی هزریدا، دۆگمابوونی کۆی کایەی هزری لەم جوگرافیا و ناوچەیەدا....هتد هەموو ئەمانە دەرخەری ئەوەن کە لە دۆخی ئێستادا جولەیەکی هزری جددی و کاریگەر نابینرێت کە توانستی گۆڕانکاری و پێشکەوتن نیشان بدات. مسۆگەر بەبێ ئەم جولە هزرییەش وەگەڕکەوتنی دینامیکی پێشکەوتن و وەرچەرخانی هزریش دژوارە.

بەگشتی؛ ئێستای کایەی هزری لەنێو دۆخێکی گێژاو دایە. بەڵام جۆری گێژاوەکە لەوەوە نەهاتووە ململانێ یان ناکۆکییەکی هزری قووڵ و دژوار لەنێوان هزرە جیاواز و ناکۆك بەیەکەکان هەبێت، بەڵکو لەوەدایە کە لەبنەڕەتدا ئەو جۆرە ململانێ و ناکۆکییە هێشتا دەرنەکەوتووە، یان وردتر بڵێین زۆر لاوازە، ئەوەی هەیە گێژاوی نەبوونی هزری ناکۆك و جیاواز و نوێیە، گێژاوی دۆگماتیزمە و خۆی دەخواتەوە و خۆی دەسوێ و هەوڵدەدات شێوە و سیمای دیکە لەخۆوە بگرێت. بێگومان ئەگەر گێژاوەکە لە جۆری تێژبوونەوە و بە لوتکەگەیشتنی ململانێ و ناکۆکی نێوان رەوتە هزرییە جیاواز و ناکۆك بەیەکەکان بووایە، یان بەهۆی دەرکەوتنی رەوتێکی هزری نوێی ناکۆك بە دۆگماتیزم- بە هەموو جۆر و شێوەکانییەوە- بووایە ئەوا لەگەڵ

**گێژاو؛ ئەو دۆخەیە کە سیستەمێک، کۆمەڵگەیەک، کایەیەک توانستی دەربازبوونی لەگرفت و ناکۆکییەکانی خۆی لەدەستدەدات**

خۆیدا زەمینەی پێشکەوتن و گۆڕانکاری و تەنانەت شۆڕشێکی زیهنی – هزری لەگەڵ خۆیدا دەهێنا. بەڵام وەك دەرکی پێدەکەین بەمجۆرە نییە. بۆیە گێژاوەکەی باشوور و تەنانەت گێژاوەکەی کۆی خۆرهەڵاتی ناوینیش گێژاوێکی داڕمێنەر و داڕوخێنەرە، نەك گێژاوێکی بونیادنەر و وەرچەرخێنەر بە ئاراستەی شۆڕشی زیهنی و هزری.دیارە لەنێو ئەو گێژاوەدا دنیایەك قەیران و کێشە و گرفت هەن و هەموویان خۆراك بەیەکتر دەدەن و یەکتر دەژێنن و یەکتریش قووڵتر دەکەنەوە.

**<<دەکرێ دۆخی گێژاوی لەسەر بنەمای "گۆڕان لەچەندایەتییەوە بۆ چۆنایەتی" شیبکرێتەوە >>**

**ئازادیی کۆمەڵگە: کەواتە چۆن پێناسەی گێژاو دەکەن؟ ئەمە چ دۆخێکە؟**

**حەسەن جودی:** گێژاو؛ ئەو دۆخەیە کە سیستەمێک، کۆمەڵگەیەک، کایەیەک توانستی دەربازبوونی لەگرفت و ناکۆکییەکانی خۆی لەدەستدەدات و لەخۆنوێکردنەوە و هەڵکشان دەکەوێ و لەنێو پێکوتە (مراوحة) و خۆ دووپاتکردنەوەدا دەژیێت و تادەگاتە ئاستی تەقینەوە بەردەوام دەبێت. ئەو سیستەم و کۆمەڵگە و کایەیەی بکەوێتە نێو گێژاو (فەوزا.کائیوس)ەوە دۆخی سروشتی خۆی لەپێشکەوتن و گۆڕان لەدەستدەدات و دیاردە پەرگیر و دەرهاویشتەکانی لەدیاردە سروشتی و رێساییەکانی زیاتر و زاڵتر دەبن و فۆرمێکی ئاسایی و باو وەردەگرن. دۆخی گێژاویی(گێژاوبوون) دۆخێکە کۆتایی بەقۆناخێک دێنێ و شیمانەی دەستپێکردنی قۆناخێکی نوێ زیاتر دەکات. دەکرێت زەمەنی گێژاو درێژ بکرێتەوە، بەڵام هەرگیز ناکرێت بەبێ دەستپێکردنی قۆناخێکی نوێی جودا گێژاو تێبپەڕێنرێ. بەو رادەیەی لەزەمەنی گێژاو( فەوزا - کائیوس)دا ئۆرگانەکان، جومگەکان، پەیوەندییەکان، بەهاکان، دینامیک و ئالیەتەکان لەنێو بێ سیستەمی و بێ سەروبەری و داڕووخان و تێکشکاندا دەژین، بەهەمان رادەش لەزەمەنی دوای گێژاودا بەرەو سیستەماتیکبوون

و ڕێکخستەبوون و خۆبونیادنانەوە و هەڵکشان ئاراستەگیر دەبن، هەر وەک دۆخی گێژاودار لەخۆڕا و بێ پێشینە نییە، قۆناخی دوای گێژاو (دۆخی بێ گێژاو)یش هەروا لەخۆڕا نایەت و پێشینەی خۆی هەیە.

گێژاوبوون ئەو هەڵدێرەیە کە ڕێگەی گەڕانەوەی نییە. ئەو سیستەم و کۆمەڵگە و کایەیەی بکەوێتە دۆخی هەڵدێرانەوە هەپڕوون بەهەپڕوون دەبێت و لەنێو لێکترازانێکی بێ ئامان و تراژیدیاییدا دەژی، هەرچی بەها هەیە بێ واتا دەبێت، وەک چۆن لەدیرۆک و ریشەیەوە دابڕانێک دێتەئاراوە، بەهەمان شێوەش داهاتوویەکی لێڵ و تەمومژاویش لەگەڵ خۆیدا دێنێ. لەرووی دیالێکتیکیەوە؛ دەکرێ دۆخی گێژاویی لەسەر بنەمای «گۆڕان لەچەندایەتییەوە بۆ چۆنایەتی» شیبکرێتەوە و ببینرێ، چونکە ناکۆکی و ململانێییەکان، کێشە و گرفتەکان، قەیران و تەنگژەکان لەمیانەی بەردەوام پەرەسەندن و گرژبوون و ئاڵۆزبوونیاندا دەگەنە خاڵی بنبەستی و گرێکوێرەیی و لەئاکامی بەیەکگەیشتنی فاکتەرە بابەتی و خودییەکان (ئۆبژێکتیفی و سۆبژێکتیفی) دا ئیدی دۆخی گێژاویی دەئافرێنن. بەمەش دیاردە و مەسەلەکان دەستبەرداری پێگە چەندایەتییەکانیان دەبن و پێگەیەکی چۆنایەتی(نوعي) بەدەستدێنن. لەقۆناخی چەندایەتی(کمي) دا کە هێشتا دیاردە و مەسەلەکان لەنێو شێوەگرتن و جوڵەیەکی سەرەتایی و پەراوێزی دان. گەلێک شەپۆل و رەوت و بزاڤ و ئاراستەی جوداجودا وەک کاردانەوە (رەفلێکس)ی سەرەتایی دەردەکەون و لەنێو لێگەڕیندا دەبن و بەدوای سیما و ناسنامەی خۆیاندا دەگەڕێن، بەڵام هێشتا هەڵاوێرد و شێوەگیر و جەمسەرگیر نەبوون. کەچی لەقۆناخی چۆنایەتییدا؛ کە ئیدی دیاردە و مەسەلەکان شێوە دەگرن و پێدەگەن و کاراتر دەجولێن، شەپۆل و رەوت و بزاڤ و ئاراستەکانیش بەو رەفلێکسەی هەیانە فۆرمێکی رێکخستەیی وەردەگرن و ئاراستەکانیان وەک پرۆژە بەرنامەگیر(پرۆگرامیزەکردن) دەکەن

> لەئان و ساتی شۆڕشدا یان ئەنجامگیربوونی شۆڕشدا ئەگەری دەرکەوتنی رەوت و بزاڤێکی دژە شۆڕشیش جێی باسوخواسە

و هەریەکەو بەناسنامە و سیمای خۆی دەکەوێتە نێو کار و چالاکییەوە. هەروەها لەنێو رووداو و کێشمەکێشمەکانیشدا خۆ هەڵاوێرد دەکەن و شێوە دەگرن و لەجەمسەری خۆیاندا سەنگەر دەگرن. ئەم پێشکەوتن و ئاڵوگۆڕەش خۆی لەخۆیدا بزاوتنێکی دیالیکتیکیانەیە، بەڵام ئەمە حەتمییەتێکی مێژوویش نییە. واتا مەرج نییە دیاردە و مەسەلەکان سەرتاپایان بەگۆڕان لەچەندایەتییەوە بۆ چۆنایەتی بەیەک شێوە تێبپەڕن و ئاراستەگیر بن، چونکە ئەگەری چارەسەری یان پووکانەوەی بڕێک یان زۆربەی دیاردە و مەسەلەکان هەیە، هەروەها ئەگەری ئەوەش هەیە ئەو رەوت و بزاڤ و ئاراستە و شەپۆلانە لەغیابی فاکتەرە خودییەکاندا کاڵ ببنەوە و لەبار بچن.

**<<ئیدی توانستی بەرگەگرتن و بێدەنگبوون و دانبەخۆداگرتن نامێنێ>>**

**ئازادیی کۆمەڵگە: چۆن دۆخێك دەگات بەوەی ببێتە دۆخی گێژاوی؟**

**حەسەن جودی:** گێژاو بە سێ قۆناخی بەدواییەکدا دروست دەبێت؛ قۆناخی یەکەم: دەرکەوتنی کێشە و گرفت و ناکۆکی و قەیرانەکان و چارەسەر نەکردنیانە. قۆناخی دووەم: قووڵبوونەوە و بنبەستبوون و کەڵەکەبوونی ئەو کێشە و گرفت و ناکۆکی و قەیرانانەیە. قۆناخی سێیەم: دەستپێکردنی سەرهەڵدان و شۆڕش، یان رێنسانس و قەڵەمبازە مێژووییەکانە لەپێناو چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانە و یەکلاییبوونەوەی ململانێ و ناکۆکییەکان و رزگاربوون لەقەیرانەکانە.

ئەگەر هۆکار و بنچینەی کێشە و گرفت و ململانێ و ناکۆکی و قەیرانەکان ناعەداڵەتی، نایەکسانی، جوداکاری، نەبوونی ئازادی و دیموکراتی...هتد بێت، ئەوا لەقۆناخی دووەمدا، ئەو ناعەداڵەتی و نایەکسانییە، یاخود نەبوونی ئازادی و دیموکراتییە دەگاتە ترۆپک و لوتکەی خۆی و ئیدی توانستی بەرگەگرتن و بێدەنگبوون و دانبەخۆداگرتن نامێنێ و

وەک گرکان بەدوای دەرەتانێکدا دەگەڕێ. بۆیە لەقۆناخی سێیەمدا ڕەوتێک یان بزاڤێک یان چەندین ڕەوت و بزاڤ وەک فاکتەرێکی خودی دەردەکەون و کۆتایی بە گێژاویبوونەکە دێنێن. ئیدی جموجۆڵ و هەوڵ و چالاکییەکانی ئەو ڕەوت یان بزاڤانە بەشۆڕش، یان سەرهەڵدان، یان ڕێنسانس یان بەهەر شتێکی دیکە ناوزەد دەکرێن. هەڵبەتە لەئان و ساتی شۆڕشدا یان ئەنجامگیربوونی شۆڕشدا ئەگەری دەرکەوتنی ڕەوت و بزاڤێکی دژە شۆڕشیش جێی باسوخواسە،

## ئێستا تارمایی شۆڕشێکی جەماوەری بە ئاسمانی باشووردا دەسووڕێتەوە

کە خوازیاری گەڕانەوەی بۆ زەمەنی گێژاوی هەیە، بەڵام ئەنجامگیربوون یان بێئەنجامی ئەو جۆرە ڕەوت و بزاڤە دژە شۆڕشی و دژە قەڵەمبازییانە تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بەچۆنایەتی شۆڕش یان ئەو ڕێنسانسەی بەرپاکراوە و ئەو قەڵەمبازەی هاوێشتراوە. واتا چەندە ئەو شۆڕش و ڕێنسانسە ڕەگداکوتاو بێت و بەرهەمدار بێت، ئەوا ئەوەندەش پرۆسەی ڕووخاندن و سەرلەنوێ بونیادنانەوە، کە ئەرک و گەوهەری هەموو شۆڕش و قەڵەمبازە مەزنەکانە، سەرکەوتوو و ئەنجامگیر دەبێت، ئەوەندەش مۆرکی خۆی لەقۆناخی دوای گێژاو دەدات، ئەوەندەش بزاوت و ڕەوتە دژەگۆڕانکار و دژە وەرچەرخانەکان کرچ و کاڵ و لەپەراوێزدا دەبن.

**<<ئەگەری گردبوونەوە و ئاوێتەبوونیان تا ئاستی یەک وزەیی و یەک هێزیان هەیە>>**

**ئازادیی کۆمەڵگە: ئایا ئێستا باشوور لە چ قۆناخێکی گێژاو دایە؟**

**حەسەن جودی:** سەبارەت بەدۆخی گێژاوی باشوور، کە لەقۆناخی دووەمی گێژاو دایە، چەندە ئەو قۆناخە قووڵتر و چڕتر ببێتەوە، ئەوەندەش لەدەستپێکردنی قۆناخی سێیەمی گێژاو نزیک دەبێتەوە. چەندە گۆڕانکارییەکان لەباری چەندایەتییەوە بۆ باری چۆنایەتی خێراتر و فراوانتر بن، ئەوەندەش دۆخی گەیشتن بەقۆناخی سێیەم نزیکتر دەبێتەوە. چەندە ئەو ڕەوت و بزاڤ و هێزانەی خوازیاری کۆتاییهێنانن بەدۆخی گێژاویی، خۆیان تۆکمە و بەهێز بکەن و واقیعکردبن و لەنێو جموجۆڵ و چالاکی گۆڕانخوازی و وەرچەرخانخوازیدا بن، ئەوەندەش زووتر دەگەنە قۆناخی سێیەم و ئەوەندەش قۆناخی سێیەم بەسەرکەوتوویی ئەنجامگیر دەکەن و کۆتایی بەدۆخی گێژاویی دێنن. واتا چەندە بتوانن بەرسڤی دۆخی گێژاویی بدەنەوە، ئەوەندەش دەتوانن مۆرکی خۆیان لەسەردەمی گێژاویی و دوای گێژاویش بدەن. هەروەها بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە. واتا چەندە خوازیارانی دۆخی گێژاویی و ئەوانەی بەرژەوەندی و هەبوونیان لەهەبوونی ئەو دۆخە و بەردەوامبوونی دایە، ئامراز و شێواز و بەرگیری (مقومات) بەرگەگرتن و لەسەرپێ مانەوە تۆکمە و بەهێز و هەمەلایەن بکەن، ئەوەندەش قۆناخی دووەمی گێژاو درێژە دەکێشێ و بەردەوام دەبێت، هەروەها چەندە ژمارە و قەبارە و چەندایەتی و چۆنایەتی ڕەوتە قەدەرگەراکان، ئەوانەی دۆخی گێژاویی وەک قەدەر دەبینن، زیاتر و زیاتر بن، ئەوەندەش کۆسپ و لەمپەرەکان لەبەردەم خوازیارانی گۆڕانکاری و وەرچەرخان «شۆڕشگێڕان، ڕێنسانسخوازان، ریفۆرمخوازان، ڕۆشنگەران» زیاتر و گەورەتر دەبن و دەستپێکردنی قۆناخی سێیەم درەنگتر دەخەن. هەروەها چەندە لەجوگرافیاکانی دەوروبەری باشوور، بەپارچەکانی دیکەی کوردستانیشەوە، دۆخی شۆڕشگێڕی و ڕێنسانسی، واتا قۆناخی سێیەم، لەئارادا بێت و لەپەرەسەندن دابێت، چەندە جوگرافیا دوورەکانی دیکەی ناوچەکە و جیهان، بەتایبەتی ئێراق، گەیشتبنە قۆناخی سێیەم، ئەوەندەش کاریگەری لە زوو هاتنەئارای قۆناخی سێیەم لەباشووردا دەکەن، واتا زەمینەی گۆڕانکاری و وەرچەرخان لەباشوور زیاتر دەبێت.

به لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیانە، ئەمڕۆ لەباشووردا هێدی هێدی ئاماژەکانی دەستپێکردنی قۆناخی سێیەم بەدیار دەکەون، ئاماژەکان ئاماژەی سەرەتایین، بەڵام ئاماژەی جددی و گرنگن، پاسیڤن، بەڵام ئەگەری ئاکتیڤبوونیان هەیە، پارچە پارچە و لێکدابڕاون، بەڵام ئەگەری گردبوونەوە و ئاوێتەبوونیان تا ئاستی یەک وزەیی و یەک هێزیان هەیە. ئێستا تارمایی شۆڕشێکی جەماوەری بە ئاسمانی باشووردا دەسووڕێتەوە. بۆ نموونە: ئەم ژمارە زۆرەی کوشتن و خۆکوشتن و خۆسووتاندنەی ژنان، کۆچکردنی لاوان ئاماژەن و ڕەفلێکسێکی نێگەتیڤن

بۆ پەسندنەکردن و بەرگەنەگرتنی دۆخی گێژاوی. دەرکەوتنی چەندین وردە رەوت و بزاڤی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری ئاماژە و رەفلێکسێکی پۆزەتیڤن، هەرچەندە لاوازیش بن و لەیەکدی دابڕاو بن. ئەو هەموو رێپێوان و خۆپیشاندان و مانگرتنانەی جەماوەر، بەتایبەتی لەقەزا و ناحییەکاندا ئاماژەن بۆ بەخۆوەکەوتنی جەماوەر، ئەگەرچی بێ پێشەنگ و بێ رێکخستن و لەیەک دابڕاویش بن، هەروەها لاوازبوونی متمانەی خەڵکی بەو بەڵێن و پەیمانانەی پێیان دەدرێن. هەروەها زیادبوونی دیاردەی ئینشیقاق و دەستەگەری و کوتلەبازی نێو هێزە دەسەڵاتدارەکان یان ئەوانەی لەسێبەری دەسەڵاتداراندا دەژین و ... هتد، ئەمانە و چەندین ئاماژەی دیکە، کە دەکرێ زیاتر باسیان لێوە بکرێت، ئاماژەی سەرەتایی دەستپێکردنی قۆناخی سێیەمی دۆخی گێژاوییە.

**<<باشووری کوردستان لەهەموو رووێکەوە لەنێو بێ سیستەمی و گەڕەلاوژەیی و تێکشکان و داڕووخاندا دەژیێت>>**

**ئازادیی کۆمەڵگە: ئایا دەکرێ ئاماژەکانی دۆخی گێژاوبوونی باشوور دەستنیشان بکەین؟**

**حەسەن جودی:** باشووری کوردستان لەهەموو رووێکەوە لەنێو بێ سیستەمی و گەڕەلاوژەیی و تێکشکان و داڕووخاندا دەژیێت، گەندەڵی و تاڵانی تا بنەقاقای تاک و کۆمەڵگە و دەسەڵاتی گرتۆتەوە، توێژێک کە دەسەڵاتدارن دەستیان بەسەر هەموو کایەکانی ژیاندا گرتووە و خاوەن پێکهاتەیەکی عەشیرەتی و فیۆداڵی و بۆرژوای بازرگانین و مشەخۆر و وابەستەن. ناعەداڵەتی و نایەکسانی و ناهاوسەنگی تادێت پەرەدەسێنن، پانتاییەکانی ئازادی، دیموکراسی و مافی مرۆڤیش تا دێت بەرتەسک دەبنەوە، داهێنان و خولقکاری لەسەرجەم بوارەکاندا لاوازبووە و تادێت خۆ دووپاتکردنەوە و رۆتینبوون گەشە دەکات، لەبری گەشەپێدانی بەرهەمهێنان و خۆهێزی (القوة الذاتية) تاک و کۆمەڵگەیەکی بەرخۆر(مستهلک) و مشەخۆر و تەمبەڵ پێشدەکەوێت.

**تۆقاندن و ترس و فۆبیایەکی مەزن رۆح و دەروونی تاک و کۆمەڵگەی تەنیوەتەوە**

هەروەها تا دێت دابڕان لەمێژوو و رەسەنایەتی نەتەوەیی دێتەئاراوە و گرفتی ناسنامە و ئینتیما گرفتی هەرە بەرچاوی نەتەوەیە، لەهەمانکاتیشدا بەریەککەوتن (احتكاك)ێکی نێگەتیفی لەگەڵ دونیای دەرەوەی خۆی هەیە، کە پشت بەلاساییکردنەوە و ئینتیماکردنی کوێرانە دەبەستێت، بەتایبەتی لەگەڵ خۆرئاوادا. لەمەش مەترسیدارتر ئاراستە و رەوتێکی سەرسوڕهێنەرانەی قەدەرگەرایی و غەیبانییەت و فێندەمێنتاڵی لەتەشەنەسەندن دایە کە بەرەهایی بەریەککەوتنی پۆزەتیف لەگەڵ دەرەوەی خۆی رەتدەکاتەوە و ئامادەش نییە خۆی نوێبکاتەوە و بگۆڕێت، لەرووێکی دیکەوە بەها مۆڕاڵی و مەعنەوییەکان لەکزبوون و بێ واتابوون دان و ئەوانەی پێیان دەگووترێ «بەها ماددییەکان» لەبەهێز بوون و زاڵبوون دان، لەبواری کولتووری و رۆشنبیرییەوە تا دێت دادەتەپێ و رۆحی خۆی لەدەستدەدات، هونەر و ئەدەبیات هەر لەکورتی دایە و کرچ و کاڵی باڵی بەسەردا کێشاوە و مرۆڤ تێر ناکەن و بێ داهێنان و نوێکارین. لەنێوان تاکەکاندا، تاک ـ کۆمەڵگەدا، تاک و کۆمەڵگە ـ دەسەڵاتدا، دەسەڵات ـ هێز و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان و مەیل و داخوازییە سڤیلییەکاندا، مرۆڤ ـ ژینگەدا، پیاو ـ ژندا، باوک ـ منداڵەکانیدا ...هتد توندوتیژی و زەبروزەنگێکی بێ سنوور لەئارا دایە، هەڵبەتە ئەو توندوتیژییە هەر بەتەنیا لەرووی جەستەیی و دەروونییەوە نییە، بەڵکو لەرووی رۆحی و زیهنییەتیشەوەیە، بەمەش تۆقاندن و ترس و فۆبیایەکی مەزن رۆح و دەروونی تاک و کۆمەڵگەی تەنیوەتەوە. لەڕووێکی دیکەشەوە چەقبەستوویی و باڵادەستی زیهنییەتی عەشیرەتگەرایی و خێڵگەرایی دۆزەخێکی بێ وێنەی بۆ کۆمەڵگە بەگشتی و ژنان و لاوان بەتایبەتی سازداوە، مەگەر هەر تراژیدیای خۆسووتاندن و خۆکوشتنی ژنان و کوشتن و هەتککردنی رۆژانەی ژنان کە وەک کۆمەڵکوژییەکی بەردەوام ئەوە نیشانبدات کە چ دۆزەخێکە، مەگەر هەر تراژیدیای کۆچی بەلێشاوی لاوان بۆ هەندەران و سوکایەتی و چەپاندنی رۆژانەیان بیخاتەڕوو کە چ دۆزەخێک وا لەئارا دایە. بێگومان باری دەروونی منداڵان و بەساڵاچووان و رەوشی گوزەرانیان بۆ خۆی تراژیدیایەکی دیکەی مەزنە و کەسیش گوێی پێ نادات. هەروەها ئەو

تراژیدیایەی بەسەر ژینگە و سروشتدا دێت نە کەس لێی دەپێچێتەوە و نەدەبێتە ڕۆژەڤیش.

لەباشووردا چەمکی براگماتیکی و مەکیافیلێتی چەمکی هەرە باڵادەستە لەدانوستاندن و پەیوەندییە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکاندا، ئەم باڵادەستەییە هەرە زێدە لەژیانی سیاسی و پارتایەتییدا دەردەکەوێتە پێش، بەڕادەیەک سیاسەتزانی و سیاسیبوون بۆتە بازرگانی و ڕانچێتی هەرە بەرچاو. بێگومان ئەم دۆخە سیاسییە وێڕای درووستبوونی نوخبەیەکی سیاسی گەندەڵ و مشەخۆر، گەلێک دەستکەوتی نەتەوەیی و دیموکراتیشی لەئاستی ئێراق و هەرێمی کوردستانی بەفیڕۆ داوە و ئیرادەو داخوازی گەل بەقەدگەردیلەیەک لەبەرچاو ناگیرێت و دەسەڵاتداران ئامادەش نین دان بەم هەموو دۆڕاندن و نسکۆ سیاسییانە بنێن کە تێیدا نغرۆ بوونە، لەمەش مەرگەساتتر ئەوەیە؛ دوای ئاشکرابوونی هەزاران دۆسیەی سیخوڕێتی و خیانەتکردنیان هیچ هەژاندنێکی سیاسی لەئاستی ئەم هەموو فایل و دۆسیە ئابڕووبەرانەیە ڕووینەدا و وەک مێش میوانیان نەبووبێت وا هەڵسوکەوت دەکەن. وێڕای هەموو ئەمانەش دژایەتییەکی سەرسەختانەی هەر هەڵوێست و بزاوتنێکی ئۆپۆزسیۆنیش دەکەن و لەشوێنی یاسا و مافپەروەری بڕیار و فەرمان دەردەکەن. هەروەها تادێت زیندانە نایاسایی و شاراوە و نهێنییەکان لەزیندانە یاسایی و ئاشکراکان زیاتر دەبن. هەموو ئەو مەسەلانەی ئاماژەیان پێدرا نموونەی خوارێکە لەو دۆخە گێژاوییەی ئەمڕۆ لەباشووری کوردستاندا لەئارا دایە. دەکرێ قەبارە و پانتایی ئەو تابلۆ گێژاوییە زیاتر و وردتریش بخرێتەڕوو و شیکردنەوەی بەرفراوانی لەسەر بکرێت.

**<<لەمێژوودا و لە ئەمڕۆشدا گێژاوەکان بەردەوام بە پارادیگما ڕادیکاڵەکان تێپەڕێنراون>>**

**ئازادیی کۆمەڵگە: بۆ دەربازبوون لەم گێژاوە پێویستی بە چ ئەقڵییەتێکە؟**

**حەسەن جودی:** لەمێژوودا و لە ئەمڕۆشدا گێژاوەکان بەردەوام بە پارادیگما ڕادیکاڵەکان تێپەڕێنراون، بەو ئەقڵییەتە شۆڕشگێڕانەیە دەربازکراون کە توانستی ئەوەیان هەبووە بونیادی ئەقڵییەتە گێژاودارەکە هەڵوەشێننەوە و بە هەموو چەمك و تێگەیشتن و شێواز و جیهانبینی خۆیەوە جودایی خۆی بخاتەڕوو. ئێستا ئەقڵییەتی هەژمووندداری سەر کۆمەڵگە لە گێژاوێکی قووڵ دایە و تاڕادەیەك بەرگیری(مقومات)ی لەسەرپێ وەستانی لەدەستداوە و توانستی خۆنوێکردنەوەوە و بەردەوامی زۆر لاواز بووە، بەڵام ئەم دۆخەی ئەقڵییەتی هەژموونداری بەتەنیا بەس نییە بۆ ئەوەی بڵێین ئیدی با مەرگی ئەو ئەقڵییەتە ڕابگەیەنین، نەخێر وەکو تێزێك خۆی نمایش دەکاتەوە و لەسەرپێ ڕادەوەستێت، تا ئەو کاتەی ئەقڵییەتێکی دژە تێزی خۆی دەردەکەوێت.

کاتێك دەرك بەوە دەکەین کە ئەگەر کرۆکی گێژاوی ئەم جوگرافیایە ئەقڵییەتی هەژموونداری دۆگماتیزمە، ئەوا دژەتێزی ئەو ئەقڵییەتە هەژمووندارەی دۆگماتیزم دەبێت دۆگماشکێن بێت، دۆگماشکێنییش ڕێك لە ئەقڵییەتێکی ڕێنیسانسخوازی و ڕۆشنگەرێتیدا بەرجەستە دەبێت. مسۆگەر هەردوو دەستەواژەی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەریش پێویستییان بە سەرلەنوێ تێخوێندنەوەیان هەیە کە بتوانێت ڕۆحی شۆڕشێکی زیهنی لەخۆوە بگرێت. بۆ کوردستان و تەواوی خۆرهەڵاتی ناوینی قەڵای دۆگماتیزم داخوا چ ئەقڵییەتێکە وا توانست و بوێریی ئەوەی هەیە گەمارۆی ئەو قەڵایە بدات و بچێتە ناویەوە و بێ ئەوەی بە پەتاکانی دۆگماتیزم دەردەدار ببێت قەڵا بکاتە باخی هەزار ڕەنگی ئازادی و مەیدانی شۆڕشی زیهنی؟! بێگومان دیوارە پۆڵاینەکانی دۆگماتیزم هەروا بە تیری کارتۆنی نەك هەر ناڕووخێت، تەنانەت کونیشی تێناکەوێت، هەروەها دۆگماتیزمی هەژمونداری ئێستا بە دۆگماتیزمێکی دیکەی نوێ ناڕوات، ناتوێتەوە و ناشۆردرێت، بەڵکو بە ئەقڵییەتێکی تەواو دژە دۆگماییەوە تارمایی دۆگماتیزم دەڕەوێتەوە و بێکاریگەر دەبێت. دەکرێ لە تێزە فیکری و فەلسەفییەکانی ڕێزدار عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا دەرك بە ئەقڵییەتێکی دۆگماشکێن و پارادیگمایەکی وەرچەرخێنەر و کوانووی شۆڕشێکی زیهنی مەزن بکەین و بۆ باشوور و کۆی کوردستان و خۆرهەڵاتی ناوینیش بناخەی سیستەمێکی دیموکراتی دژە سیستەمی هەژموونداری بونیاد بنێین.

ئەو ئەقڵییە دژە تێزەی لەهەوڵی دەربازکردنی دۆگماتیزمدا دەبێت ئەوا پێویست دەکات خۆی لەهەموو پەتا دۆگماییەکان و پارادیگمای دۆگمایی و چەمك و لۆژیکە دۆگماییەکان ڕزگار بکات و پارادیگما و چەمك و لۆژیکی خۆی بئافرێنێت. بەمە دەتوانێت شۆڕشکێکی زیهنی بەرپا بکات و ئەو گێژاوەی کۆمەڵگە و سیستەمی هەژموونداری تێکەوتووە تێپەڕێنێت و ئەلتەرناتیفی خۆی بخاتەڕوو.

# دەسەڵاتی کوردیی بە ئەجێنداوە کار لەسەر بە جەهلکردنی کۆمەڵگە دەکات

ئازادیی کۆمەڵگە
ئا: ئاسۆ جەوهەر

کامیار سابیر، رایدەگەیەنێت: رۆشنبیری کورد ئەوە نەبووە کە بتوانێت هاندەر بێت کە رۆشنبیریی کوردیی بخەنە سەر رێچکەیەک، کە توانای بەرهەمهێنانی فیکر و توانای بەرهەمهێنانی کۆمەڵێک نووسەر و رۆشنبیری گەنجی هەبێت؛ رۆشنبیرمان بە مانا ئینتێلکچواڵییەکە بەمانا فیکریی و بەمانا مەعریفییەکەی نییە!

وتیشی: زانکۆ یەکێکە لە فاکتەرە هەرە سەرکییەکانی برەوپێدانی گەشەی فیکریی، مەعریفیی و زانستییش، ئەمە ئەگەر بەستاندارە جیهانییەکان بیپێوین، زانکۆکانی کوردستان بەشێکن لە وێرانترین و داماوترین و کۆڵەوارترین، زانکۆکانی جیهان!

کامیار سابیر، ئاماژە بۆ بێفیکریی حیزبە کوردییەکان دەکات و جەختیش لە ناسیۆنالیزم دەکاتەوە: مارکسیزم و کۆمۆنیزمیش شتێکیان نییە بۆگوتن لەسەر ناسیۆنالیزم. ناسیۆنالیزمی کوردیی کە ئێستا لە یەکێتیی و پارتیی دا جێکەوت بووە، دەیانەوێت ئاگایی خەڵکی بەشێوەی گشتیی لە خوارەوە بێت! لە ئاستی فیکرییدا تەواوی پارتیی دیموکراتیی کورستان و تەواوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-یش بە هەردووکیان خاوەنی دە جوملەی موفید نیین لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردیی، بەراستیی ناسیۆنالیزمی کوردیی ناسیۆنالیزمێکە خەریکی ئیهانەکردن و سوکایەتییە بەنەتەوەکانی تر.

**لەم راپۆرتە دا، هەر یەک لە کامیار سابیر و د. سیڤان سەعید دەربارەی قەیرانی فیکریی دەدوێن.**



کامیار سابیر، نووسەر، بە ئازادیی کۆمەڵگەی راگەیاند: ئەگەر قسە لەسەر فیکر بکەی، پێموایە جیاوازییەکیان لەگەڵ فیکری سیاسیی هەیە، لای مەکە کاتەگۆری(Category- الفئة- دەستەبەندیی)ە کانیان جیاوازە؛ فیکر بە گشتیی لە ناو کۆمەڵگەی کوردییدا و لە ناو کۆمەڵگەی کوردستاندا کە گەشەی نەکردووە، هۆکاری سەرەکیی بۆ لایەنی سیاسیی ناگەڕێتەوە، ئەوەندەی بۆ لایەنی کولتووریی دەگەڕێتەوە. ئەوە ئیشی ئینتێلەچێنسیا (Intelligentsia نوخبەی رۆشبیریی - اهل الفکر) کوردییە کە ئەمەیان مۆمەڵایز نەکردوە یان گەشە پێنەداوە یان بروەیان پێنەداوە! نەهاتووەتە ئەو ئاستەی کە لە ستانداردێکی گشتییدا بووترێت: فیکر لە کوردستانی عێراقدا، لە هەرێمی کوردستاندا ئەگەر وردتری بکەینەوە یان ئەوەی دەسەڵاتی کوردیی کۆنترۆڵی کردوە، هۆکارەکەی لاموایە بەشێکی زۆری هۆکاری کولتووریی و مەعریفییە، وەکو لەوەی هۆکاری سیاسیی بێت، بەڵام ئەگەر مەبەست فیکری سیاسیی بێت، لاموایە نەبوونی فیکری سیاسیی ئەوەی بە ئینگلیزیی پێدەوترێت « Political theory»، لاموایە خەتای سیاسەتی کوردییە، خەتای ئەو رۆشنبیرانەیە کە لە سیاسەتی کوردییدا قسەیان کردوە، خەتای ئەو نووسەر و ئەو ئینتێلکچواڵ و ئەکادیمیستانەیە کە لەسەر رەهەندە سیاسییەکان قسەیان کردوە.

نووسەر، ڕەخنەیش لە ناسیۆنالیزمی کوردیی دەگرێت و بە هۆکارەکانی گەشە نەکردنی فیکریش دەخاتە ڕوو، وتی: فیکری سیاسیی گەشەی نەکردووە، فیکری سیاسیی دیارە مەبەستم ئەوەیە: لە هەر ڕەهەندێکی ئایدیۆلۆژییەوە دەیگری ڕەهەندی کۆمۆنیستییەکەی، ڕەهەندە ئیسلامییەکەی، ڕەهەندە لیبراڵییەکەی و یاخود ئەوەی باویشە ڕەهەندی ناسیۆمالیزمی کوردیی. ناسیۆنالیزمی کوردیی دەکرێت بووترێت لە ڕووی فیکری سیاسییەوە، بێدەرەتانترین و کۆڵەوارترین ئایدیۆلۆژیای کوردستانە؛ ئەسڵەن هەر نییەتی! بەباوەڕێ من چەند خەتای حیزبە سیاسییەکانە، چەند خەتای سیاسییەکانی کوردە و چەند خەتای فەزای سیاسیی کوردییە، ئەوەندەش خەتای ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرانەیە کە قسەی جددییان لەسەر فیکری سیاسیی کوردیی نەکردوە.

کامیار، ئاماژە ئەوە دەخاتە ڕوو کە زانکۆ نێودندێکی گرینگە بۆ گەشەپێدانی فیکر و جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئێمە ڕۆشنبیرمان نییە: هەر لە زانکۆکانی دونیادا پێشبڕکێیەک هەیە لە بەینیاندا بۆ ئەوەی credit (اعتبار)ی باشتر و بەرهەمێکی باشتر و فیکری باشتر بەرهەمبێنێت. لە بواری زانستیی-شدا هەر بەهەمان شێوە و لە توێژینەوە زانستییەکاندا لەبەرئەوەی پێشبڕکێ هەیە، بەردەوام شتی باشتر بەرهەم دەهێنێت. نەبوونی خوێندنەوە لە کوردستاندا بەشێکی بەهۆی فەزا سیاسییەکەوەیە، بەشێکی بەهۆی فەزا کولتوورییە کە یەوەیەتی و بەشێکی بەهۆی فەزا دینییەکەیەوەییەتی، بەڵام لەسەرووی هەموو ئەمانەیشەوە بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نووسەر و ڕۆشنبیری کورد، ئەوەی کە خۆی بەخاوەنی ڕۆشنبیریی کوردیی دەزانێت یان بابڵێین تانوپۆی ڕۆشنبیریی کوردییان گرتووە. تۆ بگەڕێرەوە بۆ شەستەکان بۆ حەفتاکان بۆ هەشتاکان و بۆ نەوەتەکان -سەدەی ڕابردوو- و دوو هەزارەکان، خەڵکی بەتوانامان نەبووە! ڕۆشنبیرمان بە مانا ئینتێلکچواڵییەکە بەمانا فیکرییەکەی و بەمانا مەعریفییەکەی بەڕاستیی ڕۆشنبیرمان نییە! ڕاستە دەوترێت ڕۆشنبیرانی کورد، ڕۆشنبیرانی گەورەی کورد، بەڵام لاموایە بەو

> **زانکۆکانی باشووری کوردستان کۆڵەوارن و ئەمەیش لەسەردەمی دەسەڵاتی کوردیی وای لێهاتووە**

ستانداردانەی باسم کرد ڕۆشنبیرمان نییە. دەکرێت بڵێین هەندێک کەس لە بوارێکدا تایبەتمەندن و ڕۆشنبیرن لەو بوارەدا، بەڵام ڕۆشنبیر بەمانا ئینتێلکچواڵییەکەی، بەمانا فیکریی و مەعریفییە پانوپۆڕەکەی لام وایە نەمانبێت. ئەمە هۆکاری سەرەکییە کە ئەم نووسەر و ڕۆشنبیرانەی لە ڕابردوودا هەبوون، نەبوونەتە هۆکاری ئەوەی کە پێشبڕکێیەک بکرێت لە ئاستی فیکریی و کولتووریی و مەعریفیدا کە کۆمەڵێک خوێنەری جددیی دروست بکەن، پێشبڕکێ بکەن، لە پێناوی ئەوەی فیکر و مەعریفەی نوێ بهێننە ئاراوە و بەرهەم بهێنن. کۆمەڵێک نووسەرمان هەبووە، کۆمەڵێک ڕۆشنبیرمان هەبووە بە ستانداردی زۆربچووک و لۆکاڵیی، بگرە لە ئاستی شارێکدا یان لە ئاستی کومەڵێک گرووپدا هەبوون، یان ئەوەی پێیدەوترێت نوخبەی کوردیی، هەبوونە. هەمووی خەریکی دەست بەیەکەوەگرتن و بەیەکداهەڵدان بوونە و گرووپی بچووک بچووکیان دروستکردووە لە ناو خۆیاندا؛ خوێنەری جددییان زۆر کەم درووست کردوە!

ئەو نووسەرە، لەوەش دەدوێت کە زانکۆکانی کوردستان کۆڵەوارن و ئەمەیش لەسەردەمی دەسەڵاتی کوردیی ئەوهای لێهاتووە، وتیشی: لە هەموو دونیادا، دەکرێت بڵێین زانکۆ یەکێکە لە فاکتەرە هەرە سەرەکییەکانی برەوپێدانی گەشەی فیکریی، مەعریفیی و زانستییش. لە سەروی هەموویەوە ئەمە ئەگەر بەستاندارده جیهانییەکان بیپێوین، زانکۆکانی کوردستان بەشێکن لە وێرانترین و داماوترین و کۆڵەوارترین، زانکۆکانی جیهان! ئەمە بەتایبەتی لەسەردەمی دەسەڵاتی کوردییدا وای لێهاتووە؛ لە سەردەمی ڕژێمی پێشودا، ڕژێمی بەعث-دا زانکۆکانی کوردستان بە تایبەت ئەو زەمانەی زانکۆی سلێمانیی هەبوو، یەکێک بوو لە ئەرقا زانکۆکانی ناوچەکە، هەروەها زانکۆی بەغداد مان هەبوو، زانکۆی موسڵمان هەبوو، دواتر ئەوە بوو زانکۆی سلێمانیی گوازرایەوە بۆ هەولێر و هێشتا ئەو«credit»ە باشەی هەر مابوو، هەتا ڕوخانی ڕژێمی بەعث، بەڵام بەهاتنی دەسەڵاتی کوردیی پێموایە

زانکۆکانی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ و ساڵ بە ساڵ هاتنە دواوە! پاشەکشەیەکی هێجگار گەورەیان لە بواری چۆنایەتییدا کردووە، لە چەندایەتییدا ژمارەیان زۆر بووە، بەڵام کواڵتیی خوێندن لە زانکۆکانی کوردستاندا تادێت بەرەودواوە دەگەڕێتەوە؟! ئەمە لایەنی زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمی و ئنستیتوتە مەعریفییەکان.

ناوبراو، لەوەش دەدوێت کە ڕۆشبیری کورد ئەوە نەبووە ڕۆشنبیری کوردیی بخەنە سەر ڕێگەیەک توانای بەرهەم هێنانی فیکری هەبێت، جەختکردەوە: ئەوەی پێیدەوترێت ئەتمۆسفێری ڕۆشنبیری کوردیی، دووبارە لەگەڵ کۆمەڵێک دەردە سەری وکۆمەڵێک کێشەی سیاسی و فیکریی و تەنانەت مۆڕاڵی-یشدا دەرگیر دەبیت! ڕۆشنبیری کورد ئەوە نەبووە کە بتوانێت هاندەری ئەوەبێت، کە ڕۆشنبیری کوردیی، یان کولتووریی کوردیی -کولتووری کوردیی کە من مەبەستم لێرەدا Kurdish Culture مەبەستم دووبارە ڕۆشنبیریی کوردییە- بخەنە سەر ڕێچکەیەک کە توانای بەرهەمهێنانی فیکر و توانای بەرهەمهێنانی کۆمەڵێک نووسەر و ڕۆشنبیری گەنجی هەبێت، ئەم شتە دووبارە بکەنەوە و بەرهەمیهێننەوە و لایکەم نەوەیەکی نوێ دروست بێت. بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ بێدەرەتانی و کۆڵەواریی زانکۆ و ئنستیتیوتەکانی کوردستان، بەشێکی تریشی دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجە سیاسییەکە و ئەو ڕۆشنبیرییەی کەلەکوردستاندا هەیە، ئەو نوخبە ڕۆشنبیرییەی بە حساب تانوپۆی ڕۆشنبیریی کوردییان داگیرکردوە! بەشێکی زۆریان موبەیەعەچی -ئەوەی پێدەوترێت بەیعەچیی دەسەڵاتی کوردیی- بەشێکیان کۆمەڵێک خەڵکن ئیگۆ(Ego)یەکی کولتووریی و ڕۆشنبیریی واگەورەیان داوە بەسەر خۆیاندا، کە لە قەبارەی خۆیان زۆر گەورەترە! بەڵام کاتێک سەیری تێکست و نووسینەکانیان دەکەیت، بە ڕاستیی مرۆڤ بەزەیی

> **دەسەڵاتی کوردیی، کار لەسەر بە جەهلکردنی کۆمەڵەگە دەکات، کار لەسەر ئەوە دەکات کە حەماقەتی فیکریی و حەماقەتی سیاسیی گەشە پێبدات!**

بە ئینسانی کوردیشدا دێتەوە! ئەگەر ڕژێمی بەعث بەراورد بکرێت بەمانا، هێشتا لەسەردەمی ڕژێمی بەعث دا ئەوصاطی ثقافی -نێوەندی ڕۆشبیریی- لەبرەوێکی زۆر زۆرباشتردا بوو، ئەمە بەشێکی پێوەندیی بە سەردەمی ئەو کاتە و سەردەمی تەکنەلۆجیای ئێستاوە هەیە؛ بەشێوەیەکی گشتیی خوێنەری جددیی کەم بووەتەوە، ئەمە ڕاستە. ئەگەر بێینەوە سەر دەسەڵاتی سیاسیی کورد، ئەوەی کە ڤێرژنی کوردایەتیی، بە ناسیۆنالیزمی کورد کە ئێستا لە یەکێتیی و پارتیی دا جێکەوت بوونە، ئەم دوو حیزبە دەیانەوێت قورغی دەسەڵاتی سیاسیی بۆ خۆیان بکەن! لە پاڵ ئەم قورغە سیاسییەدا، قورغی ئابووریی کە بزنسێکی ئێجگارگەورەیە بە دەیان ملیارد دۆلار بزنسی نەوت و غازە؛ دەیانەوێت ئاگایی خەڵکی بەشێوەی گشتیی لە خواربێت! سەیری کادیرە کانی خۆیان بکەن، زۆر زۆر بەزەحمەت، لە ناو هەموو ئۆرگانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتیی دیموکراتیی کوردستان، زۆر بەزەحمەت چوار کادیرت دەست دەکەوێت، هەر لەباری فیکریی و سیاسییەشەوە بۆ حیزبەکەی خۆیان گەشەیان کرد بێت. وێرانەیەکە ئەو سەری دیار نەبێت! ڕانتخۆریی بە ڕادەیەک ئینسانی کوردی داوەشاندوە! ئەم ڕەیعەتخۆرییە لاسایی کردنەوەی ڕژێمەکانی خەلیجە دەیکەنەوە، لاسایی شێخ نیشینەکانی خەلیج دەکەنەوە. هەندێک کەس پێدەڵێن سوڵتانیزمی سیاسیی، هەر چەندە من پێموایە سوڵتانیزمی سیاسیی دروست نییە، تەنانەت بۆ تورکیاش. ئەوەندی پێوەندی بە سیستمە خەلیجییەکانەوە هەیە، ئەوەندە پێوەندی بە تورکیاشەوە نییە، ئەوەی کە دەوترێت سوڵتانیزمی سیاسیی زیاتر بۆ ئەردۆغان دەگەڕێتەوە، ئەردوغان-یش بە ڕاستیی دەیەوێت جۆرێک لە خەلافەتی ئیسلامیی بگەڕێنێتەوە و ببێت بە سوڵتانێک.

هەروەها، جەخت لەوەش دەکاتەوە کە: دەسەڵاتی کوردیی، کار لەسەر بە جەهلکردنی کۆمەڵەگە دەکات! کار لەسەر ئەوە دەکات کە حەماقەتی فیکریی و حەمەقەتی سیاسیی گەشە پێبدات! لە ئاستی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و کولتووریی و تەنانەت لە ئاستی هەرە خوارەوەی سێکتەکانی چڤاکی کوردیی-شدا، لەبەر ئەم هۆکارانە و هۆکاری تریش پێموایە،

بەڵێ لەوەدا راستە دەسەڵاتی کوردیی بە ئەجێنداوە کار بۆ ئەوە دەکات، ئەوەی عەلی شەریعەتیی پێدەڵێت «بە ئێستیحمار کردن»ی کۆمەڵگەی کوردیی دەکات، سودیش لەمە دەبینێت، ئەوەی پێدەوترێت گەوجاندن و کەراندن و تەهمیش کردنی کۆمەڵگەی کوردیی و بە جەهلکردنی کۆمەڵگەی کوردیی. چونکە تا خەڵک لە جەهالەت و دواکەوتوویی و نەزانییدا بێت! دەسەڵاتی کوردیی درێژەی زیاتر دەبێت.

کامیار سابیر، راشیدەگەیەنێت لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە دەسەڵاتی سیاسیی کوردیی ئێستا دەستیگرتووە بەکۆمەڵێک چەمکەوە، چەمکی ناسیۆنالیزم و چەمکی ریفراندۆم و دەوڵەتی کوردیی و سەربەخۆیی ئابووریی، وتی: ئەگەر بڵێین لە ڤێرژنی ناسیۆنالیزمدا کورتی بکەینەوە و بە دەقیقییش لە ڤێرژنی کوردایەتیی دا، سەیری دەکەی نەیارەکانی ئەم ڤێرژنە، ئەم دەسەڵاتە زۆر لاوەزە! نەیارە سەرەکییەکانیان دەکرێت بڵێین ئیسلامییەکان و کۆمۆنیزمە، جارێ لە هەموو دونیادا ئیسلامیی سیاسیی و کۆمۆنیزم ئەگەر بەرە و فەشەلی یەکجارەکیی نەچووبێتن، لە خەیری کارەسات و ماڵوێرانی زیاتر تشتێکی تریان بەدەست نەهێناوە؟! ئەگەر چاوەڕێی ئەوەبیت لە کوردستانی عێراقدا مۆدێلی یان بەدیلی ئیسلامی سیاسیی یان کۆمۆنیزم، جێگەیەک بەم دەسەڵاتە سیاسییە و بەم ناسیۆنالیزمە لەقکەن، بە راستیی ئەمە جۆرێکە لە میتافیزیکا، جۆرێکە لە خورافات! بۆ ئەوەی ئەم دەسەڵاتە سیاسییە، نەتەوەییە، ناسیۆنالیستییە...هتد، نەک بڵێین کۆتایی پێبێنین، ئەگەر بڵێین سنورداریان کەین؛

**هەرچی پارتی دیموکراتیی کوردستانە، کە هەڵگری شیعاری ناسیۆنالیزمی کوردییە و گوتاری زاڵی ناسیۆنالیزمی کوردیی بەدەستەوەیە، بۆ پارتی زیاتر مەسەلەکە تیجارەتە.**

باشترین میتۆد و باشترین ڤێرژن ئەوەی بە ئینگلیزیی پێدەوترێت پاترۆتیتیزم، دەبێت بەدیلێکی نیشتمانییت هەبێت لەسەر ئەساسی پێکەوە ژیان، لەسەر ئەساسی یەکتر قبوڵکردن، لە سەر ئەساسی یەکتر رەتنەکردنەوە، لەسەر ئەساسی تێکەڵاوبوونی نەژادەکان و دیینە جیاوازەکان و کولتووورە جیاوازەکان.. هتد، هەڵاوردنێکی سیاسیی نەبێت. بە پێچەوانەوە ئستیجامێکی کولتووریی هەبێت؛ ئەگەر لێرەوە بگەڕێیتەوە دووبارە بۆ بەدیلی فیکر، بەڵێ بەدیلێکی فیکریی سیاسیی بۆ ئەم دەسەڵاتە نییە، تائێستا. هەیە لە ئاسی زۆر بچووکدا، قسە و باس دەکەن، بەڵام منەزەم و رێکخراو، بەشێوەیەکی ئۆرگانیزە کراو، بەرای من بوونی نییە.

ئەو، دەربارەی حیزبە کوردستانییەکان دەدوێت و رەخنەی لە شێوازی خەباتی سیاسییان دەگرێت، وتی: ئیسلامییەکان حیزبی ئایدیۆلۆژیین، حیزبی ئایدیۆلۆژیی-ش لە کوردستان و لە ناوچەکەدا دووبارە بەسەر دوو رەهەندی تردا دابەشبوونەتەوە تەشەیوع و تەسەننون، بە درێژایی مێژووی کورد لە ماوەی ئەم چەند سەت ساڵەی رابردوودا، بەتایبەتیش لە دوای شەڕی چاڵدێرانەوە، پێشتریش هەروابووە ئەو تەمەڕووده کوردییانە و ئەو تەمەڕووده شێخی و عەشایەرییانە چەندێک باگراوندی نەتەوەیی یان ئەوەی پێی دەوترێت نەژادیی کوردیی هەبووە، زیاتر لەوە مۆتیڤی ئایینی هەبووە و مۆتیڤە ئایینییەکەش بە حوکمی ئەوەی ئیمامی شافیعی سەر بە مەذهەبی سووننەیە، بەشێکی زۆری ئەم بزوتنەوە سیاسییە ئیسلامییانە لەرابردوودا ئەگەر بەشێوەی مونەزەم نەبوونە یان بەشێوەی ئۆرگانیزە نەبوونە و لەدەوری مەلا و شێخ وتەسەوەف...هتد هەبوونە، بەڵام مۆتیڤە ناسیۆنالیزمەکەیان هەمیشە لەسەرووی هەموو شتێکەوە بووە. ئێستا یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، ئەوەندەی حیزبێکی مۆتیڤی سوونننییە، من دەتوانم بڵێم فاشیزمی سوونننی بەو مانایەی وەکو ئەردۆغان بیردەکاتەوانێ و خۆی لەبەرامبەر حیلفی شیعیی دا راگرتووە وشیعە بەرەوافیز و زەندیق و فئیە ضالە دەزانێت! ئەوەندە مەسەلە نەتەوایەتی و نیشتمانییەکە و تەنانەت مەسەلە دینییەکانیشی بەشێوازە گشتگیرییەکە بەلاوە گرینگ نییە. کۆمۆنیستەکان حیزبی ئایدیۆلۆژیین و لە تێڕوانینی ئایدیۆلۆژیاوە بۆ دونیا دەڕوانن، مارکسیزم و کۆمۆنیزم بۆ خۆی

لەسەر ناسیۆنالیزم بەتاڵە، بەشێوەیەکی گشتیی بەتاڵە، مارکسیزم و کۆمۆنیزم شتێکیان نییە لەسەر ناسیۆنالیزم بە خەیری ریوایاتی ئایدیۆلۆژیی و شیعاراتی ئایدیۆلۆژیی.

کامیار، رەخنەی ئەوە لە پارتیی و یەکێتی دەگرێت کە لە باری فیکرییەوە بەتاڵن و تەنها گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردییان بەدەستەوەیە و ئەم گوتارەش بێفیکرە و کەس جورئەت ناکات گوتارێکی نیشتمانیی تەبەنی بکات، جەختیکردەوە: هەرچی پارتیی دیموکراتیی کوردستانە، کە هەڵگری شیعاری ناسیۆنالیزمی کوردییە و گوتاری زاڵی ناسیۆنالیزمی کودیی بەدەستەوەیە، بۆ پارتیی زیاتر مەسەلەکە تیجارەتە. ئەم حیزبە بەهەموو مێژووی خۆی، کە خۆی بەخاوەنی قوتابخانەی سەرەکیی کوردایەتیی دەزانێت، خاوەنی دە جوملەی موفید نییە لەسەر ئەدەبیاتی سیاسیی ناسیۆنالیزم، هەر خاوەنی دەجوملەی موفید نییە. تەواوی پارتیی دیموکراتیی کورستان و تەواوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-یش بە هەردووکیان خاوەنی دە جوملەی موفید نیین، لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردیی لە ئاستی فیکرییدا دەڵێم، ئەوەی کە هەیە کۆمەڵێک شیعار و حەماسەت و خۆ گیفکردنەوە و نەعرەتەی سیاسیی و نەعرەتەی ئایدیۆلۆژیی و رەقبوونەوە لە عەرەب و فارس و تورک و جوێندان و سوکایەتیکردن بەنەتەوەکانی تر، ئەمە ناکاتە ناسیۆنالیزم، بەراستیی ناسیۆنالیزمی کوردیی ناسیۆنالیزمێکە خەریکی ئیهانە کردن و سوکایەتییە بەنەتەوەکانی تر و جوێن فرۆشیی و قسەی بازاڕیی زیاتر... بە هەموو مێژووی ناسیۆنالیزمی کوردیی، خاوەنی تێکست نییە! ئیتر چاوەڕێی چی لە پارتیی دیموکراتیی کوردستان دەکەیت، کە گوتارێکی بەتاڵ و حەتاڵە و گوتارێکی قالۆری هەیە و گوتارێکی فۆرمیی هەیە، گوتارێکی ناوڕۆکیی نییە. ئەوانەی پێیان دەوترێت ئەکادیمیستی کورد و رۆشنبیری

> **بەشێک هەیە رەخنەگری ئەم میتۆدە سیاسیی و فیکریی و ئایدیۆلۆژییەی پارتییە، بەڵام جورئەت ناکەن لەدەرەوەی گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردیی گوتارێکی نیشتمانیی تەبەنی بکەن، لێرەشدا جارێکی تر، هەر گوتاری زاڵی ناسیۆنالیزمی کوردیی بەدەست پارتییەوەیە**

کورد، ئەوەی لەسەر ئەم گەنوگۆیەی ناسیۆنالیزم دەژی و رایعخۆرییە دەژیەت، نازانی چیدەڵێن؟! هەر هەڵیتو پەڵیت دەڵێن! قسەی با زاڕی دەکەن، قسەی خورافات و شیعر و چیرۆک و پەخشان...هتد، دەڵێن. لێکدانەوەی فیکرییانە نییە، بەشێک هەیە رەخنەگری ئەم میتۆدە سیاسیی و فیکریی و ئایدیۆلۆژییەی پارتییە، بەڵام جورئەت ناکەن لەدەرەوەی گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردیی گوتارێکی نیشتمانیی تەبەنی بکەن. لێرەشدا جارێکی تر، هەر گوتاری زاڵی ناسیۆنالیزمی کوردیی بەدەست پارتییەوەیە، لە بێ زەخیرەیی نەیارەکانیدا، لە بێ تفاقی نەیارەکانیدا، لە کۆڵەواریی نەیارەکانیدایە کە ناسیۆنالیزمی کوردیی بەدەست پارتییەوەیە، هەندێکی تریش دەڵێن: ئەوەی پارتیی ناسیۆنالیزم نییە، هەر ئەمە بۆخۆی ئەو پەڕی سەرگەردانییە. ناسیۆنالیزمی کوردیی، من پێموایە راستییەکەی باشترین و سەرکەوتووترین و بەهێزترین ڤێرژنی ناسیۆنالیزمی کوردیی و کوردایەتیی ئائەوەیە کە پارتیی دیموکراتیی کوردستان بە دەستییەوەگرتووە، ئائەوەیە مورتەزیقەکانی پارتیی دیموکراتیی کوردستان لە کوردستانی سوریا کە لە ئەنەکەسەدایە یان لە دیموکراتەکانی کوردستانی ئێراندایە یان لەو حیزب و رانتخۆر و رەیعەت خۆرانەی کوردستاندایە، یان ئەو بەیعەتچیانەی کە لە کوردستانی عێراقدا، هەڵهەلە و تەپڵ بۆ ئەم ناسیۆنالیزمە لێدەدەن، ئەمانە نوێنەری راستەقینەی ئەم ناسیۆنالیزمە کوردییەن، ناسیۆنالیزمی کوردیی لە قیمەش بدەیت! لەوە زیاتری لێنابێتەوە.



هەروەها د. سیڤان سەعید، مامۆستا

لە زانکۆی«shanse siaia» لە بەشی رۆژهەڵاتناسیی لە چین، بۆ ئازادیی کۆمەڵگە هێما بۆ ئەوە دەکات کاتێک قەیرانی فیکری هەبێت فەشەلی سیاسیی دەستپێدەکات و جەخت دەکاتەوە: ئەم غیابی رەخنە و فیکرە رەخنەییە تەرجەمە دەکەیتە سەر واقیعی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی، ئەو هەموو فەیڵ (فەشەل)ە دەروست دەبێت کە ئێستا ئێمە دەیبینین، ئێستا لە کوردستاندا فەیلێکی سیاسیی گەورە هەیە، فەشەلێکی گەورەی سیاسیی هەیە لە هەموو پارتە سیاسییەکان، فەشەلێکی گەورەی ئابووریی هەیە کە ئەوە ئیتر حاشای لێناکرێت، فەشەلێکی گەورەی کۆمەڵایەتیی هەیە. لە ئەنجامی خۆ خواردنەوەی ئەم ٢٦ ساڵە دا ئەوەی بەعث پێینەکرا، بەهۆی ئەم فەشەلە هەمەلایەنەیەوە ئێستا پێیکراوە! ئەمەش دیاسان ئەو کێشەیەیە کە رەبتی بە بیرکردنەوە هەیە، کۆمەڵگەی ترمان هەیە وەک ئێمە بیرناکەتەوە، بەڵام هاوردەی فیکر دەکات و فیکر کە لەلایەن کەسانی عاقڵەوە ئەمێند واتە بەپێی کۆمەڵگەکە هەموار دەکرێنەوە، بۆ نموونە ئەو شۆڕشەی کە لە تونس کرا لەگەڵ ئەو شۆڕشەی کە لە لیبیا کراوە لە ٢٠١١ دا فەرق زۆر زۆرە، بەرهەمی ئەوەی لە تونس هەیە زۆر زۆر باشترە لەوەی کە لە لیبیا هەیە، ئەوەی لە سوریا هەیە جیاوازیی هەیە لەگەڵ شوێنی تر... دیسان بابەتەکە دەچێتەوە سەر مەسەلەی زهنییەت و چۆنێتی بیرکردنەوە و گۆڕینی ئەو خەیاڵە کۆنەی کە هەیە و رەخنەکردنیەتی بە شێوەیەکی رادیکاڵانە. دەتوانم بڵێم وەک ئیستسنایەک لە رۆژئاڤا خەیاڵێکی جیاواز هەیە و تواندراوە هەندێک تەحسینات بکرێت لەو خەیاڵە درێژەی چەندین ساڵە هەیە! بەهۆی ئەوەوە گۆڕانکارییەکی پۆزەتیڤ لە کایەی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی وئابووریی دا کراوە، ئێمە ئەمە دەبینین لە وڵاتەدا لە پێنج ساڵی رابردوودا لە رۆژئاوای کوردستان یان باکووری سوریا ئەوە هەیە .بەکورتی دەتوانم بڵێم کە پرۆسەی فیکری رەخنەیی هێشتا سەفەری وڵاتی ئێمەی نەکردووە.

ئەو لایوایە، کێشەی فیکردیی و زهینی نییە لە کوردستاندا، وتی: ئەو رێکخراوە سایکۆلۆژییە تایبەتمەندانە دەتوانن دیاری بکەن کەکێ توانای فیکریی هەیە کێ توانای نییە، کێ توانای بیرکردنەوەی هەیە یان نا؟! ئەوە لێیدەگەڕێین کە هەموو خەڵکێک لە سەر ئاستی سادە، دەزانێت کە چۆن پرۆسەی زهنیی خۆی بەڕێوەدەبات. هیچ کەسێک نییە ئەگەر برسی بێت و نزیک لە نانێک بێت مێشکی ئەوندە کارنەکات بچێت بەلای نان و خواردنەکەیەوە، بەڵام ئەگەر لەسەر ئاستی نوخبە، قسە بکەین؛ ئەگەر پرسیارەکە ئەمە بێت ئایا لە کوردستاندا قەیرانی سیاسیی فیکریی نییە، یان ئەوانەی بەڕێوەبەری کایەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی وڵاتەکەن لە قەیرانی فیکریدان! ئەمە پرسیارێکە دەبێت بیگەڕێنینەوە بۆ ئاستی نوخبە، نەک هەر کوردستان، بەڵکو لە زۆر بەی شوێنەکاندا و بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناویندا کێشەی فیکری بەو مانایە هەیە.

**من دۆستم هەیە ٣٠ ساڵ تەمەنیەتی ٤٠کتێبی نووسیووە! نازانم ئەمە هەموو هەفتەیەک کتێبێک دەردەکات؟ ئەم پرۆسە یە پرۆسەی خوێندنێکی جددیی نییە؟ بۆ ئەم کەسەی ٤٠ کتێب دەنووسێت لە ٣٠ ساڵ تەمەنیدا**

د. سیڤان، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە خوێنەری جددیی ئەگەر ئەوە بێت یەکێک پێنج کاتژمێر دەخوێنێتە و یەکێکی تر دوو کاتژمێر ئەوەی تریان کە زۆرتر دەخوێنێتەوە، ئەواین جددیی ترە، وتی: ئەمەش بۆ من جێگەی راستکردنەوەیە. هەر تاکێکی کورد، ئێستا لانی کەم ١٠ کاتژمێر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە کار دەهێنێت، کە رەبتی بە پرۆسەی زهنییەوە هەیە، چونکە گوێگرتن و بینینە، ئەمە بەکار دێنێت، بەڵام ئەمە بەرهەمی هەیە یان نا، ئەمە شتێکی ترە. لەبەرئەوە خوێنەری جددیی کەمن دەڵێم مەبەستم کواڵیتی خوێندنە، کێ دەتوانێت شتێک بخوێنێتەوە، سودی لێوەرگرتبێت و کاتی خۆی نەکوشتێ. یاخود بەهۆی ئەوەوە شتێکی بۆ کۆمەڵگەکەی زیاد کردبێت. من دەمەوێت پرسیارێک بکەم، ئایا ئێمە هیچ هەفتەیەک تێدەپەڕێت لە کوردستان بە تایبەتی لە سلێمانیی وهەولێر کە

دەیان کتێب لەوەیە بوێرم بڵێم سەدان کتێبیش دەردەچێت لە ناوەندەکانی بڵاوکردنەوەی وەک ئەندێشە و خەزەلنووس و ناوی عەجیب و غەریب، بەڵام ئایا بەرهەمی ئەوە چییە لە واقیعی کوردستاندا؟ مەسەلەن، من دۆستم هەیە ٣٠ ساڵ تەمەنیەتی ٤٠کتێبی نووسیووە. نازانم ئەمە هەموو هەفتەیەک کتێبێک دەردەکات؟ ئەم پرۆسە یە پرۆسەی خوێندنێکی جددیی نییە؟! بۆ ئەم کەسەی ٤٠ کتێب دەنووسێت لە ٣٠ ساڵ تەمەنیدا، مەجبورە رۆژی ١٠ کاتژمێرێک خەریکی کتیب و نووسین بێت، بەڵام گرینگە چی دەخوێنێتەوە؟ ئەو بەرهەمە چییە کە دەیکات؟ مراوەغەیەکی بچوکە لەسەر ئاستێکی بچکۆلە، کە هیچ رەبتی بە بەرهەم هێنانی فیکرەوە نییە! ئەمە کە نەقڵییەکەیتە ناو زانکۆ، لە زانکۆکانیش ئەوە نووسینی فەیکە(دروستکراوی بێناوەڕۆک) ئەمیش بڕینە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆاناغێکی دیکە. ناتوانم بەمە بڵێم خوێنەری جددیی یان دایمە دەخوێنێتەوە، بەڵکو مراوەغە دەکات، ئەمانە متەعەلیمن نەک بییریار، ئەمانە بییر ناکنەوە و بییریش بەرهەم ناهێنن، یەک کێشەی گەرورە کە زۆر باشە هەیە لە ناو کورددا و رەخنەی لێدەگیرێت ئەم قسەیە لەوەیە دوو بارەش بێت، بەڵام من بە شێوەیەکی تر دەیڵێم: پرسیار کردنە سەر هەر شتێک و هەڵوەشاندنەوەی ئەو شتەی لەبەر دەستدایە. وەختێک تۆ پرسیار لە ریفراندۆم دەکەیت بزانی چییە؟ عەکسی ریفراندۆم چییە؟ دیسکۆرس د ژ ی ئەو مەفهوومەدێنیت و ئەوی پێشووی هەڵ دەوەشێنیتەوە. دەبێ بزانی ئەمە چییە و چۆنە؟ ئەگەر ئەمە نەبێت ئەڵتەرناتیڤی ئەمە چی بێت؟ ئەم موشکیلەیە لە فیکری ئێمەدا و لە پرۆسەی بییرکردنەوەی ئێمەدا غائیبە! من کەسێکم دەچمە ناوکۆڕێکەوە و گوێدەگرم لە کەکۆمەڵێک خەڵک کە کۆمەڵێک فیکر وقسە و بییر و کۆتی خەڵک دێن مەسەلەن دیڕێک دێنێت لە کتێبێکی بەناوبانگی نووسەرێکی ئەمریکی یان فەرەنسیی و من تەسلیمی دەبم! تەسلیمی دەبم بەلامەوە شتێکی جوانە، دەی هێنم قسە لەسەر ئەم بابەتە دەکەم، ئەم بابەتە لە ئەوروپا، ئەمە قۆناغێکی سەرەتاییە لە ١٦ ساڵیدا دەستپێدەکات، خوێنەری جددیی لەم وڵاتانەدا لە ئەوروپادا بەم قۆناغەدا تێدەپەڕن و گوێڵەهەر شتدەگرن بەڵایانەوە گرینگە، شوێنی دەکەوێت، بەڵام لە ١٧ و ١٨ ساڵیدا بەرەوسەر ئیتر بییردەکاتەوە، نەخێر دەبێت عەکسی ئەمەش هەبێت و رەنگی جیاوازتر هەبێت قسەی لێبکات، ئەمە پێدەوترێت پرۆسەی فیکریی و خوێندنەوەی بەرهەمدار لەکاتێکدا پێوەندی بە و ژمارەیەوە نییە چەند کاتژمێر دخوێنێتەوە بەڵکو پێوەندی بەوەوە هەیە چۆندەتوانی ئەلف لە بێ جیابکەیتەوە ودوای بتوانێت بە ئەلف و بێ «ج» دروست بکەیت، ئەمە وەک سیستم و وەک پراکتیکیش حسابێکی گەورەی هەیە، بەڵام لەلای ئێمە لە زانکۆکان و لەناوەندی رۆشنبیرییدا بەو شێوەیە نییە.



# سیلی غەفار

ئازادیی کۆمەڵگە

ئا: نەجیبە قەرەداغی

ماوەی چل ساڵ و تا ئێشتاش ئەفغانستان لە ئاگری شەڕ، تاوان و جەهالەت دا دەسوتێت. سەرەتا لە لایەن سۆسیال ئیمپریالیزمی رووس داگیرکراین و دواتر لە لایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لەو چل ساڵەدا عەسکەرتاریترین و دژە دیموکراتیترین رژێمە دیکتاتۆرەکان، تالیبانە وەحشیەکان و دەوڵەتدارە دەسترۆییەکانی وەک کارزایی و غەنی ئەفغانستنیان کردە گۆڕستانی خەڵکی ئەفغانستان و دوای ۲۰۰۱ بە فەرمی لەلایەن ئیمپریالیزمی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی داگیرکرا. ساڵی ۲۰۱۵ش بە کۆڵەبارێک جنایەت و بەربەریەت بە یەکێک لە ساڵە هەرە وەحشیگەراییەکانی سەدەدا بۆ وڵاتەکەمان تۆمارکرا. ئێستا لە سەردەمی حکومەتی وەحشەتی میللی نەک وەحدەتی میللی لەبەرئەوەی کە ئەوانە درەندەییان بۆ خەڵک بەرهەم هێنا، ئەو حکومەتەی کە لە لایەن جۆن کێریەوە دەست نیشان کرا و خەڵک بە هەڵبژاردن ئەو حکومەتەی نەهێنایە سەر کار. راپۆرتەکان نیشانی دەدەن کە رۆژ بە رۆژ ئەفغانستان لە بەربەریەت دا قوڵ دەبێتەوە. زیاتر لێکدانەوە و



سیلی غەفار

هەڵسەنگاندمان لەسەر ئەمەریکایەوە لەبەرئەوەی کە ئەفغانستان لەلایەن ئەوهێزەوە داگیرکرا، چ دەسەڵاتی پێشوی کارزایی و چ ئەشرەف غەنی دەسەڵاتی دەستەکەلان. ئێمە لە خەباتمان دا یەکەم: خەڵک وشیار دەکەینەوە لە دژی ئەو داگیرکارییە و دووەم خەبات لە دژی ئەو هەموو گروپە رادیکاڵە ئیسلامیانە دەکەین کە نۆکەری وڵاتانی داگیرکەرن.

لە ساڵی ۲۰۰۱ بە دواوە لە ٪۹۰ی مادەی هۆشبەری جیهان لە ئەفغانستانەوە بەرهەم دەهێنرێت. لە ئەفغانستان ٥ ملیۆن گیرۆدە بە مادەی هۆشبەرەوە هەیە و نیوەی ئەوانە گەنجەکانن و ئەفغانستان لە پلەی سێیەمین وڵاتی گەندەڵی دونیادایە، لە لایەکی ترساڵی ۲۰۱٦ بە چوارەمین نائاسایشی دونیا دادەنێرت، دواین راپۆرتی یەکێک لە رێخکراوە جیهانیەکان لە چوار بواری پەروەردە، ئابوری، تەندروستی و کۆمەڵایەتی نیشانی دەدات کە ئەفغانستان یەکێک لە نەخوێنەوارترین وڵاتی جیهانە یەک لەوانەش راپۆرتی یۆنسکۆیە. هەموو رۆژێک خۆکوژی، تەقینەوە، کوشتن و زیادبوونی ئالودەبوانی مادەی

هۆشبەر ئەفغانستانی کردۆتە وڵاتێکی دواکەوتوو. ئامانجی پارتی هەمبەستەگی کە ئەفغانستانی یەکگرتوو و سەربەخۆ و ئاسایش و ئارام پێک بێت و کار بۆ ئەوە دەکەین کە حکومەتێکی نیشتمانی لەسەر بنەمای بەرژوەندەکانی گەلانی ئەفغانستان و لە چوارچێوەی دەوڵەتیکی سیکۆلاری نا مەزهەبی و هەنگاوی یەکەمی کە پێی هەستاوین وشیارکردنەوەی خەڵک و رێکخستنیانە بۆ ئەوەی بتوانن رۆڵ ببینن. لە ساڵی ٢٠٠٤ کە پارتەکەمان دامەزرا ٦٠٠ تا ٧٠٠ کەس بووین ئێستا ٣٣ هەزار ئەندامی فەرمیمان هەیە، ئەوەش نیشانی دەدات کە سیاسەتی ناوخۆیی حزبەکەمان و سیاسەتی دەرەکیمان لای خەڵک قەبوڵکراوە و ئیلهام بەخش بووە، هەر بەرنامەیەکمان هەبووە، خەڵک پشتوانیان لێکردوین چونکە گرێ و گۆلەکانی خەڵکمان باس کردووە و پەردەمان لەسەر جنایەتەکان هەڵداوەتەوە و بەشەفافی باسی کێشەکانمان کردووە.

پارتی هەمبەستگی لە هەلومەرجی ئێستای ئەفغانستان دا پەرلەمان وەک یەکێک لەو ئامرازانە دەزانێت بۆ ئەوەی کە خەڵک تێدا دەنگی خۆی بەرزبکاتەوە بۆ لەقاودانی ئەو سیاسەتەی لە دژیان بەڕێوەدەبرێت، بەڵام لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری دا هەڵبژاردمان بایکۆت کرد، بەڵام لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکان دا و پەرلەمان دا بایکۆتمان نەکرد، چونکە لامان وایە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە بڕاردەی خەڵک دا نیە و کاریگەری نابێت، بەڵکو ئەوانەی دەستیان لە ئەفغاستان وەرداوە دیاری دەکەن. بەڵام پەرلەمان جیاوازە، هەرچەندە بیانەوێت کۆنترۆڵی بکەن لە کاتێکدا کە زۆربەی کورسیەکانی لەدەستی ئەو جیانەتکارانەیە کە لە ٤٠ ساڵی رابردوو تاوانیان کردووو بە پارە، هەڕەشە و بە چەک و کەڵکئاوەژوو وەرگرتن لە مەسەلەی قەومیەت هاتونە پەرلەمان،

> ئەمەریکا بە داگیرکردنی راستەوخۆی ئەفغانستان، لە رووی جیۆسیاسیەوە کەڵکیان لێکوەرگرت

بەڵام لە هەندێ لە ویلایەتەکان دا کەسی ئازادیخواز بە دەنگی خەڵک دەتوانن بێنە ناو پەرلەمان و بۆ ئەوەش خەڵکی ئەفغانستان کەڵک لەو دەرفەتە وەردەگرێت و پارتی هەمبەستگیش خەڵک بۆ ئەو رێکخستن دەکات. لەگەڵ رێخکراوەکانی تر پشتوانی یەکتر دەکەین لە پەرلەمان داکۆکی مافی خەڵک، مافی مرۆڤ و ژنان دەکەین. بۆ ئەوەی دەنگی ئازایخوازان بگەیەنین دەمانەوێ بەشێویەکی هاوبەش کار بکەین و لە ژێر چەترێکی یەکگرتوودا پێکەوە کار دەکەین و لە بارەیەوە دانوسانمان هەیە، بۆ ئەوەی لەسەر هەندێ سیاسەتی گشتی ئەفغستان رێک بکەوین و بتوانین کار بکەین، بەڵام هەمیشە هێڵی سورمان هەبووە کە هەموو ئەو هێزانەی دەمانەوێ بەشێوەیەکی هاوبەش کاریان لەگەڵ بکەین لە پێناوی ئەفغانستانێکی ئازاد و سەربەخۆ دا، دەبێ دان بە وەدان بنێن کە ئەفغنستان داگیرکاکراوە و هەروەها دادگایی کردنی ئەوانەی کە ساڵانی رابردوو دەسیان لە تاوان دا هەبوو و لە ساڵی ١٩٧٩ەوە تا ئێستا لەسەرکار بوون بە تایبەتی بزوتنەوە جهادیستەکان و تاڵیبانیەکان و دەسترۆژییشتویکەکانی ئێستای دەوڵەت. باوەڕمان بەوەیە کە دەبێ مافی ژنان و پیاوان وەک یەک بن، چونکە بێ بەشداری چالاکانەی ژن ئەفغانستان ناگاتە ئارامی و خۆشگوزەرانی و هیچ شۆڕشێک سەرناکەوێ. ئەوەش یەکێک لە مەرجەکانمان کە هەرکەس دێتە ئەو بەرەیەوە بە کردەیی بیسەلمێنێت کە کار بۆ ئازادی ژن دەکات و تەنیا هەر بە قسە و دروشم نابێت وەک حکومەتی وەحشەتی میللی بە قسە باسی مافی مرۆڤ و خەڵک دەکات، بەڵام لە کردەوەدا لاقیان دەخشێ و هیچ هەنگاوێک نانێن.

ئەمەریکا بە داگیرکردنی راستەوخۆی ئەفغانستان، لە رووی جیۆسیاسیەوە کەڵکیان لێکوەرگرت کە بیکەنە جێیەک سیاسەت و بەرژوەندی خۆیان و لە رێی ئەفغانستان سیاسەتیان لە هەرێمەکە بەڕێوەبەرن. هیچ کاتێك لە ئەفغانستان بەرنامە و پرۆژەیەکی ژێرخانی ئابوریان نەبووە کە ئەفغانیەکان لەسەر پێی خۆیان راوەستن، بەڵکو لە ٢٠٠١ بە ملیۆنان یۆرۆ، دۆلار و پارەی دیکە هاتۆتە ناو ئەفغاستان لە ژێر ناوی بیناکردنەوەی ئەفغانسستان دا، بەڵام هەموو ئەو پارانە خوراوە لە لایەن ئەو کەسانەی کە ئەفغاستان بەڕێوەدەبەن یان پارەکانیان رەوانەی بانکەکانی دەرەوە کردووە و ژیانی خەیاڵیان بۆ خۆیان دروست کرد. هەموو جیهان بەوە دەزانێ، نایانەوێ کە پرۆژەی بونیادنەر بەرهەمبێنێ و خەڵک لەسەر پێی خۆی راوەستێ چونکە ئەگەر حکومەتێکی نیشتمانی پێک بێت

ئەوانە ناتوانن بێنە ئەفغانستان و لە رێی ئەفغستانەوە ناتوانن پەرە بە پرۆژە ئابوریە شومەکانیی خۆیان بدەن، ناتوانن بگەنە نەوتی خەزەر یان کەڵک لە سەرچاوە سروشتیەکانی ئەفغانستان، وەک خەڵوزی بەردین و کانگاکانی تر وەرگرن، ئەوانە هەمیشە هەوڵیانداوە بەو سیاسەتە نیولیبراله خەڵک دەستی سواڵکەریان بۆ درێژ بکەن.

بانکی دراوی جیهانی بەو قەرزەی دەیدات بە ئەفغانستان دەیەوێ وڵاتەکەمان بکاتە سیستەمی نیولیبرال و وڵاتێکی بەرخۆر و وای لێدەکات کە بە بێ پارە و بە بێ هاوکاری دەرەکی نەتوانێ هەنگاویکیش بەرەو پێشەوە بنێت و هیچ داهاتێکی ناوخۆیی لە سەرچاوە ئابوریەکانی خۆیەوە نەبێ. ئەگەر ئەمڕۆ کشتوکاڵی وڵات بەرەو پێشەوە بچێت ئەوە دەتوانی خۆی بژێنێ، چونکە ئەفغانستان وڵاتێکی گەورەیە. ئەگەر کەڵک لە کانگاکان و ئاوی ئەفغانستان وەرگیرێت نەک هەر ئەوەی کە ئەفغانستان تێر دەکات تەنانەت دەتوانین وزەی کارەبا بنێرین بۆ دەرەوەش، بەڵام دەسەڵاتدارەکان ئێستا بە ملیۆنان دۆلار پەترۆل دەکرن و لولەی نەوت رادەکێشن، بەڵام کەڵک لە بەنداوەکانی ناوخۆیی وەرناگرن بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا.

وەزیری دارایی کە کاتێ لەپەرلەمان داوای روون کردنەوەیان لێکرد کە بۆچی پرۆژەی بەرهەمهێنانی وزە لەسەر بەنداوەکان جێبەجێ ناکات ئەو وتی « ئەگەر پرۆژەی وەها بکەم بانکی دراوی جیهانی قەرزمان پێنادات». ئەو بانکە نایەوێ وڵاتە هەژارەکان پێشبکەون. تەنانەت لای منداڵێکی ئەفغانستانیش ئاشکرایە کە پرۆژە ئابوری چۆن لە لایەن بانکی جیهانیەوە لە وڵاتانی هەژار جێبەجێ دەکرێت کە بەرژوەندی و قازانجی خۆیانی تێدابێت نەک خەڵکی هەژار. ئەفغانستان هیچ سەربەخۆییەکی بڕیاردانی نیە ئەوەی بڕیار دەدات لەسەر سیاسەتی ئابورییەکەی بانکی دراوی جیهانی، وڵاتە ئیمپریالیستیەکانی وەک ئەمەریکایە،

> **پارتی هەمبەستەگی ئەفغانستان لە دژی ئاشتی نیە، بەڵکو خەڵکی ئەفغانستانیش ئاشتیان دەوێ**

بانگەشە دەکەن کە پرۆژەیان هەبووە بۆ بوژاندنەوەی ئەفغانستان، بەڵام کامە پرۆژەکانیانە؟ پرۆژەی بچوکیان کردووە بەو پارانە، کاتێ پارەکان تەواو دەبێ پرۆژەی کورت مەوداو کورتخایەنەکانیشیان کۆتایی دێت. ئەوانەشی لەسەر کورسی دەسەڵاتن لە ئەفغانستان هیچ کاتێک پلانی ئابوریان نیە، تەنیاش بۆ ئەوەی کە کورسیەکانیان لە دەست نەچێت، ئەو پلان و پرۆژانەی هەیانە نەک بۆ خەڵک بەڵکو لەگەڵ بانکی جیهانی دا بۆ بەرژوەندی خۆیانە.

هۆکاری سەرەکی هەژاریی خەڵکی ئەفغانستان چ لە رووی سیاسی و چ ئابوری، چ کۆمەڵایەتی و کەلتوریەوە کە ئێمە بەرەو دواکەتویی و بەربەریەت دەچێن دەستی وڵاتانی ئیمپرالیستی تێدایە کە بنکەی خۆیان لە ئەفغانستان دامەزراندووە، بەرنامەی کۆلۆنیالیستی و سیاسەتی شومی خۆیان بەرەو پێشەوە ببەن. ئەگەر بانکی جیهانی، یان وەزارەتی دەرەوە یان ئابوری بێت یەک مەرجەعن و یەک بڕیارن، بانکی جیهانی بڕیار دەدات پرۆژە لە کوێ بکرێت و پارەکان چۆن خەرج بکرێت. راستە وەزارەتەکانی وەک دارایی، ئابوری، کشتوکاڵ هەیە، بەڵام پلانێکی رووکەشیان هەیە نەک قوڵ، ئەو سیاسەتە تەنیا لە ئەفغانستان نیە، بەڵکو لە وڵاتانی تریش هەروایە. دیارە عێراق لە کاتی داگیرکاری دا لە ساڵانی دوای ٢٠٠٣ هەمان پلانیان لەوێ جێبەجێ کرد. تەنیا بە قازانجی خۆیان و سیاسەتی نیۆلیبرال و بانکی جیهانی دا تەواو بوو.

پارتی هامبەستەگی ئەفغانستان لە دژی ئاشتی نیە، بەڵکو خەڵکی ئەفغانستانیش ئاشتیان دەوێ، بەڵام نەک لە سەر حسابی دادوەری. ئەگەر دادوەری نەبێ ناتوانین باسی ئاشتیەکی هەمیشەیی بکەین. کاتێ دەڵێین لە دژی پەیمانگەلێکین لە ژێر ناوی ئاشتی دا ئێمە دەڵین بۆ خەڵەتاندنی خەڵکە ئەو پەیمانە کە لەگەڵ حکمەتیار، خەڵک پێی دەڵێ رۆکێتیار چونکە لە کاتی شەڕی ناوخۆیی ئەفغانستان دا ٢٠٠ رۆکێتی بە کابلەوە نا، ئەو وەک جەلادی کابل دەناسرێت کە دەستی بە خوێنی خەڵک سورە، دەبێ دادگایی بکرێت لە سەر ئەو تاوانانەی لەبەرامبەر خەڵک کردوویەتی. بەڵام دەسەڵات دەیەوێ لێی ببورێت بەو رێکەوتنانەی لەگەڵی دا دەکرێت و هەموو دەرفەتی دارایی دەخەنە بەر دەست و فەرماندارارە تیرۆریستیەکان ئازاد دەکەن و ئەوەش تاوانە لە بەرامبەر خەڵکی ئەفغانستان و پێشێلکردنی ئاشتیە. باوەڕمان وایە کە بە هاتنی رۆکێتیار بۆ کابل

لە جیاتی ئەوەی کە هەڵقەی تەواوی سەر جینایەتکاریەکانی خەڵک بە بیر بێنێتەوە، هیچ دیکەی بۆ خەڵک پێ نیە. مێژوویی ئەو حزبە ئیسلامیە تەنیا خوێن، کوشتن و جینایەتە، لەگەڵ هەر هێزێکی کە ڕێکەوتنی کردبێت لە پشتەوە خەنجەری لێداوە و پەیمانەکەی شکاندووە.

حزبی ئیسلامی لە ١٥ ساڵی رابردوودا لە ئەفغانستان حوکمیان کردووە و لە سەرکورسی دەسەڵات بوون، بەرپرسی نوسینگەی کارزائی وەزیری رۆشەنبیری بووە و ژمارەیەکیش وەزیریشیان هەبوو و نزیکەی ٣٠-٣٥ کورسیان لە پەرلەمان هەیە، بەڵام لە راستی دا فەرماندار و ئەو حزبە ئیسلامیانە کە لە دەسەڵاتدا بون و جگە لە کوشتار و خۆکوشتن چ شتێکیان بۆ خەڵکی ئەفغانستان نەکرد. لەو ١٥ ساڵە ئەوانە لە دەسەڵات بوون و هەموو رۆژێک کاری خۆکوژیان دەکرد و بە فەرمی بەرپرسیارن و دانیان بەوەدا ناوە. ئەگەر ئەوانە دیسان بە شێوەیەکی فەرمی لە ئەفغانستان درێژە بە چالاکایەکانیان بدەن ئەوە وەک ئەوەیە کە لەو دەرفەتە کەڵک وەرگرن. لە رووی سەربازی، سیاسی و ئابوری و رێکخستنی خۆیان قایم دەکەن و باندی تیرۆریستی دادەمەزرێن و خوێنی خەڵک دەرێژن. بەهۆی ئەوانەوە دەنگی خەڵکی ئازادیخواز، دیموکراتیخوازان کپ کراوە و ویستویانە زەبری لێبدەن و سەرکوتی بکەن. وەک هەموو جارێک ئێمە بەربەستی ئەوانەین بۆ ئەوەش زیندانی دەکرێن و ئەشکەنجەمان دەکەن و سوکایەتیمان پێدەکەن.

ماوەی ٤٠ ساڵە خەڵک لە شەڕ ماندووبووە و لە دەسەڵات بێزارن و رووبەڕووی هەژاری، بەدبەختی، چارەڕەشی و نەداری دەبنەوە، بەڵام رێخراوەیەکی بەهێز پێویستە کە خەڵک رێکخستن بکا و وشیار بکاتەوە و داوا لە خەڵک بکات کە بەرگری بکات، بزوتنەوەیەکی بەرگری پێویستە کە خەڵک هەستێنێتەوە، تەنیا هێزی پێشڕەو دەتوانێ ئەو توانایەی خەڵک ئاراستە بکات. لە ٤٠ ساڵی رابردوودا هێزی پێشڕەو و پێشکەوتوخوازی گەل هەبوون، بەڵام هێزە ئیمپریالیستەکان بە داگیرکردنی ئەفغانستان هێزی کۆنەپەرستی ئاییینیان دروستکرد و خەڵکیان لە سیاسەت دوورخستنەوە و رێیان لە هێزی کۆنەپەرستی ئیخوانی کردەوە و پشتوانیان لێکردن و هاوکاریان کردن کە لە رێی ئەوانە بە سیاسەتی خۆیان بگەن.

> **ئەگەر لەدۆخی ژنانی ئەفغانستان بڕوانین، دەبینین کە چەندین ساڵە لەژێر ستەمی چەندین لایەندان، هەندێک لەمانەش لەژێر ناوی رزگاری ژناندا دەکرێت**

لە لایەکەوە داگیرکەرانی رۆژئاوایی و لە لایەکی تر هێزە دروستکراوەکانی وەک تالیبان و داعش بێ گومان وڵاتانی دراوسێی وەک ئێران و پاکستان بە تایبەتی رژێمی ئاخوندی و ویلایەتی فەقهی ئێران ماوەی ٤٠ ساڵە دەستی خوێناویان لە ئەفغانستان دا هەیە. لە ساڵانی ١٩٩٠کان ئێران هاوکاری هەشت رێکخراوەی ئیخوانی دەکات لە ئەفغانستان و هاوکاری بۆ ئەوانە دەنێرێت کە شەڕ دەکەن. مەسەلەی مەزهەبییان دەگەشاندەوە و لە لایەن هێزە قەومیەکان و مەزهەبیەکان نۆکەرەکانیان دەبوژاندەوە بە تایبەتی لە لایەن ئەو «روناکبیرە» خۆفرۆشانەی کە سەر بە هەمان رژێمن و پێگەی ئێران و پاکستان رەوا دەکەن و هەمیشە لە خزمەتی ئەو رژێمانەدا بوون. کەسانی ئەفغانی وەک کازم کازمی و هەندێک لەوانە داکۆکی لە جینایەتیەکانی ئەو دەوڵەتانە دەکەن و رای گشتیان بەلارێدا برد، وایان تێگەیاندن کە ئێمە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی دراوسێ گوایە پەیوەندیمان هەیە، بەڵام ئەوانە خۆیان دەستیان بە خوێنی خەڵک سورە. بەم دۆخەی ئێستا ئەفغانستانی تێدایە سەدی سەد لە خزمەت داگیرکەراندایە.

ئەگەر لە دۆخی ژنانی ئەفغانستان بڕوانین دەبینین کە چەندین ساڵە لە ژێر ستەمی چەندین لایەندان، لە ژێر ناوی رزگاری ژنان دا کاتێ داگیرکەر هاتنە ناو ئەفغانستان زیاترین تاوانبارییان لە بەرامبەر کرا. یەکەمیان ئەوە بوو کە هێزەکانی نۆکەر و وابەستەیان هێنایە سەر دەسەڵات، دووەم لە ژێر ناوی مافی ژن و مافی مرۆڤ هەندێ هێز و رێکخراوەیان دامەزراند کە پارەیەکی زۆریان بۆ رژاندن کە ژنانی ئەفغانستان پروپاگەندەیان بۆ بکەن و تەنیاش پرۆژەی رووکەشیان دارشت یان وەزیری ژن و ناردنی ژن بۆ پەرلەمان یان دانانی ژن لە پۆستی والی تەنیا نمایشیانەیە کە گوایە ژنان ئازاد بوون و بە ئامانجی خۆیان گەیشتوون.

یەکێک لە بەڵگەکانی ویکیلیکس کە

سی ئای ئەی بڵاوی کردەوە تێدا هاتووە « بۆ ئەوەی کە داگیرکاری بە ئەفغانستان بە قەبوڵکردن بدەن دەبێ ژنان لە راگەیاندن دا نیشان بدرێ کە رەزامەندن لە وڵاتانی رۆژئاوا» ئەوەش نیشان دەدرێ ئەو کارانە تەنیا بۆ پڕوپاگەندە دەکرێت ئەو ژنانەش وەک سەمبولی ژنانی ئەفغانستان نیشان دەدرێت، بەڵام بزوتنەوەی ژنانی ئەفغانستان بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازیە و لە ساڵی ٢٠٠١ دەستی پێنەکردووە بەڵکو پێشتر کەسایەتی و بزوتنەوەی زۆربەهێزمان هەبووە وەک ئەمانوڵا خان و مەلەکە سورەیا کە تابۆیان شکاند لە زەمانی پادشاییەتی ئەفغانستان کە یەکەمین خوێندنگەی ژنان و یەکەم راگەیاندنی ژنانی دەرکرد. یەکەم رێکخراوەی ژنانیان دامەزراند، رێکخراوەی « راوا « یەکێکە لەوانە ٤٠ ساڵ خەباتی کرد. رێبەرانیان تیرۆرکرا و خەباتێکی ماندوونەناسانەیان کرد. ئەگەر ئەمڕۆ بانگەشە دەکرێت کە ژنانی ئەفغانستان ئازاد بوون ئەوە تەنیا نمایشییە، بانگەشە دەکەن کە ئەگەر ئەفغانستان لە دەست رۆژئاوا و دەوڵەتەکانی ناتۆ دەربچێت ئەوە مافی ژنان لە ناودەچێت! ئەو مافەی کە بە بازووی ژنان بەدەست ناهاتبێ ئەوە بێگومان لە ناودەچێت. دیارە بزوتنەوەکانی رزگاریخوازی ژنان هەمیشە لە ئەفغانستان چالاک بوون و ئێستاش چالاکن بە تایبەتی لەم دواییانەدا لە گەڵ بزوتنەوەی فەرخوندە « ژنێک بوو بەبانگەشەی سوتاندنی قورئان بەردباران کرا، کوژرا، سوتێنرا»، بەڵام ژنان بەشێوەیەک کە لە مێژوویی ئەفغانستان دا نەبووە تابۆیان شکاند و تابوتی فەرخوندەیان نایە بان شانیان و بەخاکیان سپارد. ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆری رێکخراوە و بزوتنەوەی ژنان هەن کە زۆر و پەرش و بڵاون، رێکخراوی ناحکومی هەن، بەڵام رێکخراوی راوا و دەزگاکانی بن چەتری ئەو رێکخراوە زۆر چالاکن، ئەنجومەنی دادخاهانی ژنان هەن کە چالاکن کار بۆ ژنانی قوربانی دەکەن و، کەسایەتی ژن هەن کە سەربەخۆ کار دەکەن.

سەبارەت بە بزوتنەوەکانی رزگاریخوازانەی کوردستان کە ماوەی ٤٠ ساڵە لە ئارادایە و کورد لە بەشەکانی تری کوردستان زۆر قوربانی داوە، بەڵام ژنانی کوبانێ و خەباتی رۆژئاڤا سەمبولی خۆڕاگرییە لە جیهان و ئومێدبەخش بوو بۆ هەموو بزوتنەوەکانی جیهان و بۆ ئێمەش. بزوتنەوەیەکە لە ئاستی جیهان دا کە ستەم و زوڵم قەبوڵ ناکات و بەهێز و بازووی خۆی خەبات دەکات و لەو سەردەمەی کە ژنانی کوبانێ لەگەڵ پیاوان لە سەنگەری شەڕدا رۆڵیان بینی و سەلماندیان کە رۆڵی راستەقینەی ژنان چیە و لەکوێ دایە؟. سەلماندیان کە ژنان تەنیا کاری ماڵ ناکەن و تەنیا منداڵ بەخێوناکەن، بەڵکو ژنان شانبەشانی پیاو دەتوانن لە هەموو بوارەکان و سەنگەری خەبات دا چالاک بن لە پێناوی ئازادی و رزگارکردنی وڵاتەکەیان. ساڵانێکی درێژە ئاگامان لە خەباتی گەلی کوردستانە، ئاگادارین لەوەی وڵاتانێکی وەک رژێمی فاشیستی تورکیا و رژێمی ئاخوندی ئێران کە هێرش دەکەنە سەر خەباتکارانی کورد وەک زنجیرە سێدارەکانی تێکۆشەرانی کورد وەک فەرزاد کەمانگەر و شیرین عەلەم هولی و خەباتی کورد لە ناوچە کوردنیشتەکانی سوریا کە لە هەرچوارلاوە گەمارۆدراون، ئەوە ئەرکی بزوتنەوەکانی ئازادیخوازی جیهانە کە پشتوانی بکەن لەخەڵکی کوردستان، چونکە ئەو خەباتە لەپێناو تێکشکاندنی زنجیری کۆیلایەتی و دکتاتۆری و بۆ ئازادی وڵاتەکەیانە و ئێمەش وەک پارتێکی پێشکەتخواز بە ئەرکی خۆمان زانیوە کە خەڵکی کوردستان سوپاسمان نەکەن چونکە ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە بەجێی دێنین تا ئەو ئاستەی خوێنی خۆشمان بدەین و تەنیا بە هاوپشتیکردنی یەکتر لە خەبات و لە ئاستی ئەنتەرناسیۆناڵ دا دەتوانین کاریگەری ئیمپریالیزم بشکێنین.

لەگەڵ بەشەکانی جۆربەجۆری کوردستان لە باکور، رۆژهەڵات و باکور پەیوەندیمان هەیە و پشتوانیان لێدەکەین و زۆر وانەی گەورە لە خەڵکی کوردستان فێربووین بە تایبەتی لە خەبات بۆ رزگاری ژنان و لە کۆت و بەندی کۆیلایەتی بە تایبەتی لە رۆژئاڤا کە چۆن ژنان خۆیان لەرێی دادگاکانی خۆیان، بەخەباتی خۆیان بەرەنگاری توند و تیژی خێزانی دەبنەوە و تەنانەت لە ئاسایشی ژیانی کۆمەڵگەدا بەشدارن. وەک پارتی هەمبەستەگی ئەفغانستان کەڵکمان لەو ئەزمونانەی ئەوان وەرگرتووە و لامان وایە کە دەبێ ئەو ئەزمونەی ئەوان زیاتر بە خەڵکی خۆمان بناسێنین. هەر ئێمە نین، بەڵکو گروپی تریش هەن کە پشتوانی لەگەلی کورد دەکەن لە ئەفغانستان. بزوتنەوەی ئازادی گەلی کوردستان بزوتنەوەیەکی ئەنتەرناسیۆنالە.

# گەلی کورد دەتوانێت لەئێران و ناوچەکەدا گۆڕانکاری دیموکراتیك بەدی بێنێت



ئازادیی کۆمەڵگە
ئامەد شاهۆ

دەرئەنجامی عەقڵیەتی دەسەڵاتداری هێزە هەژمۆن خواز و بەرژەوەندگەراکانی جیهان و ناوچەکە قەیران و گێژاوی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی تا دەڕوات بەرۆکی ناوچەکە دەگرێتەوە و ئەو دۆخەش ناوچەکە بەرەو شاڵاوی نائارامی و ناساقامگیری رادەکێشێت. لەبەر هۆکاری نەبوونی پرۆژەی دیموکراتیانەو ئاشتیخواز لەلایەن داهێنەرانی قەیرانەوە دیاردەکانی تیرۆر، کوشتن، رفاندن، گرتن، ماڵوێرانی، ئاوارەیی و برسێتی و قەیران رۆژ لەدوای رۆژ پەرە دەستێنێت و گەلانی ئازادیخوازی ناوچەکە دەبنە قوربانی ئەو سیاسەت و دەرهاوێشتەکانی پلان و بەرنامە نادیموکراتیەکانیان. یەک لەو وڵاتانەی کە لەتەشەنە سەندنی قەیران و ئاڵۆزی لەناوچەکەدا خاوەن رۆڵە، رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. کۆماری ئیسلامی لەدەستپێکی شۆڕشی گەلانەوە لەساڵی ١٩٧٩ی زاینی لەناوخۆ هێزی هەڵقولاو و ماتەوزەی شۆڕشی دیموکراتیکی گەلانی لەپێناو ئامانجە پراگماتیستیەکانی قواستوەتەوەو لەبەرانبەر ئەو فاکتەرانەی کە شۆڕشی دیموکراتیکی گەلانیان ئافراندووە کەمتەرخەم و تەنانەت هێزی پاکتاوکار بووەو دوای ئەزموونێکی شکستخواردوو دەیەوێت ئەو ئەزموونەی بە سەر ناوچەکەدا تاق بکاتەوە. هاوکات لەبەر

> **رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەلایەن وڵاتانی کەنداو و یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکا بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە لەناوچەکەدا پاڵپشتی لەتیرۆر دەکات**

نەبوونی دیالۆگ لەنێوان کۆمەڵگە و دەوڵەتدا، پەیوەندییەکی یەک لایەنە و باوکسالاری نوێ لەئێران هاتووەتە کایەوە کە ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی بایەخێکی زۆر بەخۆبوونی تاک . هاوڵاتی لەسەر مۆزاییکی دیموکراتیکی گەلان نەدرێت.

لەکاتێکدا گونجاوترین رێکار ئەوە بووە کە هەر تاک . هاوڵاتیەکی ئێران لەهەر گەل و جوگرافیایەکی کولتووری نەتەوەیی هاتبێت، دەبێت بتوانێت پێناسەی شووناسی خۆی بکات. بە هۆی دەستەبەر نەکردنی هەلومەرجی لەبار بۆ گفتگۆی نێوخۆیی گەلانی ئێران بۆ خۆ دەربڕین لەرووی هزری و کلتووریەوە دانوستانی دیموکراتیک و ئاشتیانە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە نەکراوە و ئەوەش وڵاتی بەرەو ئاقارێک هانداوە کە لەئامانجەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران دوور بکەوێتەوەو فاشیزمی مەزهەبی رژێمی ئێران باڵ بە سەر ناوچەکەدا بکێشێت. هاوکات بۆ بەلارێدابردنی شۆڕش و کۆنترۆڵ کردنی دەستکەوتەکانی گەلان هەم لەناوخۆی وڵات سیاسەتی سەرکوت و چەوساندنەوەو تۆقاندنی تا بە ئەمڕۆکە لەبەرزترین ئاستدا پەیڕەو کردووەو لەسیاسەتی دەرەکیشی دا خۆی وەک وڵاتێکی دیموکرات و نوێخواز نواندووەو لەبەرامبەر دژبەرانی خۆی سیاسەتێکی نەرم و میانڕەویی پەیڕەو کردووە.

سەرەڕای ئەوەش رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەلایەن وڵاتانی کەنداو و یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە لەناوچەکەدا پاڵپشتی لەتیرۆر دەکات و لەقووڵکردنەوەی شەڕ و ئاڵۆزیەکان لەلوبنان، یەمەن، ئێراق و سوریا پشکی شێری بەرکەوتووە. بەهێزبوون و پشتگیری لەهێزە تیرۆریستیەکان لەلایەن سوپای پاسدارانەوە سەرجەم هێزە هەژموون گەراکانی ناوچەکە و جیهانی لەبواری پەیوەندی ئابووری و دیبلوماسیەوە خستوەتەگەڕ تا سنوورێک بۆ دەستێوەردانەکانی رژێمی ئێران بۆ سەر ناوچەکە دابنێن.

دوای هاتنی ترامپ قۆناخێکی نوێ دژ بە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەستپێکرد و هاوکات کردەوەکانی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەناوچەکە بووەتە هۆکار کە گەمارۆکانی سەر رژێم روو لەزیادبوون بکەن و لەئاستی سیاسەتی دەرەکی دا بە بڵاو کردنەوەی ئەوەی کە کێ هاوکاری نەیارانی رژێم بکات بە شەڕ دژی خودا یا گەندەڵی سەر زەوی (محارب یا مفسد الارظ) لەقەڵەمی دەدات ئەوا رێژەی نەیارانی هەم لەدەرەوەو هەم لەناوخۆ زیاتر دەبێت.

رژێمی ئێران لەناوچەکەدا بە دروست کردنی هلالی شیعە و پشتگیری لەهێزە تیرۆریستیەکان دەیەوێت حاکمیەت و هەژموونی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێت و هاوکات شەڕی مەزهەبی و تایفی و قەومی لەناوچەکەدا تەشەنە پێ بدات تا بەو چەشنە ئامانجەکانی دەستەبەر بکات و خۆی وەک وڵاتێکی بەهێز و سەرکەوتوو نیشان بدات. بەڵام عەرەبستانی سعوودی و هاوپەیمانانی دژ بە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک هێڵی سوورنە کەوتنە جووڵە و کار گەیشتە ئەو ئاستەی کە پەیوەندی دیبلۆماتیکی نێوان دوو لایەن رابگیردرێت و بۆ سنووردارکردنی دەستێوردانەکانی ئێران بۆ سەر ناوچەکە ناتۆ وڵاتانی

> **پێویستە کۆماری ئیسلامی لەبواری وزەی ناوەکی و دروست کردنی چەکی ناوەکی میکانیزمەکانی کۆنترۆڵ کردن لەسەری زیاتر بکرێت**

عەرەبی دژ بە ئێران پێک بێنن. سەردانی دۆناڵد ترامپ بۆ عەرەبستانی سعوودی و گەمارۆکانی دوایی سنای ئەمریکا ئەو پەیامەی بە ئێران دا کە ئەمریکا و هاوپەیمانانی دژایەتی خۆیان دژ بەئێران راستەوخۆ دووپات کردەوەو ئیدی دەستێوەردانەکانی ئێران بۆ سەر ناوچەکە لەلایەن زلهێزە جیهانیەکانەوە پەسەند ناکرێت و بە پێکهێنانی بەرەیەکی سوونە بە دەستپێشخەری هەندێک وڵاتی عەرەبی ئامادەکاری بۆ دەستێوەردانی ناوخۆیی سەر ئێران دەکرێت و لەناوچەکە ئەگەری ئەوە هەیە کە شەڕی مەزهەبی دەربازی قۆناخێکی نوێ ببێت. بۆیە گەلی کورد لەو دۆخەدا هێڵی سێهەم وەک تاکە رێگای چارەسەری ئاشتیانە دەگرێتە بەر و پاڵپشتی هیچ هێز و لایەنێکی دەرەکی ناکات کە دان بە مافی رەوای گەلی کورددا نانێن.

ئەوەی شایانی باسە کە لەنێوان ئەمریکا و کاربەدەستانی وڵاتانی عەرەبی . ئیسلامی لەهەرێمەکەدا لەسەر ئەگەری دەستێوەردان و گەمارۆکان بۆ سەر ئێران هاتووچۆیەکی چڕوپڕی دیبلۆماتیک لەئارادایە، هاوتەریبی ئەوەش دیالۆگ و گفتگۆ لەئاستێکی بەرز لەگەڵ وڵاتی رووسیا سەبارەت بە پێویستی پاشەکشێی خێرای ئێران لەو شوێنانەی لەهەرێمەکەدا داگیری کردووە، بەتایبەت پاشەکشێی لەسوریا وەک کلیلی چارەسەری کێشەکانی داسەپاندن، بێکاریگەرکردن و لاوازکردنی هەبوونی ئێران و هەروەها هەڵوێستێکی سیاسی بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و رووسیا بۆ ئێران دەسەپێنرێت. هەروەها وتەکانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەو رۆژانەی دواییدا کە رایگەیاندبوو پێویستە کۆماری ئیسلامی لەبواری وزەی ناوەکی و دروست کردنی چەکی ناوەکی میکانیزمەکانی کۆنترۆڵ کردن لەسەری زیاتر بکرێت و پاڵپشتی و هاوکاری خۆیان بۆ ئەو هێز و گرووپانەی ناوخۆ دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران راگەیاند، ئەوەش مەترسیەکانی پەلکێشی شەڕ بۆ ناوخۆی ئێران زیاتر دەکات و ئەگەری ئەوە هەیە کە ئێران گیرۆدەی دۆخی سوریا و ئێراق بێت.

لەلایەکی تریشەوە دوو هێزی هەژموون گەرای ناوچەکە وەک ئێران و تورکیا سەرەڕای کێبڕکێیەکی ناوچەیی کە خاوەن پێگەی مێژوویی و ئایدیۆلۆژین و وێڕای ناکۆکی قووڵی سیاسی، سەبارەت بە دۆخی کورد خاڵی هاوبەشیان هەیەو

لەسیاسەتی دژە کورددا ئەگەری ئەوە هەیە کە زیاتر لەرابردوو لەیەک نزیک ببنەوەو لەهەمان کاتیشدا لەبەر بابەتی مەزهەبی و هێڵبەندی لەناوچەکەدا دژ بە یەک بوەستنەوە. بەڵام سیاسەتی نوێ پەرگالی جیهانی بۆ پێکهاتنی ئامانجە ستراتیژیەکانیان لەمۆدێلی نوێی رۆژهەڵاتی ناوین و سنووربەندیە نوێیە سیاسیەکان، ئێران و تورکیەش دەگرێتە ناوخۆی. روون و ئاشکرایە کە ئەو وڵاتانە خۆیان لەئامانجی دەستێوەردانی دەرکیدان و بەو سیاسەتانەی پەیرەوی دەکەن ئەگەری دەرکەوتنیان لەبازنەی قەیرانی رۆژهەڵاتی ناوین زۆر ئەستەمەو ئەوەش دەستێوەردان و گوشارەکان بۆ سەریان روو لەزیاد بوون دەکات. تایبەت لەوەها رەوشێکدا بازنەی هەڵبژاردەی بەردەم ئێران سنووردار و زۆر تەنگە، ئەوەش ئێران وا لێدەکات کە بە ناچاری رێکارێک هەڵبژێرێت تا لەناو هاوسەنگیە جیهانی و ناوچەیەکان بەردەوامی بە هەبوونی خۆی بدات، ئەو دۆخە نیشان دەدات کە دەرفەت و دەرەتانی گرنگ بۆ کوردان هاتووەتە ئاراوە کە داگیرکەران چەندێک خاڵی هاوبەشیان دژ بەکوردان هەیە، ئەوەندەش ناکۆکی و ئاڵۆزی و پارچەبوون لەنێوانیان هاتووەتە ئاراوە.

لەوەها دۆخێکدا یان دەبێت ئێران تەسلیمی سیاسەتەکانی پەرگاڵی نوێ جیهانی بێ؛ تایبەتیش لەبواری قەیرانی رۆژهەڵاتی ناوین ببێت و خۆی لەناو ئەو پەرگاڵەدا بتوێنێتەوە، یان دەبێت بە هەموو هێزیەوە دژ بەوە رابوەستێت. لەرەوشێکی بەمشێوەیەشدا دەرفەتی کێبڕکێیەکی سەقامگیر بۆ ئێران لەئارادا نییە و وێڕای قووڵایی قەیرانە ناوخۆییەکان ئەو وڵاتە بەرەو لەناو چوون و گۆشەگیری سیاسی زیاتر هاندەدات. کردەوەکانی رژێمی ئێران ئەوە دەخاتە ڕوو کە لەباشترین هەڵبژاردە کە دەتوانێ ئێران بکاتە هێزێکی بەکاریگەر لەناوچەکەدا

> **هێرشەکەی سەر تاران ئەوەی خستەڕوو کە ئێران تا ئێستا پاڵپشتی لەتیرۆر کردووە و خۆی لە قەرەی چارەسەری دیموکراتیکی کێشەی گەلانی ئێران نەداوە**

کە هەمان کرانەوە و گۆڕانکاری دیموکراتیکە خۆی دوور رادەگرێت. چۆن سیاسەتەکانی ئەم دەوڵەتە تا ئێستا ترس و دڵەڕاوکێ لەویستی دیموکراتیکی گەلان و هێزە کۆمەڵایەتیەکان لەناوخۆ دروست کردووە کە ئەمەش بازنەی قەیرانە ناوخۆییەکان گەورەتر دەکاتەوەو دەرفەتی دەستێوەردانی دەرەکی بۆ ناوخۆی ئێران زیاتر دەکات. بۆیە دەبێت کاربەدەستانی رژێم ئیدی لەو دەستەواژە و زهنیەتە دەست بەربدەن کە ئێران دوورگەیەکی ئارام لەناوچەکەدایە و بە دوورخستنەوەی شەڕ لەسنوورەکانی خۆی ناتوانێت پەرە بە تەمەنی دەسەڵاتداری خۆی بدات. چۆن چەندێک لەئاستی دەرەکی گوشار و ناڕەزایەتی دژ بە ئێران رووی لەزیادبوون کردووە بە هەمان ئەندازەش گوشاری ناوخۆیی و ناڕەزایەتیە مەدەنیەکان لەپەرەسەندندان.

هێرشی گرووپێکی داعش لە ٧ی حوزەیران بۆ سەر مەزارگەی خومەینی و پەرلەمانی ئێران لەتاران ئەوەی خستەڕوو کە ئێران تا ئێستا پاڵپشتی لەتیرۆر کردووە و خۆی لە قەرەی چارەسەری دیموکراتیکی کێشەی گەلانی ئێران نەداوە. بۆیە ئەو هێرشە هۆشیارییەکی جددی بۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران بووەو دەبێت ئیدی ئێران خۆی وەک دوورگەیەکی ئارام لەقەڵەم نەدا. ئەو هێرشە سەلماندی کە ئێران لەلاوازترین ئاستی بەرگریدایەو کێشەی ماف و دیموکراسی و نەتەوەکانی ئێران زۆر جددییە. هێزەکانی هاوپەیمانی دژ بە ئێران لەسەرەتای پرۆژەکانیان بە رێگای کاراکردنی پارت و گرووپە ناڕەزاییەکانی ئێران و کوردستانی دەیانەوێت ستارتی دەستێوەردان بۆ سەر ئێران لێ بدەن و یان ئێران ناچار بە پاشەکشێ لەو ناوچانەی کە داگیری کردووە بکەن. هەر چەند ئێران بە هێنانەوەی حەسەن رۆحانی بۆ سەر پۆستی سەرۆک کۆماری ئەگەری دەستێوەردانەکانی سەر خۆی لاواز کرد، بەڵام بە هێرشی دوایی بۆ سەر تاران نیشانی دا کە وڵاتانی کەنداو، ئەمریکا و ئەورووپا لەدەستێوەردانی سەر ئێران جددی و پێداگرن. هەڵبژاردنی چەند کەسی کورد لەناو شانەکانی داعش نە شتێکی لەناکاو و بێبەرنامە بووە. بە هەڵبژاردنی ئەو چەند کەسە کوردە کە سووننە مەزهەبن نیشانی دەدات کە دەخوازرێت لەنێوان دوو هێڵی سووننە و

شیعە شەڕ و ئاڵۆزی دابگرسێت. هاوکات ئەو کەسانە لەناو ئەو هێزە سەلفیانەدا سەریان هەڵداوە کە بە ساڵان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەرفەتی خەبات و ڕێکخستن کردنیان بۆ فەراهەم دەکرێت و ئێستاش ڕژێم دەبێت باجی ئەو کردەوانەی خۆی بەو شێوە بداتەوە.

ئەگەر ئێران لەو هێرشە هەند وەر نەگرێت ئەوا دۆخی سوریا و ئێراق داوێنی دەگرێت، یان ئەگەر ڕژێم لەژێر ناوی ئەوەی کە ئەو کەسانە پەلاماری سەر پەرلەمان و مەزاری خومەینی یان داوە کورد و سوننە مەزهەبن، بکەوێتە ناو شەڕی دژ بە کورد و سوننە مەزهەبەکان ئەوا خۆی ڕووبەڕووی شەڕێکی ماڵوێرانکەر دەکات. دەبێت ئێران ئەوە باش بخوێنێتەوە کە تاکە هێز و نەتەوەیەک کە ئێستا چالاکانە دژ بە داعش لەئێراق و سوریا لەناو شەڕدایە، شەڕڤانان، پێشمەرگە و گەریلاکانی کوردستانن. واتا کورد تاکە هێزێکە کە دژ بە داعش لەناو جەنگدایە و ئێستاش دەرفەتی ئەوە هاتووە کە ڕژێم لەپێناو چارەسەری دیموکراتیکی کێشەی کورد هەنگاوی کرداری هەڵبگرێت و بە جێگای دروست کردنی کەشوهەوای ملیتاریستی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان مەجال بۆ هێز و لایەنە کوردیەکان بڕەخسێنێت. نە بە پێچەوانەی ئەوەی سوپای پاسداران بۆ وڵامدانەوەی هێرشە تیرۆریستیەکەی تاران لەکرماشان و کوردستانەوە مووشەک ڕەوانەی شاری دێرەزوور لەسوریا کە ناوەندی چەتەکانی داعشە بکات و کوشتنی کۆڵبەران و هێرش و پەلاماری سەر گوندنشینان و چالاکانی مەدەنی و هاوڵاتیان پەرە پێ بدات.

کۆماری ئیسلامی بە ڕێگای هەر دوو باڵی میانڕەو و بەرژەوەندخوازەکان لەهەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری دا هەوڵی دا هێزی گەلان بە تایبەت ژنان و گەنجان فریو بدات و بە بەکارهێنانی دروشم و سەمبۆلی پۆپۆلیستی قەیرانی ناوخۆیی پەردەپۆش بکات. سیناریۆی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری و شووڕای شار و گوندەکان ئەوەی خستەڕوو کە گەلانی

**لەهەڵبژاردنەکاندا کۆمەڵگە بە شێواز و ئاستی بەشداری خۆی لەهەڵبژاردنەکان دا هەڵوێستێکی هۆشیارانەی جیا لەکاربەدەستانی ڕژێم گرتەبەر**

ناوخۆی ئێران نە لەگەڵ سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دان و نە لەگەڵ دەستێوەردانی هێزە دەرکیەکاندان. ئەوەش هاوتەریب بوو لەگەڵ هەڵوێستی پژاک و کۆدار کە نە چاوەڕوانی دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکانە و نە ئەو بارودۆخەی ئێستاش کە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بە سەر گەلان سەپێنراوە پەسەند دەکات و لەو باوەڕەدایە کە سەرجەم کێشەو گرفتەکان تەنیا لەڕێگای پێشخستنی دیموکراسی و ئاشتییەوە چارەسەر دەکرێن و تەنیا ئەوەش دەتوانێت ڕێگا لە فاشیزمی ناوخۆیی ئێران و دەستێوەردانی دەرەکی بۆ سەر وڵات کە ماڵوێرانی بەدوای خۆی دێنێت بگرێت.

لەهەڵبژاردنەکاندا کۆمەڵگە بە شێواز و ئاستی بەشداری خۆی لەهەڵبژاردنەکان دا هەڵوێستێکی هۆشیارانەی جیا لەکاربەدەستانی ڕژێم گرتەبەر. کۆمەڵگە لەبواری دیارکردنی بەڕێوەبەرانی هەرێمی زۆر هەستیار جووڵایەوەو زیاتر لەسەرۆک کۆماری بۆ هەڵبژاردنی شورای شار و گوندەکان ئامادەیی و بەشداری نیشان دا و ئەوەش پەیامێکی گرنگ و ڕاشکاوانەی بۆ کاربەدەستانی ڕژێم تێدا بوو. کۆمەڵگە و نەتەوەکانی ئێران بەو هەڵوێستەی لەهەڵبژاردنی بەڕێوەبەرانی هەرێمی گرتە بەر نیشانی دا بەرەیەکی گرنگی گەلان لەبەرانبەر بەرەی دەسەڵات و دەوڵەت شێوەی گرتووە. بۆیە دەبێت لەم دۆخە هەستیارەدا سەرجەم حیزب، بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕووناکبیران، بیرمەندان و پسپۆڕانی سیاسی و فکری، چ لە کوردستان و ئێراندا بە هەستی شۆڕشگێڕانە، خاوەندارێتی لەداخوازی ڕەوای گەلانی ئێران بکەن و دامەزراندنی میکانیزمی خەباتی هاوبەش لەسەرجەم گۆڕپانەکانی تێکۆشاندا بخەنە ڕۆژەڤی خۆیانەوە و بە بەشداری کارایان دەرفەت و دەرەتانی پێویست بۆ ئاواکردنی پلاتفۆڕمی هێزە دیموکرات و چەپەکانی گەلانی ئێران بدەن.

چۆن لەوەها کەشوهەوایەکدا کە تاک و کۆمەڵگە لەکوردستان و




ئێران لەبەر نەبوونی ماف، ئازادی، یەکسانی کۆمەڵایەتی و کەرامەتی مرۆڤی لەمەنگەنەی تواندنەوەو پەتی سێدارەی هێزە دەسەڵاتدارەکان دەناڵێنن و هەروها لەهەلومەرجێکدا کە رژێمی کۆماری ئیسلامی مانەوەی خۆی لەپێشێلکردن و ئینکارو نکۆڵی پێکهاتەو نەتەوەکانی ناوخۆی ئێران و مەزهەب و ئاین و ئاینزا و هێڵە فکریەکان پێناسە دەکات و لەکاتێکدا کە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەهەبوونی خۆیدا بەرەو ژیانەوەو تێپەڕبوون بەرەو داڕشتنەوەی سیاسی نوێ دەچێت، تاکە رێگای رزگاری لەو دۆخە تەنیا بە یەکدەنگی، هاوئاهەنگی و پێشبردنی خەباتی هاوبەش لەلایەن ئەو هێزانەوەیە کە بە دامەزراندنی دیموکراسی رادیکاڵ لەکوردستان، ئێران و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست باوەڕیان هەبێت، دێتە دی.

ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران لەم دۆخە هەستیارەدا خواستی دیموکراتی گەلان و خەڵکی ئێران بە هەڕەشە بۆ سەر خۆی نەزانێت و بۆ دەرچوون لەقەیران، پرۆسەی ئاشتیانە و رێگە چارەی دیموکراتیک بگرێتەبەر ئەوا دەتوانێت بەرگری لەدووورەپەرێزی سیاسی خۆی و هەروەها پەلکێش نەکردنی قەیران بۆ ناو دەسەڵاتەکەی بکات و لەدەرباز بوونی شەڕ بۆ ناوخۆی ئێران رێگری بکات. هەڵبەت پێشکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی لەئێران پێویستی بە گۆڕانی تیروانینەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر هێزە کۆمەڵایەتیەکانی ناوخۆی ئێران و خواستە دیموکراتیەکانیان هەیەو پێویستە بە شێوازێکی عەقلی و لۆژیکیانە مامەڵە لەگەڵ ئیرادەی ئازادیخوازی گەلانی ئێران دا بکات. ئەگەر کوردی ئەمڕۆ لەسوریا و رۆژئاوای کوردستان دەتوانێت گەمە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی ناوین بە لەبەرچاوگرتن و پاراستنی شوناسی سیاسی . کۆمەڵایەتی خۆی بگۆڕێت بەراشکاوی و متمانەوە هەمان گەل بە پراکتیزەکردنی فکر و رامانی رێبەر ئاپۆ دەتوانێت گۆڕانکاری دیموکراتیك لەناوچەکە بە تایبەت لەئێراندا بەدی بێنێت. بە پێچەوانەوە کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر سیاسەتی سەرکوت، گرتن، کوشتن، لەسێدارەدان، تۆقاندن، پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و تواندنەوە بەردەوام بێت و لەم قۆناخەدا کە رووبەڕووی ئەگەری دەستێوەردان بووەتەوە، گۆڕانکاری بنەڕەتی و یاسایی پێک نەهێنێت، شوناسی نوێ کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران هەروەها ماتەوزەی شۆڕشگێڕی گەلی کورد لە سەرجەم گۆڕەپانەکانی ئێراندا توانای گۆرانکارییەکی کۆمەڵایەتی مەزن و دیموکراتیزە کردنی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستانی دەبێت.

# مرۆڤ و شارستانیەت دناڤبەرا ئاڤەدانی و وێرانکاریێ دا



ئازادیی کۆمەڵگە
ئەکرەم خالد ئەبدولکەریم(سەید ئەکرەم)

لدیف داخویانیێن زانا و شارەزا، پەیدا بونا مروڤان، ل سەر گویا زەمین ڤەدگەریتن، بۆ چەندین ملیار سالان ژ بەریا نوکە ! دیتنا پشکا هەرەزورا زانایان ئەوە، دبێژن دنیا ژهیرکەلەبێ ماک(مادە) ی، ل ژمارتنێ ناهێتن دروست بوویە، ب تێهنا زور مازنا گەرمیێ پەقیایە ! شوینواریێ ڤێ پەقینێ تاکو نوکەژی هەستیێ دهێتن کرن ! دەمێ ڤێ پەقینێ ڤەدگێرن بو دوو ملیار سالان، بەریا نوکە ! بەلێ لێکولینێن هویرتریێ ڤێ پەقینێ ڤەدگێرین، بو سەردەمێن زور دویرتریێ، زانا لسەر هندێ پێکهاتنە، ئەو پەقین ڤەدگەریت، بەریا پازدە ملیار سالان. لێ دیسان زانا ل سەر هندێ دکوکن، دروست بونا گویا زەمین ڤەدگەریتن بو بەریا ئێک ملیار سالان، چ درێکا وێ کوما ستێرادا بیتن یا دبێژێ گاکێش، یێن کو دەملدەست پشتی پەقینێ پەیدا بووین یان بهندەک ئەگەرێن دی بن ... رۆژ و کوما ستێرێن خورشید، کو بەریا چار ملیون و شەش سەد هزار سالا بەریا نوکە دروست بووینە، سەرهلدانا ژیانێ، ل سەر روێن عەردی، ل دیڤ ڤان رویدانان دهێتن ! ل سالا ( ١٩٥٤ز ) زانایێ ئەمریکی (ئیلسۆسترنبورک بارگ هۆرن) لناڤ گابەرێن کەڤن، یەکەم جهێ بەکتریایێ و وردەکاریێن وێ دان دیار کرن، گەهشت وی ئەنجامی سێ ملیار و نیڤ سالان، بەریا نوکە ژیان هەبویە ل سەر عەردی، هەردیسان دا دیار کرن، ل سەر روێ عەردی، بەریا دوو ملیار سالان چ بونەوەر نەدژیان، ژبلی بەکتریایێ. خانە (بەکتریا) بەریا ملیارەک و چارسەد هزار سالان، گەشە کریە و بویە پێکهاتەک و ناڤ کریە ب (ئەکاریوت) و هەمی بونە وەرەک و مروڤ ژ ڤێ پێکهاتێ دروست بوینە !! ئەڤێ خانێ بهاریکاریا چەند بەکتریایێن دی ئێکدوو گرتیە و تویەکا بەکتریا دروست کریە، ئەڤ تویکە بەریا (٨٠٠) ملیون سالا دروست بوویە و ئەڤە دبیتن قوناغەکا بنەرەتی بو گەشەکرنێ و بەرەڤ پێشڤەچوونێ، لێ ئەڤ تەپکێن دروست دبوون دشلبوون، نەدشیان زور ژیانێ ببەن دهشکاتێ دا و زوی دحەلیان، لەومانێ پێزانین لسەر بدەست نەدکەڤتن، لێ بەریا شەش سەد ملیون سالا پێشیا نوکە، ئەوان تیڤلەکێ سەدەڤێ بخو دروست کر، ئێدی لدەمێ دمرن ژی بەردێنێن موکوم لشوینا وان بجە دمان و ڤان بەردێنان خاندن لسەر دهێتن کرن ... یەکەم کەس شیابیتن بروهنی، گەشەکرنێ بخوینیتن و لێکولینان لسەر بکەتن، زانایێ بەریتانی ( چارلس رۆبیرت داروین ) بوو. ل سالا( ١٨٥٩ز) ئەنجامێن لێکولینێن خو بەلاڤ کرن.

پشتی خانێ گەشەکری، تویەلێن مازنتری ژێ پەیدابوون و دبێژێ (فیلۆس یان فیلا ) مروڤ ژڤێ فیلاێ پەیدابوویە ... بربرەدار یەکەمین نمونا وایە، نێزیک (٥٥٠ ) ملیون سال بەریا نوکە پەیدا بوینە. بەریا (٤٥٠) ملیون سالا گیا لسەر عەردی پەیدا بو، پاشی پێشکەڤتن کەڤتێ، بەریا (٣٧٠) ملیون سالا گورین بسەر بربرەداران داهاتن و هندەک خشوک ژێ پەیدا بوون، هندەکان ژ ڤان خشوکان خو کێشا ئاخێ و خو لسەر عەردی گونجاند، بەریا( ٣٠٠) ملیون سالا جارەک دی خشوکان خو کێشا ناڤ ئاڤێ، تاکو سەدەڤ لدور هێکا خو پەیدا کری، لدیڤدا شیا هێکا خو لسەر عەردی دانیتن و بژیتن ! یەکەم شیردەر کو مروڤ ژی دگریتن، بەریا( ٢٢٠) ملیون سالا پەیدا بوو، سەد ملیون سالان بەریا نوکە، خشوکان کیسێن ئاڤێ لناڤ زکێ خو دروست کرن، بەرێ خو (زاروک) لناڤ پاراست و ئەڤە دەستکەڤتەکێ زورێ مەزنبوو ! بەریا حەفتێ ملیون سالان یەکەم شیردەر بناڤێ (رەدە) پەیدا بوو، مروڤ ژی سەربڤی شیردەری یە. لوی دەمی داینەسور دەستهەلاتدار بوون لسەر هەمی دونیایێ و بەریا (٦٥) ملیون سالان ژ نشکەکێ داینە سور هاتن بەرزەبوون، ئەگەرێ بەرزەبونا

وان تاکو نوکە نەهاتیە زانین. هندەک زانا وەسان ددەنە دیار کرن، گابەرەکێ مەزن بسەر عەردی دا هاتە خارێ و ئەڤێ گابەری پالەپەستویەکێ مەزن دروست کر و ئاڤا دەریا زور بلند کر، تەپوتوزەکا زور پەیدا بوو، بۆ ئەگەرا هندێ داینەسور مرن و نەشیان بژین، هوسان بیاڤەکێ خوشێ ژیانێ پەیدا بو، دا خشوک و شیردار بژین !! چونکی مەترسیا داینەسوران ژ سەر رابۆ، ئەو گیاندارێن مێشک مازن شیان بهزراخو، خو ب پارێزن و مەیموین (نیندارتال) ئێک ژوان بویە خوپاراستی، کو مروڤ ژ ڤێ گیانەوەری دروست بویە. بەری پێنج ملیون سالان ئەڤ گیاندارە بو گیاندارەکێ شیردەر، رەنگێ وێ وەکی مەیمینکا نوکە بویە. ئەو مەیموینکا مروڤ ژێ دروست بوی دگوتنێ (ئوسترالۆپیتک) لسەر دوو پیان دچوو، پێش دوو ملیون سالا لقەکا دیا نیندارتالا پەیدا بو، دگوتنێ (هوموهابیلیس)، ئەڤ مروڤە یەکەم کەس بو ئامیرێ ژ بەری دروست کری داهێنای، بەریا ڤێ چەندێ مروڤێ گیا و پاشماوێن گیاندارێن مری دخارن... پاشی ئەڤ مروڤە شیا نێچیرێ بکەتن و بەرەڤانیا خو بکەتن ژ گیاندارێن دورندە ! بەریا ملیونەک و شەش سەد سالان پولەکێ دیێ مروڤان پەیدا بۆ، دگوتنێ (هومواركتۆس= مروڤێ لسەر پێی )، ئەڤە یەکەم نیندارتال بو ل ئەفریقیا ژیای و ئەڤە دبیتن یەکەمین نیندەرتال، مێشکێ وی تەمەت مێشکێ مروڤێ نوکە بویە. بەریا (٣٠٠)هەزار سالان ئەڤ مروڤە هەبوویە. لسالا ١٨٥٦ز یەکەم جهێ مروڤێ نیندەرتال ل ئەلمانیا، ل شیڤا (نیاندەر) هاتە دیتن. ل دەستپێکێ مروڤێ نیاندەرتال ل کیشوەرێ ئەفریقیا، ئاسیا، ئەوروپا پەیدابوون، پاشی بەستەلوکێن جەمەدێ حەلیاین و ئاستێ ئاڤا دەریا نزم بوی، ل جهێن دی ژی بەلاڤبوون، وەکی کیشوەرێ ئەمریکا و ئوستورالیا.

بەریا هەشت سەد سالان (پ.ز) بەستەلوکێن بەفرێ گویا زەمین بەردا و بەفرێ دەست ب حەلیانێ کر، ئەو تەنگە رێکێن کیشوەرێ ( ئەوروپا، ئاسیا، ئەفریقیا ) ب کیشوورێ ( ئەمریکا و ئوستورالیا) ڤە گرێداین نەمان، چونکی ئاستێ ئاڤا دەریا زور ژ سەر رویێ عەردی

> ## ل سالا ( ١٩٤٨ز) شوێنەوارناس (روبیرت جی بردوود ) ل باشورێ کوردستانێ شارستانیەتا گوندێ "چەرمو"دیت

بلند ببوو، ئێدی دان و ستاندن و هاتن و چوون دناڤبەرا وان دا نەما ... پشتی جارەک دی ئاستێ تاڤا دەریا داهاتی و ئاڤ و هەوا سروشی بوی، وەکی دەمێ نوکە، ئێدی مروڤان دەست ب دروست کرنا ئالەتێن جوت و کێلی و خو پاراستنێ کر، کشتوکال و پیشەسازی وەرارەکا باش ب خوڤە دیت، هوسان پێشکەڤتن کەڤتە هەمی وارێن ژیانێ و ژمارا خەلکی بئاستەکێ زور هاتە زێدە کرن، بەریا هەشت هزار سالان (پ.ز) ژمارا مروڤان لسەر رویێ عەردی گەهشتە چار ملیار مروڤا، ئێک ژ هەشتێکا مروڤان ل روژهەلاتا ناڤین دژیان، ل وی دەمی ل هەرێما میزوبوتامیا ژیان بەرڤ پێشڤە بویە، گەنم و جە و دانێ دی دچاندن و کوم دکرن، بو سالا لدیڤدا، پشتی بیستان و زەڤیێن وان یێن چاندنێ زێدەبوین، ئێدی ئەو پێتڤی پاراستنێ بوون، لەومانێ ئەوان یەکەیێن خۆ پاراستنێ دروست کرن، زێرەڤانی ل کشتوکالێ خو دکرن، تاکو ژ لایێ خەلکی کشتوکالێ وان نەهێتن چنین و رەڤاندن ! ل دیڤدا شارستانیەت (بژیرڤانی) هاتە دروست کرن و پێتڤیێن ژیانێ، بونە ئەگەرێ پەیدابوونا پیشەسازی و کار هاتە لێکڤە کرن، واتە چەندایەتی و جوراتیا کاری پەیدا بوو .

لسالا ( ١٩٤٨ز) شوێنەوارناسێ ئەمریکی بناڤێ ( روبیرت. جی. بردوود ) ل باشورێ کوردستانێ شارستانیەتا گوندێ (چەرمو) پەیدا کر، ئەڤ باژێرە (٨٠٠٠پ.ز) هاتیە ئاڤەدان کرن و ژیان لێ هاتیە برێدا برن. ل دەستپێکا (٧٠٠٠پ.ز) ژیانێ پێشکەڤتنەکا باش بخوڤە گرت و ئاڤدانی و خودان کرنا گیاندارێن کەهی دەستپێکرن، ل دیڤدا (٦٠٠٠پ.ز) تەکنیکا کاری بەرەڤ پێش دچیتن و سیرامیک دئاڤەدانیێ دا، دهێتن بکار ئیناندن و پاشی چنین و رستن و دورین دەستپێ دکەتن ... ل (٥٠٠٠ پ.ز) ئێدی سومەری دەست بداناندنا دەولەتێ و ئاڤاکرنا شارستانیەتێ دکەن، ل دولا میزوبوتامیا و دەوروبەرێن هەردوو رویبارێن دیجلە و فوراتی. هەرلڤی دەمی سومەریان ژ قوماشێ بهێز چاروکە دروست کرن و کرنە پەردە بو بەلەمان و پێ هاتن و چوون کرن ل سەر هەردوو رویباران، ئەڤ دەڤەرە هەر ل زەمانێ زور کەڤن، خوشیەکا زێدە تێدا بوویە، ل دیڤ داخویانیێن سومەرێن کەڤن و پەرتوکێن پیروز ( تەوراتێ ) د گوتە ڤێ هەرێمێ بەحەشتا (عەدن )، سومەریان بەریا(٤٠٠٠پ.ز) ئاسن دادیار کرن و دپیشەسازیێ کارێ هاتە کرن. هەر ل ڤێ دەمی و ل جهێ ئێگرتنا هەردوو رویباران، سومەریا باژێرێ (ئور) ئاڤا کر

و ئەڤە دبیتن ماسترین باژێر هاتیە ئاڤا کرن، ل شارستانیەتا وی دەمی. هەرل وی سەردەمی، دروست کرنا ڤەخوارنان (بیرە ) هاتە دروست کرن و بازرگانیێ دەست پێ کریە، ل ناڤبەرا سومەری و مسریان ... دیارە پەیوەندیێن جیرانی و مروڤایەتی ل ناڤبەرا ڤان دوو شارستانیەتان زور دخوش بوینە. هەردیسان سومەریان ل (٣٠٠٠پ.ز) نڤێسین دادیار کرن و ئەڤ دیار کرنە بو وان دبیتن پێنگاڤەکا زور باش ژبونا پێشڤە چوونا شارستانیەتا وان.

ل روژهەلاتی سومەریان، عیلامیان کو پایتەختێ وان شوش بویە پەیوەندی دگەل ئێک دروست کرن و لروژئاڤایێ وان میتەرانی(فینیقی) هەبوون، لوەلاتێ کەنعان (فلستینا نوکە) باژێرێ (ژریکۆ) ئێکە ژ باژێرێن فینیقیان. لێ شارستانیەتا وان نەدگەهشتە شارستانیەتا ( سومەر، مسری) یان، ل دیڤدا ل سالا (٣٠٠٠پ.ز) شارستانیەت پەیدابوو ل ئەوروپا و هند و سینێ ... ژمارا خەلکی لدەمەکی چارملیار کەس بوو، ل دیڤدا بۆ پێنج ملیار کەس، لێ ژ ئەنجامێ لەهی و هوریانێن مەزن و کارەساتێن سروشتی، ل چاخێ دەستێ کرنا نڤێسینی (٣٠٠پ.ز) داشکەستنەک دژمارا مروڤان دا پەیدا دبیتن و تەنها چاردە ملیون مروڤ ل سەر روێ عەردی بساخی مان، ل ڤێ دەمی کشتوکال و پیشەسازی و ئاژەلداری زور پێشدا دچیتن و نەخاسم پاش ئاسن هاتیە دیار کرن ... لەومانێ ژمارا مروڤان ژی زور زێدەدبیتن و سەرژمێرا مسرێ (دولا نیلی) بتنێ دگەهیتن دوو ملیون مروڤان، ل دەوروبەرێن سالێن (٢٥٣٠پ.ز) میسریان دەست بدروست کرنا ئەهرامان کرن، درێژیا هەر هەرەمەکێ( ١٤٧ )متر و لایێن دەوروبەرێن (٢٢٨)متر بوینە، ل سەر چوار هێکتارا عەردی ئاڤابون، ( ٢٣٠٠) بەر لئاڤاکرنا هەر هەرەمەکێ چوینە و هەربەرەک سەنگاوان دوو تەن و نیڤە ! پشتی تەمام بوونا ئەهرامان وەزعێ شارستانیەتا مسرێ پاشدا دڤریتن، ئەگەر ژی دڤریتن بو هندێ بەگزادێن مسری زور بوون و ئێدی فەرمانێن ناوەندێ جێ بجێ نەدکرن و دەولەتا وان لاواز دبیتن ! سومەری بەروڤاژی مسریان بون، ل ڤێ دەمی ئابورێ وان باش بوو، سەرژمێرا مروڤێن وان گەهشتە ملیونەک و دوو سەد هزار کەسان، ئەوان پەرستگەهەک هەبو دگوتنێ (زیگورات) ژ ئاجورا (خشتە) دروست کربوو، لنێزیک سالا ٢٨٠٠پ.ز ئاستێ هەردوو روبیاران ب بلندیا هەشت میترا بلند دبیتن و کارەساتا

**حامورابی یەکەم، دەستهەلاتا ئاسایی لبابل داناند ، ل سالا١٥٣٠پ.ز، دەستێ خو داندە سەر هەمی دەڤەرا میزوبوتامیا**

نوحی(توفان) دروست دبیتن ! ل وی دەمی شارستانیەتا سومەر بنئاڤدبیتن و زیانێن زور مازن دگەهن خەلکی و ژمارەیەکا زور کێم ژ خەلکێ نەشارەزا رزگار دبن ! هەردیسان بەریا ڤێ مێژوویێ ژی دوو جار لێمش پەیدا دبیتن و ئەڤ لێمشتە زیانێن زور مازن پەیدا دکەتن، لوی دەمی لێمشت نەگەهشتبو مسرێ، لەومانێ ئەوان مفایەکێ زور ژڤێ رەوشی وەرگرت ... ئەکەدی هندەک تیرەیێن مروڤێن خوریا دورگەیا عەرەبی بوون، ئەو ژ یەمەنێ هاتن و ل خاریا دولا هەردوو رویبان خوجە بوون، مهاجری دەوروبەرێن وەلاتێ سومەریا ببوون، ل ئەنجامی ل (٢٣٤٠پ.ز) ئیمپراتوریەتا خو داناند ل دولا میزوبوتامیا، برێبەریا (سەرگۆن)، ئەڤان هەمی وەلاتێ سومەریان و ئیلامیان داگیر کرن، دگەل هندەک دەڤەرێن دی یێن باشورێ روژهەلات و روژئاڤای دا، ل سالا (٢٢٨١-٢٢٥٤پ.ز) دەولەتا ئەکەدی، ب رێبەریا (نارامسین) زور ب دەستهەلا کەڤت، لێ کێماتیا دەستهەلاتدار نەشیا ب درێژی دەستهەلاتا زورانەیا گەلێن ( سومەری و عیلامی ) بکەن و ئیمپراتوریەتا وان دوماهیک پێ هات ل (٢١٨٠پ.ز) و تەنها باژێرێ ئور ل ناڤ دەستی وان دا ما، ل سالا (١٧٢٨-١٦٨٦پ.ز) حامورابی یەکەم، دەستهەلاتا ئاسایی لبابل داناند، ل سالا(١٥٣٠پ.ز) دەستێ خو داندە سەر هەمی دەڤەرا میزوبوتامیا، هیتیان ل سالا(١٣٨٠-١٣٤٦پ.ز) دەست بڤەکرنێن خو کرن، ل روژهەلاتا ناڤێن ب سەروکاتیا (سوپیلولیوما) دبن دەستهەلاتا ئێکێ، ل دولا میزوبوتامیا و دەستهەلاتا میتانیان ژبن دبەن. باژێرێ ( تروا) لمسرێ لدەمەکی زور پێش دکەڤیتن و دبیتن خودان دەخل و دانەکێ زور مازن، لەومانێ لدەمێ ژیان بیاڤێ یونانیان بەرتەنگ دکەتن ل (١٢٠٠پ.ز) باژێری دورپێچ دکەن و پاشی دستینن، ل (١٠٠٠پ.ز) یونان و میسوبوتامیا لبن تارێ بوون، شارستانیەتا کریک و مەسەلون دبارێ ژناڤ چونێ دا بوون، یونانی ژبەر لاوازیا خو دپاشداڤەگەرانێ دا بوون، خەلکێ وەلاتێ کەنعان کەڤتن بن دەستێ (هیکسوس) و پاشی مسریان دەست داندنەسەر هەمی ئاخاوان، گەلێن پشت دەریای (ئاسیا روژهەلات) لڤی دەمی بسەر هەرێمێ دا گرتن و هندەک باژێر دروست کرن لوەلاتێ فلستینێ،

زمانێ وان ژ بنەمالا هند و ئەوروپیان بوو ! ل (١٥٠٠پ.ز) شەرکەرێن ئاریان بسەر شارستانیەتا (سەند) دا گرت ل هندێ، شارستانیەتا وان دوماهیک پێ ئینا، لوی دەمی سەرژمێریا (سەند) نێزیک ئێک ملیون کەسا بوو، ل بەریا هزارائێکێ ل صینێ بنەمالا(زهۆ) جهێ بنەمالا (شانگی) گرت، چین بەرەڤپێش دچیتن، نەخاسم ژ رۆیێ ژمارا سەرخێزانی و تاکو نوکەژی ئەو پێشداچوون دبەردەوامن.. لوی دەمی ژمارا مروڤێن وان زێدەی پێنج ملیون کەسا بوون. ل هەزارا ئێکی بەریا زایێ ئیمپراتوریەتا رومانی زور پێشدا دچیتن و بزاڤێ دکەتن ببیتن پێشەنگا هەمی دونیایێ، ئەڤ سەردەمە دبیتن سەردەمی بیروهوش و پێشداچونا فەلسەفێ و ئەفلاتون و ئەرستو دبنە پێشەنگێن پێشدا چونا وان، هەردیسان ل ڤی سەردەمی دین و فەلسەفا زەرەدەشتی و یەهودا دیار و پێشدا دچن، ئەڤ دینە دبنە پێشەنگێن بەریا سەردەمێ بونا عسێ پێغەمبەر ... هەردیسان دیار بونا دینێ مەسیحیان دبیتن خالا وەرگەریانا چەرخێن گرنگێن مێژوویێ.

لسالا(٧٤٧ – ٧٣٧ پ.ز) ئاسیا و روژهەلاتا ناڤین دکەڤن دهشیاربونێ دا. ئاشوری ژ ئاسنی شیر و تیر و رمان دروست دکەن و رومانیا دەر دکەن و دەستهەلاتا میزوبوتامیا و سوریێ وەردگرن و سنورێن وان دگەهن مسر و دەریا سپی ناڤەراست، ل سالا(٦١٢پ.ز) ئیمپراتوریەتا مەزنا ئاشوری دکەڤیتن و کلدانی دەستهەلاتێ وەردگرن، فەرمانداریێ کلدانیان (نەبوود خوزنەسرێ دویێ ) ل (٦٣٠ – ٥٦٢ پ.ز ) ئورشەلیم ( قودس) داگیر کرو پەرستگەها وان هەرفاند، ب ڤی رەنگی چرایێ دەولەتا ئاشوری هاتە ڤەمراندن. ل سەر دەمێ دەستهەلاتا ڤی سولتانی بابل زور پێش کەڤت و بو مازنترین باژێرێ دونیایێ ... ل سالا(٥٦٠ – ٥٤٦ پ.ز) لیدی بفەرمانداریا (کرزوس) پارەی ژ زێر و زیڤ و مەعدەنێن گران پها دروست دکەن و دبنە زەنگین ترین مللەت، ل روژهەلاتا کلدان و لیدیان ئیمپراتوریەتا مازنا میدی لروژهەلاتا ئیرانێ و ئەڤغانستانا نوکە

> **ئەسکەندەر لژێێ خودا تاکو مرنا وی پشکا هەری زور ژ کیشوەرێ " ئەوروپا ، ئاسیا ، ئەفریقیا " داگیر کرن و دئێک شەرژی دا لەشکەرێ وی شکەستن نەدیت**

دروست دبیتن، ل دەمەکی سوپایێ میدی و لیدی دبەربەرەکانا شەرەکێ گران دا بوون، بەرێ روژێ دهێتن گرتن و ئەو ئەڤێ چەندێ بتورەبوونا خودا وەندی ل قەلەم ددەن و هەردووک ل سەر ڤێ چەندێ ئاشت دبن و پەیمانا ئاشتیێ ل ناڤبەرا خودا گرێددەن. ئەڤە دهێتن ژماتن بیرەوەریەکا مێژویی ... زەرەدەشت لسالا (٦٢٨ – ٥٥١ پ. ز ) پەیدا دبیتن، ئەڤ دینە دبیتن دینێ سەرەکێ دەولەتا میدی. کورشێ پارسی ل سالا(٥٥٠ پ. ز) دا، دشەرەکی دا دوماهیک ب دەستهەلاتا میدی ئینائد و پاشی ل سالا(٥٤٦پ.ز) دوماهیک ب دەستهەلاتا لیدی و لسلا(٦٣٩ پ. ز) دوماهیک بدەستهەلاتا کلدانی ئینائد، ل سالا(٥٢٩پ.ز) ل دەمێ هێرش کریە سەر ئاسیا ناڤەراست دمریتن و( کمبوجیە) کورێ وی دەستهەلاتا پارسیان وەردگریتن، ئەو شیا مسرێ داگیر بکەتن و لدیڤوی دا زەلامەکێ بهێز بناڤێ (داریوش) سەروکاتیا پارسیان وەردگریتن وتاکو دەڤەرا(جبل تارق) داگیر دکەتن و لڤەگەریانێ (ئەسینا) پایتەختێ یونانیان تالان و وێران دکەتن. بابێ ئەسکەندەری سەرلەشکەرەکێ مازن بۆ، پاش کوشتنا وی ئەسکەندەر لژێێ شازدە سالیێ لەشکەرەکێ زور بهێز دروست دکەتن. پاشی ل (٣٣٤ – ٣٢٤ پ. ز ) ئەسکەندەرێ مەقدونی دوماهیک بدەستهەلاتا پارسیان ئینائد، بڤی رەنگی ئیران و یونانی کەڤتن دئێک ئیمپراتوریەتدا، ئەسکەندەر لژێێ خودا تاکو مرنا وی پشکا هەری زور ژ کیشوەرێ ( ئەوروپا، ئاسیا، ئەفریقیا ) داگیر کرن و دئێک شەرژی دا لەشکەرێ وی شکەستن نەدیت، پاش مرنا وی فلیپێ دوێ کورێ وێ شەش سالی و دەیک و ژنێن وی دکوژیتن ( بو تول ڤەکرنا بابێ خۆ فلیپێ ئێکێ) و دەستهەلاتا وی دوماهیک پێ دهێتن. (داریوش) پاشایەکی دکتاتورێ ئەخمینی بو، لسەردەمێ وی سێ راپەرینێن مازن پەیدابوون، راپەرینا (پرادا، فرورتیش، پارتی ) هەمی بخوین رێتن تەمراندن، ئەوی لبابل تەنها لئێک روژ سێ هزار کەس ژرێبەر و سەرکرێن وان سێدارەدان و لدەمێ تەمراندنا چرایێ دەولەتا مادی، رێبەرێ وان گرت و وی بخو هەردوو گوە و دفناوی برین و لدیڤدا لهەمەدان دگەل هەڤالێن وی سێدارە کرن.. پشتی مرنا ئەسکەندەری لژێێ (٣٣) سالیێ دا، دەستهەلات لئیران و هەرێما میزوبوتامیا ل (٣٥٦ – ٣٨١ پ.ز) کەڤتە دەستێ سلوقیان، ئیمپراتوریەتا سلوقی پاش هەمی وەڵاتێ میزوبوتامیا داگیر کری، هزر لداگیر کرنا یونانیان کر لروژئاڤای، هزرا روژهەلاتی ب پشتگوهڤە هاڤێت،

لەومانێ گەلێن ل روژهەلاتێ هزر لئازادیا خو کرن، گەلێن پارتی ل روژهەلاتێ بوون، ل سالا(٢٤٨پ.ز) سەربەخویا خو وەرگرت، هەرچەندە سەروکێ سلوکیان نێزیکی سەدەیەکی مژیلی کومکرنا پێزانیان بۆ لسەر پارتیان، لێ لسالا(١٤٠پ.ز) دا سەروکێ پارتیان (میترایەدات = میترادات ئێکێ ) هەمی هەرێما میزوبوتامیا ئێخستە بن دەستهەلاتا خو، ئێدی ئەوان هێدی هێدی دەستهەلاتا خو رێک کر، ل ئیرانی و ل دەمەکی سلوکی دلاوازیێ دابون و کەڤتبونە بن چەنگالێن رۆمانیان، لسالا(٥٣پ.ز) هێزەکا باش دروست کر و هێرش برە سەر رومانیا و فەرمانداریا وان (مارکوس لیسینۆس کاسۆس ) شکاند و دەریاسپی ناوەراست داگیر کر، ل سالا (٤٠پ.ز) دەستپێکا سەدا ئێکێ لبەریا زاینی دەڤەرا روژهەلاتا ناڤین شاهدی بدەستهەلات گەهشتنا (ئاشوری، کلدانی، لیدی، پارسەکان ) بوون، ل دیڤدا رومانی و پارتی ب دەستهەلاتێ گەهشتن و ئێدی شەر و لێکدان لناڤبەرا وان گەرم بوون .

ل دەمەکی ئیسرائیل بو ب دەستئێخستنا ناسناما خۆ بزاڤ دکر، ل سەردەمێ دەستهەلاتا سلێمان پەیامبەر (٩٦٢ – ٦٢٢ پ.ز) دیتنا وی ئەو بوو ب ئاشتی و جیرانێ خو بپارێزیتن و دەستهەلاتا خو فرهە بکەتن، سلێمان کور و جهگرێ داوود پەیامبەر بویە، ئەوی پەرستگەها (یەهودا) دروست کر، ئەڤ پەرستگەهێ تایبەتمەندیەکا زور هەبو، چ پەیکەرێن خوداوەندان تێدا نەبوون، پشتی مرنا سلێمان، ئیمپراتوریەتا یەهودی ژێک بەلاڤ بو، ئەوان نێزیک(٨٠) سالا دەستەلات گێرا، هێزێن وان ل باکوری سەرێ خۆ لبن ملێ (ژودە) دانابوو، ل ژێک جودابونا وان، وەڵاتێ ئیسرائیلی دروست کر و سامەرا کرە پایتەختێ خو، ل دەمێ ژودە ژ ئورشەلیم جودابوی و وەڵاتێ وان بوینە دوو دەولەت، لاوازی کەڤتە ناڤ و ژ لایێ جیرانان کەڤتن بن هێرشان، هەستا چەند خودا پەرستیێ لدەڤ پەیدا بوون، وەکی خودایێ ( ئاموش) و (ئەشعیا) و ل سالا(٧٢٢پ.ز) ئاشوریان ئیسرائیل داگیر کر، وژدە بسەروکاتیا (ژۆزیاس) وەکی هەرێمەکا یەهودی ل بن دەستێ ئاشوریان ما و ل دیڤدا کتێبا کەڤنا یاسا (دوترونۆم) ل پەرستگاهێ هاتە دیتن، دبیتن ئەڤ یاسایە پشکەک بیتن ژ تەوراتێ، دگوتن بدەستێ (موسای) هاتیە نڤێسین و

> **سپارتا پشتا یونانیان گرتبوو دشەری دا، ئەو دەم بدەمێ پێشداچونێن زانستی و ئاڤەدانی دهێنە ژمارتن**

ل دیڤدا (ژۆزیاس) ژی هاتە کوشتن، ل سالا(٥٨٦پ.ز) ژ لایێ (نەبوخوزنەسرێ) پاشایێ کلدانیان ئورشەلیم هاتە داگیر کرن و وێران کرن و جوهی هاتن دوير کرن، لێ دگەل ئەڤێ هەمیێ وان دین و نەتەوەیا خو پاراستن. ل دیڤدا پێغەمبەر(دانیال) کارو رویدان و یەهودیەت دکتێبەکێ دا نڤێسین و نوکە دبێنە وێ کتێبێ (تەورات ) و دڤێ کتێبێ دا (توفانا نوحی، قەلایا بابل، دەستهەلاتا فەرهەنگی و زانستیا کلدانان ) دخودا کوم کرن. پشتی ئیرانێ لسالا(٥١٥پ.ز) کلدی داگیر کرین، دیانەتا یەهودی هاتە ئازاد کرن، پەرستگایێن خو نوی کرن، نوسەرەکی بناڤێ (ئیداراس) تەورات نوی نڤێسی و لدیڤدا (ئەشعیا) پەیامبەر دین سەرکێشی کر و ئەوی گوت: تەنها خودایەک هەیە و بێ هەڤال و هەڤرکە، ئەو دێ هەر خودایێ جوهیان بیتن، ل سەر دەمێ ڤی پەیامبەری یەک خودا پەرێسی دروست بوو.

پشتی ئیرانیا شکەستن ئینان دبەرامبەری یونانیان لماراتون، سپارتا پشتا یونانیان گرتبوو دشەری دا، ئەو دەم بدەمێ پێشداچونێن زانستی و ئاڤەدانی دهێنە ژمارتن ... ئێدی دوبەرەکی دیار دبیتن لناڤبەرا مارتن و سپارتیان، لوی دەمی ژمارا خەلکێ ڤی باژێری نێزیکی نیڤ مليون کەسان بۆ، هەمی سەرژمێریا یونانیان زێدەی سێ ملیوون کەسا بوون، ژبەر پێشداچوونا مارتن خەلکێ باژێرێن دی و سپارتا هەست بلاوازی و مەترسیێ دکر، لەومانێ شەرێ ناڤدارێ پەلیپوس ل (٤٣١پ.ز)لناڤبەرا سپارت و ئاتن دەستپێکر، باژێر هاتە دورپێچ کرن ژ لایێ سپارتا و ژ بەر کێماسیا خزمەتگوزاریان نەخوشیا تاعونێ پەیدا بوو، شەری بیست و حەفت سالان ڤەکێشا و ل ئەنجامی هەردووک زور بێهێزبوون، ل دووماهیکا شەری ئاتن خودا دەستێ سپارتیان. ل سالا(٣٩٣پ.ز) جارەک دی ئاتن سەربەخویا خو وەرگت و سەروژنوی دیوارێن باژێری دروست کرن و دەست بدانانا بنگەهێن دەولەتێ کرن، ل سەر بنیاتێ دیموکراسیێ، ئەفلاتون(٤٢٨ – ٣٤٨ پ.ز ) ژیا و ئەرستو ل (٣٨٤ – ٣٢٢ پ.ز ) ژیا و ئەڤ هەردوو زانایە و هندەک زانایێن دی بونە ئەگەرێ پێشکەڤتنا یونانیان دهەمی وارەکێ زانستی و فەلسەفی دا... پشتی ئەسکەندەرێ مەقدونی گەهتیە نێزیک هندێ دژیێ (٣٣) سالیێ دا، لەشکەرێ وی ژ ئەگەرێ وەستیانەکا

مەزن نەخوشیەک کەڤتە ناڤ، ئەوژی نەخوش دبیتن و نوبەدارەکێ وی ڤەخارنا ژەهر کری ددەتێ ود مریتن، هندیان خو بهێز کربوو دا سنگێ وی بگرن، سەرژمێریا هندێ نێزیک سیە ملیون کەسا بوون، ئەو زێدەتر بوون ژ هەمی وان مللەتێن لبن دەستهەلاتا یونانیان، ل دەمێ دەستهەلاتا ئەسکەندەری دوماهیک پێ هاتی، سلوکیان بزاڤ کرن، بنبە پێشەنگێن بزاڤا وی، لێ هندێ ل وی دەمی پێشکەڤتنێن مەزن بخوڤە ددیتن و شیان بەرسنگێ وان بگرن، رێبەرێ مەزنێ هندێ (شاندراگوپتا ) ل (٣٢پ.ز) شیا یەکەتیا هندێ دروست بکەتن، زور دین و مەزهەب ل هندێ هەبوون، لێ بودیزم ل (٥٦٣ – ٤٨٣ پ. ز ) بو سەروکانیا هەمی دینان، بودیزم ( بخوداچوون – هشیاربوون ) ل باکورێ هندێ دروست بوو، بەلێ ل چاڤکانیا سەروکانیا خودایی وەحیێ دناڤ دینێ واندا نەبوو ... تاکو سالا ( ٦٠٠پ.ز ) صین دەڤەرەک ب چیک بوو، ل سالا ( ٥٦٥ پ. ز ) ل صینێ بەراهیکا سەرهلدانا (تاوویزمێ ) بوویە، ل سال ا(٥٠٠پ.ز) کۆنفوشیوس پێشنیارا سیستەمێ پێتڤیێن رەوش و سنجی یێن بلند کرن، ئەڤە بخو هزرەک بوو دژی هزرا تاوویزم، پاشی رێبەرێن صینێ، شیان ڤان مەزهەبا تێکەل بکەن و رێبەرێ وانێ مەزن (شی هۆنگدی) ل (٢٥٩ – ٢١ پ.ز) شیا دەستهەلاتا کومەڵگەیەکێ بکەتن، نێزیکی سێ ملیون کەسان ... ئەڤ رێبەری بزاڤ کرن، سستەمێ کەڤنێ دەستهەلاتێ و لاهوتیێ تێکبدەتن و شوینا وان دەستهەلات لسەر بنگەهێ زانستی برێدا باژوتن، ئەوی کتێبێن کەڤن هەمی سوتن و تەنها کتێبێن زانستی هێلان و بڤێ پێنگاڤێ، وی خزمەتەکا مەزن بو وەڵاتێ خۆ پێشکێش کر، بو پاراستنا وەڵاتی ژ هێرشێن کوچبەر و رەڤەندا ,ل باکورێ روژئاڤایێ شویرها مەزنا صینێ ئاڤا کر.

ل سالا (١١٧ _ ١١٣) رومیان پارسی شکاندن و هەمی وەڵاتێ میزوبوتامیا کەڤتە بن دەستێ وان، ل سالا (٩ز) هەرسێ لەشکەرێن وان یێن مەزن ژناڤ چوون، ل دەمێ گرتنا (جێرمەنان ) و ئەڤە دبیتن دەستپێک بو شگەستنا وان، ئێدی عێلێن کوچبەرێن گەلێن رۆژهەلاتا ئاسیا ب سەر رۆژهەلاتا ناڤین دا دگرن و رەڤەندێن وان دگەهن کیشوەرێ ئەوروپا، ئێدی هوزا جێرمەنی هەمی ئەوروپا داگیر دکەتن وبنیاتێ ئیمپراتوریەتا مازنا ب ریتانی دروست دکەتن ... ل سالا (٩١٢ – ٩٧٩) ئاوتونێ ئێکێ سەروکاتیا جێرمەنان بدەست خۆ ئێخست و هەمی ئیتالیا ( روما ) داگیر کر، سەرژنوی ئیمپراتوریەتا رومانی دروست کر، ل هزارا ئێکێ بێژەنتی ببون خودان دەستهەلاتا ئێکێ ل هەمی ئەوروپا، ژمارا دانیشتوانیا وان دگەهشتە پازدەملیون کەسا، مللەتێ جوهی چاڤەرێی هاتنا رێبەرێ روحیێ مازن ( عیسی) بوون، جوهی ژ کریارێن رومیان بێزار ببوون و ئەو لوێ باوەرێ بوون هاتنا عیسێ پێغەمبەر دێ وان ژ زورداریێ رزگار کەتن، لدەمێ عیسێ هاتیە ناڤ ئورشەلیم، رومیان وەسان هزر دکر دێ دەستهەلاتا وان وەرگریتن، لەومانێ گرت و سزایێ سێداریێ لسەر دانانند، ئەوی گەلەک ئەزیەت ژ ئیمپراتور شائول دیتبوو، لێ لدوماهیکی شائول هاتە سەر دینێ وی و ئەو بو هاریکار بو (عیسی) و ناڤێ خو گوری بو (پۆل) و ئەوی گەلەک تشتێ نەژهەژێن جوهیان گوری، وەکی سنوربەستی و سونەتکرنێ ! هندەک جوهی چونە سەر دیانەتا نوی، لێ ژمارا وان کێم بویە و دیسان ئێش و ئازارێن وان بهاتنا دینێ نوی کێم نەبوون و لسالا (٧٠ز)دا ئورشەلیم هاتە تەخت کرن و پەرستگایێن وان هاتن خراب کرن، جوهی هاتن بەلاڤ کرن و بونە گروپێن بچیک، هەرچەندە وان دەست ژ شورەشا خویا چەگداری بەرنەدا، لێ دیسان خەونێن وان نەهاتن ب جهئیناندن ... لسەردەمێ قوستانتیدێ دووێ مەسیحیەت بەرەڤ دابەشبونێ دچوو، لروژهەلاتێ مەسیحیەت تێکەلی ئاریانیزمێ دبیتن و لدیڤدا ئاریانزم دوماهیک پێدهێتن، لسالا (٤٠٠ – ٤٦١) پاشا لیون گاردینالێ رۆمێ (پاپا) کوشت، هەرچەندە ئەڤە زور بێ ب هێز بوو، لێ ئەڤ کریارا وی بو ئەگەرێ پەیدا بونا جوداهی و هەڤرکیێ ل ناڤبەرا مەسیحیان ( کاتولیک و پروتستاندن ) نەخاسم پاش مەسیحیەت گەهشتیە روسیا، لڤی دەمی مەسیحیەت بەرەڤ زێدەبونێ دچوو، ل روژهەلاتی ژی بودیزم و هندویزم دینێن پێشەنگ بوون، دینێ مەسیح ل دنیایی ل دیڤ ڤان دینادا دهات. ل دیڤدا دەڤەر کەفتبوو، ل بن ترسا هندێ ل سالا ٢٠٠٠ دونیا دێ بدوماهیک هێتن ! داخاز ژ زەنگینان دهاتە کرن مالێ خو بکەنە خێر و ل سەر هەژاران بەلاڤ بکەن ... ل سالا (٥٧٠ – ٦٣٢ ز ) محەمەد پێغەمبەر هات و دەست ببەلاڤکرنا پەیاما خو کر ( ژبەرکو جوهی ژ وەڵاتێ کەنعان دەربەدەر ببوون، ژ بەر زولم و زورداریا مەسیحیان، لەومانێ ئەوان پەیمان دگەل

> **لسەردەمێ قوستانتین دێ دووێ مەسیحیەت بەرەڤ دابەشبونێ دچوو، لروژهەلاتێ مەسیحیەت تێکەلی ئاریانیزمێ دبیتن**

محەمەد پێغەمبەر گرێدا و بۆنە ئەگەرێ بهێزبونا دینێ ئیسلامێ، لێ لدەمێ پەیاما ئیسلامی بلەزو و بزور پێشدا چووی، ئەوان پەیمانا خو شکاند و بزاڤ کرن، ل پشتڤە دوربەکی دانێ، چونکی ئەوان ئەڤ دینە ژی وەکی خەتەرەک بو سەر دینێ خو دژمارت، پاشی هەمی عەرەب بونە بسلمان و ئێدی دەست ب بەلاڤکرنێن خو کرن و بەرەڤ باکوری دەست بشەر و بەرفرهەکرنێن خو یێن ئیسلامی کرن ! بسلمانان دزنجیرە شەرەکێن دژواردا ل (٦٣٦ – ٦٤٢ ) ئیمپراتوریەتا مازنا ئیرانی و رۆمی شکاندن و لدیڤدا ل (٦٩٨ز) قورتبە و قرتاجیە و لدیڤدا ل(٧٥٠ز) ئەفریقیایا باکور داگیر کرن، ل دیڤدا (جەبەل تارق ) و ئیسپانیا داگیر کرن. ل سالا (٧٣٦ – ٨٣٣ ز ) بسلمانان رۆما تالان کر و دەستهەلاتا عەباسیان لوێرە خوجە بوو. ل سالا( ٩٩٧ ز) هندستان زور بتوندی کەڤتە بن هێرشێن بسلمانان، ل سەردەمێ محمودێ خەزنەوی هندسنتان توشی هێرشێن زور دژوار بو، دئەنجامی دا هاتە دابەش کرن بو دو گەلێن هندی و بسلمان.

چین لدەستپێکا سالا هزرایا زاینی کەڤتبوو بن دەستهەلاتا (ختەن ) یان، لڤی دەمی سەرژمێریا وان دگەهشتە شێست ملیون مروڤان، ژاپون لوی دەمی لبن دەستێ بنەمالا ( فوجی وارا) بۆ، ئەوی زاری صینێ دکر، بزاڤ دکرن، بنگەهێن ئیمپراتوریەتێن مازن دانن ... دەستپێکا هزارا دووێ بچەرخێ هشیاریانەتەوەیی دهێتن ژمارتن لدەڤ ئەوروپیان، ل سالا ١٠٩٦ - ١٠٩٩ ز دەستپێکا شەرێ خاچپەرێسان بوو، ئورشەلیم ( قودس) هاتە گرتن، لدیڤدا ل لسالا ١٢٩١ز بنگەهێن ئیسلامی خورت دبن و جارەک دی قودس دهێتن رزگار کرن بسەروکاتیا صەلاحدینێ ئەیوبی، مەسیحیەت شکەستێ بخوڤە دبینیتن و ئیسلامەتی بهێزوسەنگا هەردەمی دیار دبیتن، ل سالا ١٢٠٦ ز و بسەردا، هەمی ئەوروپا کەڤتبوو دبارەکێ زور لاوازدا، هوزێن ئاسیا ناڤەراست بسەروکاتیا جەنگیزخان ( مەغول ) ئێک دوو گرتن و لەشکەرەکێ زور بهێز دروست کر، ل (١٢٤٠ – ١٢٤١ز) هەمی ئەوروپایا روژئاڤا گرت و ئێختسە سەرئاخا ئەلمانیا، لدیڤدا هێرش برنە سەر ئیتالیا و ئەگەر ژبەر مرنا کورێ جەنگیزخان نەبایە، کوسەرکردێ مەزنێ لەشکەرێ مەغولیان بۆ، ئەودا هەمی ئەوروپا گرن، پاشی ل دیڤدا مەغولیان بسەروکاتیا (کوبیلانخان) ئیمپراتوریەتەکا مازن دامەزراند.. ئەوروپی ژ سینیان فێری

> **ل صینێ ل سالا ١٤٥٠ز دا چاپخانا گوتەنبورگ دروست کر و کتێبا پیروز ( ئنجیل) یەکەم پەرتوک بو لێ هاتیە چاپ کرن**

بکارئینانا ئاسنی دبن و پیشەسازی سەرێ خو لئەوروپا بلند دکەتن، ل سالا ١٠٦٦ز ئنکلستانا سەکسونی، ژ لا یێ نورماندیان دهێتن گرتن و لدیڤدا گیودێ نورماندی سەروکاتیا ئنگلیزی کر و دەستهەلاتەکا زور بهێز دروست کر. ل سالا (١٣٣٨ز) شەری دەستپێکر لناڤبەرا ئنگلیز و فرەنسیان و بودەمێ سەدسالان ڤی شەری ڤەکێشا، ل سالا(١٤١٥ز) ئنگلیزان دەستکەڤت و سەرکەڤتنێت زور مازن بدەست خوڤە ئینانن، لێ لدوماهیکێ ژنەک پەیدا بو لفرەنسا دگوتنێ (ژاندارک) ئەوێ هێزەکا جوانی و ئەفسوناویا مەزن هەبو، مفا ژ توێن ئنگلیزان وەرگرت و شیا بەرگرێ ژ وەلاتێ خو بکەتن و فەرەنسا پاراست ژ هێرشێن ئنگلیزی، تاکو سەربخویا خو وەرگرتی. ل دەمەکی ئنگلیز و فرەنسی بشەری دمژویل بوون، ئیتالیا ریا زانست و فەرهەنگی لبەر خو گرت و ئێدی کەڤتە ناڤ گورەپانا ساخکرنا دەولەتا مازنا یونانی. پشتی کریستوڤەر کولومبوز دگەشتا خویا سەرکەڤتی دا ئەمریکا دایە دیار کرن، ل (١٥١٩ – ١٥٣٣ ز ) ئیسپانیا مفا ژ ئەمریکیان وەرگرت و مەکسیک و ئەنکاکا تێکشکاندن و هەردووک تێکەل و داگیر کرن. ل سالا ١٦٠٠ز و بسەردا ئیسپانیا و پورتوگال و پولونیا بەرەڤ ئیمپراتوریەت بونێ، خو ڤەدکێشا و دەست بداگیرکرنا ئەفریقیا کر و ئینتداب لوێرە بخو دروست کرن، لێ ژ بەر بچوکیا وان ژێێ ئیمپراتوریەتاوان ل ئەروپا و ئەفریقیا گەلەک نەڤەکێشا.. هەرچەندە فرەنسا ژ رۆێ ژمارا سەر خێزانان زور مەزنتر بو ژ ئنگلتەرە، لێ هەردەم لئەوروپا مژویلی شەری بوون، بەلێ ئنگلیز مژویلی خورت کرنا ئابوری بوون، لەومانێ ئنگلیز شیان فرەنسیا ژ باکورێ ئەمریکا و هندێ دەربکەن و ببنە ئینتدابا ئێکانە لدەڤەرێ .

ل صینێ ل سالا ١٤٥٠ز دا چاپخانا گوتەنبورگ دروست کر و کتێبا پیروز ( ئنجیل) یەکەم پەرتوک بو لێ هاتیە چاپ کر. پاشی ل سالا( ١٦١٨ – ١٦٤٨ ز ) شەرێ مەزهەبی دەستپێکر لناڤبەرا مەسیحیان ( پروتستاند – کاتولیک ) و لئەنجامدا هەردووک ئەلمانیا هاتن وێران کرن، هەرچەندە وان دزانی ئەڤە شەرەکێ بێ رامانە دگەل هندێ دا شەرو هەڤرکی هەر دومدرێژ بوون، لسالا ١٦٤٢ ز ئنگلیز و سکوتلەندا ئێکدوو گرتن و دژ ی شارلێ




ئێکێ راوەستان، پاشی (شارلمان) کوشت و بودەمێ پازدەسالان ئنگلیز بێ جێنشین ما و ل دیڤدا کورێ وی شارلێ دووێ ل شویناوی داناند. ل سالا ١٧٨٩ز کو رژێما فەرەنسا چووک دانابو، ئێدی هێدی هێدی و لسەرخو بنیات داناند و لسالا١٩٤٨ز مافێ جاردانا مافێ مروڤ داناند و لسالا(١٧٦٩ – ١٨٣١ ز ) ناپلیونبونا بورت پەیدا بۆ، لدیڤدا هەمی ئەوروپا کەڤتە بن دەستێ وی، ل سالا ١٨١٢ز فەرەنسا هێرش برە سەر روسیات و داگیر کر، لێ بەرفرهەیا وەڵاتێ روسی و سەرمایا زڤستانێ نەهێلا فرەنسی لروسیا بن و پاشڤە هاتن و لدیڤخودا هەمی وەڵاتێ روسی سوت. هوسان و بڤی رەنگی دونیا هەمی کەڤتە بن گەفێن شەری و چ وڵاتەکی تەناهی بخوڤە نەدیت تاکو جارەکا دی، لشەرێن جیهانیێن ئێکێ (١٩١٤ – ١٩١٨ ) و دووێ (١٩٣٩ – ١٩٤٥ ) کو لڤی دەمی جیهان بتەمامی کەڤتبوو بن قەتلازیەکا زور مازن و پاشی دناڤ کارەسات و قەتل و عامێ دا شەر دوماهیک پێ دهێتن و سەرژنوی دونیا دهێتن لێکڤە کرن، نەخشەو دەولەتێن نوی لبن شاپەرێن ئیمپریالیستێ ڤە جە دگرن و جیهان برەنگەکێ تەڤایی ئاوا و دەستهەلاتێن نوی بخوڤە دگرن ... ئەڤان هەردووک شەرێن جیهانی تەماما پاناتیا کیشوەرێن ئاسیا و ئەفریقیا و ئەوروپا بخوڤە گرتبوون، شەرێن زۆر گران و کاڤل کەر هاتن کرن، بملیونان مروڤ هاتن کوشتن و بەرزە کرن، شارستانیەتێن مازن هاتن کاڤل و وێران کرن، برس و ترس و هەژارێ هەمی دونیا دگەوریا خودا دورپێچ کرن، ژ سەرئەنجامێ ڤێ خاندنا کورت دیار دبیتن، ئەڤ دونیایا ئەم هەمبێز کرین و ژیانێ ددەتن مە، دنیایەکا زۆر کەڤنار و دێرینە، هەردیسان خودانا خو رۆیدان و سەرپێهاتی و کارەساتێن زور مەزنە، ل چەند چاخ و دەمێن زۆر کەڤندا، کەڤتیە بن گورینکارییێن زۆر مازن و سەیر و عەنتیکە و وێران کەر، شارستانیێن زۆر مازن و پێشکەڤتی لدەمێن جودا جودا دروست بوینە و لدیڤدا ئەڤ شارستانیتە بئەگەر و رویدانێن دلتەزین دوماهیک پێ هاتنە، زور کارەساتێن سروشتی بوینە ئەگەرێ هەرفاندنا ڤان شارستانیەتا و دیسان سەرهەلدانا گورین و شارستانیەتێن نوی، لێ دیسان دەورێ مروڤی ژی لزوردەمێن جودا جودا دا، دەورەکی ـ وێران کەر بویە، لدە مەکێ دی ژی دەورەکێ ئاڤاکەر بویە و بویە ئەگەر و سەدەمێن سەرهەلدان و شارستانیەتێن زور مان و خودان زانستەکێ سەرکەڤتی و پێشکەڤتی ,

ئەکرەم خالد عەبدولکەریم

سەرچاوە :

-- مێژووی شارستانیەت ژ نڤێسینا (ئیزاک ئاسیمۆف ) و وەرگێرانا ( حامید گەوهەری )


# ژیانی ئۆجالان لە ئورفاوە تا ئیمرِالی

ئازادیی کۆمەڵگە

لەتورکیەوە/ لوقمان عەبدوڵلا

**بەشی دووەم:**

رکابەرایەتی هەموو رێسا گرنگەکانی ماڵەوەم دەکرد. بەگومانەوە دابونەریت و چەمکی ناموسم دەکرد و پێشێلکردنی ئەمانەش پێبەپێ زیادی دەکرد. کاتێك داپیرەم حەوا جارێکیان بینی بەدزیەوە لەگەڵ یەکێک لەیەکەمین هاورێکانی منداڵیم (شەهید حەسەن بینداڵ) لە گەشتێکی شاخ دەگەڕاینەوە، قیامەتی بەسەرمدا خراپ کرد. چونکە بە بۆچوونی ئەو حەسەن منداڵی دوژمنەکەمان بوو. هەنگاونانم بۆ هاورێیەتی ئەو تاوانێکی ترسناک بوو. ئێستاکەش لەبیرمە، بەرامبەر بەدایکم وەستاو گووتی «عوەیش ئەم کورەت بێ ناموس دەرکەوت». سەرباری ئەم کینە، بەڵام دیسان یەکبوون لەگەڵ منداڵی ئەو ماڵباتانەی بەدوژمن دادەنران، رۆژ بەدوای رۆژ بەهێزتر دەبوو. لەکاتێکدا لەمنداڵانی خزم و کەس دوور دەکەوتمەوە، گەڕان بەدوای پەیوەندی و یەکێتی لەگەڵ منداڵانی ئەو خێزانانەی بەدوژمن دادەنران، ئیتر بۆمن بوو بە چالاکیەك.



عەبدوڵلا ئۆجالان

دواتر تێدەگەیشتم کە لەراستیدا یەکەمین رێکخستنی ئایدیۆلۆژی و سیاسی سروشتی خۆم لەم رێگایەوە پێشخستووە. بەمجۆرە یەکەمین پرەنسیپی پرۆژەکانی کۆمەڵگەی نوێم لەدایک دەبوو.

رەدکردنەوەی کۆمەڵگەی گوند و خێزان لەبواری پرەنسیپ و کرداریەوە پەرەیدەسەند. لەیاریەکانمدا شێوازی نوێی ژیانم تاقیدەکردەوە. یاریەکان بۆمن راستی بوون، هەرچی واقیعی خێزان و گوند بوو بۆمن ئەو زنجیرانە بوون کە دەبووایە لێی رزگار ببم. هەربۆیە چۆن هەستم بەخۆم و بوونی خۆم کرد، لەمیانەی هەوڵێکی نائاساییەوە هەوڵمدەدا گرووپەکانی منداڵیم بخولقێنم. پرەنسیپەکەی ئەو گرووپانە یاری و بەهرەمەندی بوو. ئەو منداڵەی زۆرترین یاریم لەگەڵ بکات و هێزی سەرکەوتن پیشانبدات، ئەو منداڵە دەبووە هێژاترین ئەندامی رێکخستنەکەمان. لەپەیوەندی هاورێیەتیم لەگەڵ شەهید حەسەن بینداڵ زۆر زەق و بەرچاوە کە جیاوازی

نێوان دۆست و دوژمنم نەکردووە، لەم لایەنەوە تا دوایی بەپرەنسیپانە هەڵسوکەوتم کردووە. لەم لایەنەوە دووەمین پرەنسیپم، جیاوازیم لەنێو هەردوو رەگەزدا نەدەکرد. ئێستاش ئەو کیژۆڵانەم لەبیرە کە لە کاتی یاریکردندا هەستم بە تواناکاریەکانیان کردووە. هەندێک جار بەمانگان لە دەوریان دەگەڕام و دەسووڕام ، هەوڵمدەدا رایانکێشمە ناو یاریەوە. لەم لایەنەوە یادێکی زیندووم، پەیوەندی بە ئەلیف ی کچە مامی حەسەنەوە هەیە. دوایی گوێبیستی بووم کە ئەلیف بەمجۆرە گێڕاویەتەوە. «لەو رۆژانەی ئیتر بە بووکێنی دەچووم، عەبدوڵلا زۆر بە رێك و پێکی لەماڵ نزیك بۆوە و بانگێشتی یاری کردم». ئەمە راستە. لەو تەمەنەشدا بەشودانی کچانی بەهرەمەندم پەسەند نەدەکرد.

لەبیرمە کە لەو تەمەنەشدا پەیوەندیەکی تایبەتم لەگەڵ ئەو کیژۆڵانە هەبوو کە بەهرەمەند و جوان بوون. بەگوێرەی من ئەوەی ژیر بووایە، جوانیش بوو؛ ئەوەی جوانیش بووایە، دەبووایە ژیریش بێت. هەروەها لە بیرمە کە ئەو ژنانەی ئەو کاتە هەستیان بەو مەیلەی من دەکرد، بەشێوەی گرووپ گوێرایەڵیان دەکردم و پێشوازیان لێدەکردم. بە هۆشمەندی گوند ناو دەبرام. پێشنوێژی مزگەوتی گوند مەلا موسلم هەستی بەوە کردبوو کەلەو تەمەنەدا یەکسەر لەریزی دوای ئەو نوێژ دەکەم، لەبیرمە کە گووتی» ئەگەر بەم خێراییە بەردەوام بیت، وەکو ئەولیاکان دەفریت». ئایین دابونەریتێکی گرنگ بوو، بەڵام هۆکارێکی گرنگی ئەوە بوو کە پێ بە پێ کەسایەتیەکی بەگومانم تێدا پێشبکەوێت. بەجۆرێك هەڵوەستەم سەبارەت بە خوداوەند دەکرد کە هەندێک جار دەگەیشتە ئاستی قەیران. بەڵام دەتوانم بڵێم لە شیکردنەوەکانی ئەم بەرگرینامەیەدا، بەشێوەیەکی ریشەیی ئەم دەستەواژەیەم شیکردۆتەوە. رێگایەکی رێکخستنی مندالانیش ئەوە بوو، کە بەخۆم بەر نوێژم بۆ دەکردن و بەمجۆرە

> **رۆژانە بەپێ هاتووچۆی قوتابخانەی سەرەتاییم دەکرد کە لەگوندی جەبین ی ئەرمەنیەکان بوو**

رێکمدەخستن. پێویستە بگووترێ کە بینینی رۆڵی ئیمام لەلای خۆمەوە، شتێکی سەیرە. لەجیاتی یاریەکانی شەڕ، زیاتر مەراقم ئەو یاریانە بوو کە بەهرەو تواناکاریەکان ئاشکرا دەکات.

چوونم بۆ قوتابخانەی سەرەتایی لەناو هەستێکی ئاڵۆزدا بەدیهات. بەرەوشێکی رۆحی ئەندێشەیی و نیگەرانیەوە پێشوازیم لەقوتابخانە کرد؛ بەڵام هەستم بەوەش کردبوو کە تاکە رێگای بەرزبوونەوەم بێرەدا تێپەڕدەبێت. لەیەکەم رۆژی چوونم بۆ قوتابخانە تا دوا قۆناخی زانکۆ بەردەوام جێگای سەرنج بووم. بەردەوام لەریزی پێشەوەی سەرکەوتووەکان بووم. بەڵام ژیانی گوندیشی تێدا بێت، ئەو دووالیزمەی کەسایەتی من لەو رۆژانەوە تێکەوت، بوو بەپارچەیەکی جیا نەبۆوەی کەسایەتیم. ئەو تایبەتمەندێتیەم کە لەرووخساردا لەگەڵ ستاتۆی گشتی گوند، خێزان، دەوڵەت و کۆمەڵگەدا دەگونجێ و وەک نمونە پیشاندەدرێت، لەگەڵ تایبەتمەندێتی سۆفیگەراییم بەتەواوی ناکۆکە کە لەناخەوە بەراستی باوەڕیم پێی هەیە و هەوڵدەدەم جێگیر و پراکتیزە بێت. دوایی بەو رادەیەی دەرکم پێکرد، بۆم دەرکەوت کە لەبنەڕەتدا ئەمە ناکۆکیەکی گەردوونییە. کاتێك خۆم وەکو ئەندامێکی کۆمەڵگەی فەرمی و نا فەرمیش پیشاندەم، دیسان ئەم ناکۆکیە هەر جێگای باسە. لەناکۆکی نێوان تاك و کۆمەڵگەشدا هەمان رەوش لەئارادا بووە. ناکۆکی نێوان ئایینی فەرمی و ئایینی سۆفیگەرایش لەم راستینەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەوەی بۆمن جیاواز بوو، بەردەوام و پێ بەپێ و بەچڕی ئەم دووالیزمەم بۆ دوو روانگەی جیاواز سەبارەت بەژیان گۆڕی. ئەم ناکۆکیەش رێگای لە پێش ئەوە کردەوە کە کەسایەتیم لەناو گومان و ئەندێشە و دوودڵی مەزندا گەشە بکات.

رۆژانە بەپێ هاتووچۆی قوتابخانەی سەرەتاییم دەکرد کە لەگوندی جەبین ی ئەرمەنیەکان بوو. ئاشنای کۆمار ببوو. لە جەبین خێزانگەلێك لەبەر چاوان بوون کە کاریگەری کۆماریان بە سەرەوە دیاربوو. زۆر چاك هەستم بەو راستییە کرد. لەو کاتە هەستی کوردبوون لەژێر وشیاریمدا شاراوە بوو. هەستم بەوە کردبوو کە دەبێتە سەرەکیترین کۆسپ

لەپێش بەرزبوونەوەی من. ئیتر هەروەکو بڵێی گوێم لەگووتەی (کوردە بەکلکەکان) دەبوو. ئیتر هێدی هێدی دەنگی ئەو گووتانەی شۆڤێنیزم بەرز دەبوویەوە کە نارەحەتی دەکردین. دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانەو گلێنەی چاوی مامۆستاکان و خەڵکی گوندی جوبین ئەم کۆسپانەم تێپەڕکرد. سەرباری سەرجەم کۆسپەکان، ئەو پەیوەندیانەی لەو قۆناخانەدا لەگەڵ گوندە تورکمانەکان پێشمخست، لە باشترین نموونەکانی برایەتی بوو. ئەم گوندانە بە قورسایی تا ئێستاش وەك دۆست ماونەتەوە. نەکەوتوونەتە ناو شۆڤێنیزمی فاشیزمەوە. تەنانەت لە گوندەکانی کوردان زیاتر مەیلدارن و پەیوەندی پیشاندەدەن.

شوێنپەنجە و کاریگەری کودەتای ٢٧ی گوڵانی ١٩٦٠لەسەر من هەبووە کەلە قۆناخی سەرەتایی و کۆمەڵگەی گوند هاتەئاراوە. یەکەمین مەیلی سیاسیم بەهۆی ئەم ڕووداوەوە پێشکەوت. هەستم بەوەکردبوو کە سەرچاوەی سەرەکی هێز سوپایە. بەشێوەیەکی ڕەشبینی پێشوازیم لە لەسێدارەدانی مەندەرەس کردبوو. بەڵام کاردانەوەشم بەرامبەر ٢٧ی گوڵان نەبوو. هێکدەی لەبیرمە لەو قۆناخەدا لەژێر دارێك دانیشتبووین بە عەزیزی هاوڕێی قۆناخی سەرەتاییم گووت «تۆ ڕۆڵی فەرماندەیی هێزەکانی پیادە ببینە، منیش ڕۆڵی فەرماندەی هێزی ئاسمانی دەبینم، باهەوڵ بدەین لەم ڕێگایەوە ئەنجامێکی باشتر بەدەست بێنین». تایبەتمەندێتی ئەم هەڵوێستەم، دواتر وەك خەسڵەتێکی شۆڕشگێڕی لە پێشکەوتن و پەرەسەندنی مندا بەکاریگەر دەبوو. هێز و گۆڕانکاری وەك دوو فاکتەری عەشق و تامەزرۆیی یەخەی بەرنەدام.

لەو ماوەیەی لە گوند مامەوە خاوەنی هەڵوێستێك بووم کە بە دۆستی ئاژەڵان دیار بوو و ڕەنجدەرێکی باشی کشتوکاڵ بووم. وەك عیبادەت پێشوازیم لەکاری چاندن و دروێنە دەکرد. سەرقاڵبوونم بە ئاژەڵەوە کارێکی بە زەوق بوو. لەوەڕاندنیان لە بەپیتترین لەوەڕگاکاندا

## یەکەمین دابڕانی جدیم لە گوند وخێزان، لە یاخیبوونێکی ناو خێزان (ماڵبات) دەستی پێکرد

بەختەوەری دەکردم. بەعەشق و پەرۆشیەوە سەرقاڵی درەختەکان دەبووم. خزمەتکردنی ڕەزو باخ و کۆکردنەوەی بەروبوومەکانی خۆی لە خۆیدا کارێکی پیرۆزی بوو. خۆراک، ترێ و بەروبوومی درەختەکان بە نیعمەتی پیرۆز لە قەڵەمدەدران. فڕێنەدانی وردکەنان و تەنانەت خواردنی نانی گەنم، تایبەتمەندێتیەکی جیاکاری بوو. ئاشکرایە کەلەژێر کاریگەری قووڵی کولتووری نیۆلۆتیکدا دەژیام.

بەکاردانەوە وەڵامی بانگەشەی خاوەنداریێتی دایکمم دایەوە کە سەبارەت بە من هەیبوو. بوون بەخاوەنی هەبوونی خۆم، بۆ من ئامانجێك بوو. هەربۆیەش ناکۆکیەکانم لەگەڵ دایکم بەردەوام بوو. بانگەشەکانی باوك لەو بارەیەوە سنووردارتر بوو. سەبارەت بەکاری ڕێك و پێك و چاك لەگەڵ براکانم لەناکۆکیدا بووم. بەو هۆیەوە ململانێ لەنێوانمان دا ڕوویدەدا. خێزان دوور لەباوکسالاری بوو. سەربڵندی دایکم هاوسەنگیەکی مسۆگەری لەناو ماڵباتدا ئاوا کردبوو. ئەم هاوسەنگیە هەلومەرجی گونجاوی بۆ پێگەیشتنی ئازادانەم ئامادە دەکرد. قوفڵبوونی دەسەڵات و دەستڕۆیی باوك . دایك لەناو خێزاندا بۆشاییەکی دەستڕۆیی دەخولقاند. سوود وەرگرتنم لەم بۆشاییە، دەکرێ وەك یەکەمین دەرفەتی کاروانی ئازادی ببینرێ. خاڵۆکانم وەك سەرچاوەیەکی هێز دەبینی. بەهۆی کاریگەری بەهێزیان لەسەر دەستڕۆیی و دەسەڵاتی گوند، کاریگەریان هەبوو لەوەی بەرەنگاری هەلومەرجەکانی گوند ببمەوە. دەرکم بەوە کردبوو کە ئەدەبیاتی خاڵۆکان لەخۆڕا نییە.

یەکەمین دابڕانی جدیم لە گوند وخێزان، لە یاخیبوونێکی ناو خێزان (ماڵبات) دەستی پێکرد. بەپێی ئەوەی دواتر زانیاریم پێگەیشت، نووسەر ئەحمەد قارەمان ئەم یاخیبوونەی بە«یاخیبوونی یەکەم» ناوبردووە، کە دەخوازێ بیکات بەرۆمان. سەبارەت بە کۆتاییهاتنی قۆناخێك ئاماژەکردن بەم ڕووداوە شایانی باسکردنە. کاتێک براکەم محەمەد لەخۆیەوە چووە ناو باخەکەو کارەکانی منی تێکدا کە بە ڕەنجێکی زۆرەوە ئەنجامم دابوو، بەبەرد راوە دووم دەنا. تا شوێنە ساوار کوتان

راوە دووم نا. کاتێك باوکم هاتە وەڵام، لەناوەڕاستی گوند بەبەرد لەگەڵیدا کەوتمە ناو پێکدادانێکی دژوار. ئیتر ئەوە تێگەیشتم کە جێگام لەماڵەوە نەماوە، ئیتر رووی ئەوەشم نەمابوو لەگوند بمێنمەوە. چونکە بەمجۆرە شەڕکردنم لەگەڵ باوکم، لەناو گوند ببوو بەجێگای گاڵتەجاڕیەکی مەزن. لەهەمان رۆژ بەنهێنیەوە چوومە ماڵەوە. کیسی پارەی باوکمم بینیەوە کەزۆر بەتایبەت شاردبوویەوە. دە لیرەم هەڵگرت کە بۆ ئەو کاتە پارەیەکی کەم نەبوو، بەخێرایی و بەتەنیا، بەکین و چاوی پڕ لە فرمێسکەوە نەفرەتم لەگوند کرد و بەجێمهێشت. قەدەرێک دوورکەوتمەوە، کاتێك لەژێر دار گوێزێکی بچکۆلانە بۆ دواوە تەماشای گوندم کرد، بە حەسرەت و چاوی پڕ لە فرمێسکەوە گووتم «جارێکی دیکە ناگەڕێمەوە» دواتر دەرکم بەوە کرد لەراستیدا بەشێوەیەکی جددی لە کولتوورێکی هەزاران ساڵە دادەبڕام و هەنگاوم بۆلێگەڕینێکی نوێ هاوێشتبوو.

ئەم دوا کاروانەم چەندەی بڵێی سەیربوو. کاتێك گوندی ئارام ی دراوسێم تێپەڕکرد، بەبێ ئەوەی هیچ شوێنپێنجەیەکی رەنجاوبوون بمێنێ بەسەرکەوتوویی تێپەڕمکرد. کاتێك گەیشتمە دووەمین گوند کە ناوی قەرەمەزرا بوو بەشێوەیەکی زۆر پێگەیشتووانە چاوەڕوانی ئەو پاسەم کرد کە لە خەلفەتیەوە دەهات. کاتێك سواری پاسیش بووم زۆر ئارام و لەسەر خۆ بووم. بەسەرکەوتوویی بیرەجیکم تێپەڕکرد، گەیشتنم بە پردی بیرەجیك بەهەمان خێرایی بوو کە یەکێك بوو لە ئاسەوارەکانی قۆناخی مەندەرەس و تازە ئاواکرابوو.، ئامانجم چوونە ماڵی حەوای خوشکم بوو کەلە نیزیپ بوون. گەیشتم. دووەمین رۆژ منیش لەگەڵ چەند خزمێك چووم بۆ دروێنەو کۆکردنەوەی گەنم و تاوەکو دەستەکانم ئەستوور بوو کارم کرد، دوو رۆژ بەرگەم گرت. لەراستیدا کارەکە هەر

> ”
> **تێڕوانینی دایکم سەبارەت بەمن ئەرێنی و پێگەیشتووانە بووە**

هێندەبوو. ١٠ لیرەم دەسکەوت بوو. ئەمە هەنگاوێکی گرنگی خۆسەلماندن بوو. ئیتر بە بێ گوند و بێ ماڵەوە دەمتوانی بژیم.

دیاردەیەکی دیکەی شایەنی بەبیرهێنانەوەیە، هەڵوێستی خەڵکی لادێ بوو بەرامبەر بەمن. مەیلی هاوبەش ئەوەبوو: «خوا کوڕی هیچ کەسێك وەکو کوڕی عومەر لێ نەکات، بووە بە شێتی چۆڵەوانی، ئیتر خێری لێ پەیدا نابێت» بەڵێ قەناعەتێکی بەمجۆرە دروست ببوو. دواتر سەرکەوتنە نائاساییەکانم لە قوتابخانە کە بەخەونیشیاندا نەدەهات، دەیخستنە ناو شەرمەوە. ئەمە شێوازێکی وەڵامدانەوە بوو.

یادگاریەکی دیکەی گرنگ ئەو هەنگاوانە بوو کە بەرامبەر شەڕی محۆ وجمۆی هەرەپاس هاوێشتم. محۆ بەردەوام شەڕخوازبوو. رۆژێکیان کراسەکەی خۆم پڕ لە بەردکرد و لەسەر گۆشەی بانێك چاوەڕوانیم دەکرد، بەشێوەیەك بەرد بارانم کرد کەهیچ دەرفەتێکم پێنەدا. تاوەکو ماڵی خۆیان رایکرد. چیتر جارێکی دیکە شەڕی لەگەڵمدا نەکرد. هەرچی جمۆیە دوای ئەوەی ماوەیەك بەدوایدا گەڕام، دیسان رۆژێکیان کراسەکەم پڕلە بەردکرد و فشارم بۆ برد. ئەویش تاوەکو کۆتایی ماڵ رایکرد. ماڵەوەیان بەزۆر لەدەستیان دەرهێنام. دوای ئەوەی بەباشی وانەی خۆی وەرگرت، ئیتر مەترسی ئەویش نەمابوو. بەبیرم دێت کە بەرامبەر بەم رووداوە دایکم خاوەنداری لێکردم و بەشان و باڵی هەڵدام.

بێچارەیی باوکم و یاخیبوونی دایکم کە بۆ بەدەستهێنانی ماف وەك رێگایەکی دەبینی و هیچ سنوورێکی نەدەناسی، کاریگەریان هەبوو لەچەمکی بەرەنگاربوونەوەی مندا. بەپێی ئەوەی دواتر گوێبیستی بووم، تێڕوانینی دایکم سەبارەت بەمن ئەرێنی و پێگەیشتووانە بووە. باوەڕدەکەم لەوەڵامدانەوەی پرسیارێکی فەرماندەی سەرلەشکری ئورفا گووتبووی «زۆر هەوڵمدا لەژێر چۆکی خۆمی بهێڵمەوە، بەڵام نەمتوانی»، ئەمەش راست بوو. دیسان ئەو یەکەم کەس بوو هەستیکرد و پێی گووتم کە شێوازەکەت بەتەنیات دەهێڵێتەوە. گووتەکەی بەمجۆرە بوو: «هەموو کەسێك سوودت لێ دەبینێ، بەڵام وەکو خۆت، لەگەڵتدا کار ناکەن»، ئەمەش وەکو خۆی لە

پراکتیکدا راست دەرکەوت. هەروەها دوا هەڵسەنگاندنی سەبارەت بەمن بەم شێوەیە بووە«ئەو تاقانەی من بوو، جێگاکەی و بەخۆیشی زۆر جیاوازبوو». کاتێك کۆچی دوایی کردووە دوا گووتەی ئەوە بووە: «بەردەوام دوعا بکەن، خێر بەسەر هەرکەسێکدا بڵاوبکەنەوە«.

دواتر کاتێك رۆڵی ئەوم لە هەڵسەنگاندنەکانی سەبارەت دایك و ژن تاوتوێکرد، پێویستی ئەوەم بینی بچووکی نەبینم و مافی خۆی پێبدەم. ئەم هەڵسەنگاندنانەشی سەبارەت بە ژنان زۆر عاریفانە بوو کە دەیگووت «زۆر زەحمەتە بەو مێشك و کەسایەتیەوە ژن بدۆزیەوە«، دەبووایە ئەقڵی ئەم دایکەم پەسەند بکەم کە پێموابوو لە کین بەولاوە هیچ تایبەتمەندێتیەکی دیکەی نییە، بەڵێ بەهۆی ئەو مێژووەی کوێرمان دەکات لەیەکتر نامۆ ببووین. بەڵام کاتێك بۆ رابردوو دەگەڕێمەوە و تەماشایەکی دواوە دەکەم، ئەوا دەمبینی و پەسەندم دەکرد کە دەنگێکی رەسەنی کولتووری خوداوەندی دایك بووە و پڕ بەمنەتەوە یادی دەکەمەوە، چونکە ئەم دەنگەی بەمن گەیاند. ئەوەی یاخیبوونم بەرامبەری کرد، دایکم نەبوو، بەڵکو سیستەمی دووڕوو و نامۆ و ستەمکاری کۆمەڵگەی باڵادەستی پیاو بوو کە ژن و دایکی کردبوو بە هیچ. هەرچەندە لە یەکتریشمان پیرۆز نەکردبێت، بەڵام ئەوەم سەلماندووە کە کوڕێکی باشی دایکم بووم.

لەساڵی ١٩٦٣ لە نزیپ لەمیانەی چوونم بۆ قوتابخانەی ناوەندی، دووەمین قۆناخی ژیانم دەستپێدەکات. لەلایەن خوشکی گەورەم کەلسوم و داپیرەم حەوا(دایکی دایکم) هەوڵمدەدا لەسەر دوا تواناکاریە لاوازەکانی پەیوەندی خزمایەتی بەڕێوەبچم. نیزیپ ئەو شوێنە بوو کە خاڵەکانم و پورەکانم لێی دادەنیشتن ئەو شارە بوو کەبەخێرایی لە ناوچەکە پەرەیدەسەند. کارگامێش بۆ سۆمەریەکانی سەردەمی کۆیلەداری چ واتایەکی هەبێت، ئەوا نیزیپ کە لە شوێنێکی نزیکی ئەو ئاواکراوە، لە هەلومەرجەکانی کۆماردا

> **کاتێك دەرکم بەوە کرد کەلەبوارەکانی ئایین و سەربازی ناتوانم پێشکەوتن بەدیبێنم، گۆڕەپانی سیاسیم وەکو ئامانجێك بۆ خۆم دیارکرد**

هەمان رۆڵی هەبوو. لەسەر نکوڵیکردنی رابردوو کۆلۆنیەکی نوێی سەرمایەداری پەرەیدەسەند. تەنیا لەرێی ئەو شووشە و پەیکەرانەی خاڵۆم مستەفای بازرگانی شتومەکی کۆن لەوەختی بەرەبەیاندا دەیهێنا و دەیبردن، دەرکم بە نکوڵیکردن لەمێژووی رابردووی وێرانەکانی شوێنەواری کارگامێشی مێژوویی و بەلقیس ـ زەوگما دەکرد. لەگەڵ ئەوەی هەستم بەوەکرد کە لەقوتابخانە لەگەوهەردا تواناکاری ئاوێتە بوونی ئەوتۆم نەبوو، بەڵام لەرووخساردا دەمتوانی لەریزی پێشەوە لەسەر هێڵێکی سەرکەوتوودا بەڕێوە بچم. هەڵوێستی وشکی داپیرەم حەوا بەجۆرێك خۆی پیشاندەدا کە دەیگووت هێندەی دەخوازی ناتوانی نانەکەم بخۆی. دەرکم بەوە دەکرد کە رووبەڕووی جیهانی رکابەرەکان بوومەتەوە.

قوتابیەکی زیرەك و بەرچاوی مامۆستایان بووم. سەرنجیانم بۆ سەر خۆم راکێشا بوو، متمانەیانم بەدەست هێنابوو؛ یەك بەدوای یەك نمرەی باشم لێیان وەردەگرت. بەڵام پاشماوەی تایبەتمەندیەکانی دەرەبەگایەتی و لاوازیەکانی ژیانی بۆرژوازی کە هەستمکرد ناتوانم لەگەڵیان ئاوێتە بم، دەبووە کۆسپ لەوەی ببمە خاوەن هیوا و ئومێد. دوای قوتابخانەی ناوەندی لەجیاتی قوتابخانەی مامۆستایان، خوێندنی دواناوەندیم هەڵبژارد. چونکە توانای خوێندنی بەپارەم نەبوو. وەک خوێندنی بەخۆڕایی دواناوەندی و خوێندنگای پیشەکاری بژارەکانی پێشم بوون. بەڵام داخوازی راستەقینەم دواناوەندی سەربازی بوو. لەبەر ئەوەی تەمەنم گونجاو نەبوو، رێگای لەپێش گەورەترین دۆخی خەیاڵ شکاوی کردەوە. هەروەکو بڵێی ئەم رووداوە گورزێکی گەورە بوو بەر خەیاڵی گۆڕینی کۆمەڵگە بەرێگای هێزەوە کەوت. کاتێك دەرکم بەوە کرد کەلەبوارەکانی ئایین و سەربازی ناتوانم پێشکەوتن بەدیبێنم،

گۆڕەپانی سیاسیم وەکو ئامانجێك بۆ خۆم دیارکرد. دواناوەندی پیشەکاری رووپێوی (مساحە) کە لێی وەرگیرابووم، دەبووە قۆناخێکی گوزەرکردن بەرەو ئەو ئامانجە. ئەم خوێندنگایە لەناوەندی ئەنقەرە بوو. لەماوەی نێوان سالانی ١٩٦٦ ـ ١٩٦٩دا لەوێم خوێند. بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە پۆلەکانم دەربازکرد. تا قۆناخی پۆلی دووەمی دواناوەندی ئایدیۆلۆژیای ئایینی لە پێشتر بوو. لەقۆناخی دواناوەندیشدا درێژەم بە رێکخستنی گرووپەکانی نوێژکردن دا. هەروەها کۆمەڵەکانی ئولکە ئۆچاغلاری و تێکۆشان بەرامبەر کۆمۆنیزمم سەردان کردن. لێرەدا گوێبیستی هەندێک کۆنفرانس بووم کە سلێمان دیمرال یش بۆی دەهات. لەبواری ئایدیۆلۆژیەوە لەکۆنفرانسی نەجیب فازل کساکورك هەستم بەسەرنج راکێشترین کاریگەری کرد. گەرچەندە مەترسیش هەبوو، بەڵام تا نیوەی شەو گوێم لەکۆنفرانسەکەی گرت. وەڵامێکی سۆزداری دەدایەوە ئەو کینەی بەرامبەر کۆمەڵگەی بۆرژوازی هەم بوو؛ ئاماژەی بەهەبوونی رێگای دیکە دەکرد.

یەکێك لەبەکاریگەرترین مامۆستاکانی ئەم قۆناخەم مامۆستای ئەدەبیات بوو. سەرهەنگ فاروق چاغلایان کە لەهەمانکاتدا مامۆستای ئەدەبیاتی قوتابخانەی شەڕ( مدرسە الحرب) بوو، پەیوەندیەکی نائاسایی بەرامبەر بەمن پیشاندەدا. نووسینەکانی منی لەگیرفانی خۆی هەڵدەگرت و لەگەڵ خۆیدا دەیگەڕاند، وەکو نموونە لەگەڵ مامۆستاکان گفتوگۆی لەسەر دەکرد، پێشنیاری بۆ قوتابیەکانی پۆل دەکرد بەهای من بزانن و تا ئەم رادەیە باوەڕی پێدەدام. تەنانەت منی بۆ لای دکتۆرە تایبەتەکەی خۆشی برد. پەیوەندیداریەکەی بەرامبەر من، بەردی بناخەی پێشکەوتنی متمانە بەخۆکردنم بوو.

لەپۆلی کۆتایی دواناوەندی (رووپێوی) خولیام بۆ چەپ پێشکەوت، ئەمەش

> **بەبێ ئەوەی لەبواری فەراسەت و چەمکدا ئیقناع ببم، رۆژ بەدوای رۆژ ژیانم ئاستەمتر دەبوو، گومانکردنم گەیشتبووە ئاستی هەرە بڵندی خۆی**

چیرۆکێکی سەیری هەیە. ئەو کاتەی چەپڕەوی ـ راستڕەوی وەك مۆدێلێك هاتە مەیدان، من بەتەدبیر هەڵسوکەوتم کرد. بەمەعریفەیەکی سنووورداری وەها گەیشتبووم کە بەبێ تێگەیشتن بڕیار نەدەدم. زانیاریم سەبارەت بە هەردوو بابەتیش سنووردار بوو. هێزێکی وەهام نەبوو دۆگماتیزم تێپەڕبکەم. بەڵام دیسان دەتوانم ئاماژە بەوە بکەم کەلەساڵی ١٩٦٨ کەوتمە سەر راستەڕێی دووڕیانێک. لەساڵی ١٩٦٩ لەمیانەی تەقلیبوونی مەراسیمی عیمران ئۆکتەمی سەرۆکی دادگای باڵا وەڵامی دەنگی پێی رەوتی چەپم دایەوە. ئیتر لەبواری کرداریشدا دەتوانرا بەچەپ لەقەڵەم بدرێم. تەواوی ئەم گۆڕانکاریە نائاساییانە لەماوەی یەك دوو ساڵ روویاندا. مێشکم تەواو بۆ ناوەندێکی گومانکردن گۆڕابوو. ئیتر لایەنگریکردنی چەپڕەوان یاخود راستڕەوەکان، منی تێرنەدەکرد. لەنێو برسێتی ئایدیۆلۆژیدا بووم. یەکێکی وەهاش نەبووم لەرێگای دروشمەکانەوە بکەومە جوڵە.

بەبێ ئەوەی لەبواری فەراسەت و چەمکدا ئیقناع ببم، رۆژ بەدوای رۆژ ژیانم ئاستەمتر دەبوو. گومانکردنم گەیشتبووە ئاستی هەرە بڵندی خۆی. گومانم لەهەموو شتێك دەکرد. ئەو زانیاریە فەلسەفیە سنووردارانەی بەدەستم هێنابوون، گومانەکانی زیاتر دەکرد. وەك چۆن نەبووم بە ملیتانێکی راستڕەو، نەدەبووم بەملیتانێکی ئاسایی چەپڕەویش. لەناو کەش و هەوایەکی بەمجۆرەدا لەساڵی ١٩٧٠ لە دیاربەکر وەک تەکنیکارێکت رووپێوی و تاپۆ دەستم بەکاری فەرمانبەری کرد. یەکەمین جار بوو پارەیەکی زۆر بەدەست بێنم. ئیتر گفتوگۆکردنی کوردایەتیش کەوتبووە ناو گفتوگۆکانی چەپگەریەوە. دیاربەکر(ئامەد) شارێك بوو کە دانیشتوانەکەی بەتەواوەتی کوردبوو. هەربۆیە کێشەی نەتەوەیی زیاتر جددیەتی خۆی دەسەپاند. لەوێدا ئامانجم ئەوەبوو تاقیکردنەوەی وانەکانی دواناوەندی بدەم و بچمە زانکۆ. لەوەشدا سەرکەوتم. لەهەمانکاتدا دیپلۆمەی قوتابخانەی دواناوەندی

زیاگۆکالپم وەرگرت. پارەیەکی وەهام کۆکردەوە بەشی زانکۆ بکات. ئەو ساڵە لە تاقیکردنەوەکانی چوون بۆ زانکۆ، زانکۆی یاسای ئەستەنبۆڵم بەدەستهێنا. شوێنی دامەزراندنی خۆم بۆ باقرکۆی ئەستانبوڵ گواستەوە. کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٠ و ساڵی ١٩٧١ م لە ئەستەنبوڵ بەسەربرد. بە خێرایی بووم بە ئەندامێکی (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کولتووری رۆژهەلاّت DDKO ). هەڵوێستێکی رەخنەگرانەم هەبوو بەرامبەر رێبەرایەتی بەریشە دەرەبەگ کە رێگای پێشکەوتنی بنبەست دەکرد. بەشێوەیەکی رەخنەگرانە هەڵوەستەم کرد. سەرباری ئەمەش ئەوە هەنگاوێکی جددی بوو. لەکاتێکدا بەخێرایی بەرەو پێگەی ئەندامێکی لە پێشینە دەچووم، کودەتای ٢ی ئاداری ١٩٧١ روویدا. ئەگەر ئەم کودەتایە کەمێك درەنگ تر بهاتبووایە، لەوانەیە منیشی لەگەڵ خۆی بردبووایە. هەربۆیە بە تەنیشتمدا تێپەڕبوو.

لەئەستەنبوڵ ئاشنای کەسایەتی وەکو موسا عەنتەر و حیکمەت کفلجملی بووم. موسا عەنتەر وەکو رۆحی DDKO وابوو. ئەزموونەکانی خۆی بۆ باسدەکردین، دەیگووت«مەهێڵن یاریتان پێ بکەن». بەتایبەت گوێبیستی گووتەی «رۆڵەکانی میزۆپۆتامیا، سەرکەوتن بۆ تێکۆشانتان دەخوازم» لەحیکمەت کفلجملی بووم. بەڵام ئەوەی رێگای لەپێش بژارێکی ریشەیی من کردەوە، ئەو ئاخافتنەی ماهیر چایان بوو کە چەند رۆژێك بەر لە هەنگاونان بۆ خەبات و تێکۆشانی نهێنی لە زانکۆی پیشەکاری ئەستەنبوڵ بەتەنیا چووە


ئۆجالان کاتێك خواردن بە کۆتر دەدات

سەر سەکۆ بە دەنگە رەسەن و بەبڕیار و باوەڕەکەی و بەوشیاریەوە دەیگووت «ریفیزیۆنیزم واقیعێکە، پێویستە لە دژی بوەستین. ناکرێ کێشەی کورد پەردەپۆش بکرێت، نابێ ئەمە پەسەندبکرێت. ئەگەر داکۆکی لەسەر هەڵوێستی هەڵپەرستانە بکات، پێویستە پەیوەندیەکان بپڕدرێت»، ئەم ئاخافتنەش نزیکبوونەوەی منی لەچەپڕەوی قووڵتر کردەوە.

لەساڵی خوێندنی ١٩٧١ ـ ١٩٧٢ لەریزی بیستەمدا سەرکەوتم و لەزانکۆی ئەنقەرە لە کۆلێژی (فاکڵتی) زانستە سیاسیەکان وەرگیرام. ئیتر بەئامانجەکەی خۆم گەیشتبووم. ئیدی لەکۆلێژی زانستە سیاسیەکان فێری سیاسەت دەبووم. ئیتر هێندە ئاستەم نەبوو ببم بەملیتانێکی لە پێشینەی چەپڕەوێتی. کاتێك لەئەنجامی کودەتای ١٢ی ئادار ملیتانە لە پێشەکان دووچاری تەسفیەبوون و گرتن بوون، رێگامان والاّبوو. لەمیانەی وشیاری و ئەزموونی سنووردار، ئەو سێ ساڵەی

پێشتر لە ئەنقەرە بەسەرم برد رۆڵی لەوەدا بینی بەخێرایی بەرەو پێشەوە برۆم. وەك لایەنگرێکی سروشتی بەرەی پارتی کۆمۆنیستی گەلی تورکیا THKP-C جموجۆڵم دەکرد. لەزانکۆو کۆلێژی زانستە سیاسیەکاک زاڵ بوون. ماوەیەکی درێژ چاوەڕوانی THKP-C راستەقینەکانم کرد. کاتێك قەڵەمبازە چاوەڕوانکراوەکانم نەبینی، ئیتر هێدی هێدی لەسەر رێبازی خۆم قاڵدەبوومەوە. هەنگاوەکانم بۆ ئامادەکاری سەبارەت بەکێشەی نەتەوەیی کورد دەست پێکردبوو. بەهۆی هەڵوێستە شۆڤێنیەکانیانەوە بەرێوەچوون لەگەڵ چەپی تورك ئاستەم دەبوو.

شەهیدبوونی ماهیر چایان و هەڤاڵەکانی و ئەنجامدانی یەکەمین چالاکی بایکۆت بەرامبەر ئەم رووداوە، رێگای لە پێش زیندانیکردنێکی حەوت مانگی کردەوە. بەهۆی لاوازی و ناتەواوی شاهێدەکانم، لە پانزدە ساڵ زیندانی کردن رزگارم بوو. لەو

ماوەیەی لەزیندان بووم دەنیز گەزمیش و دوو هەڤاڵەکەی یوسف و حوسێن لە سێدارەدرابوون، ئیبراهیم کایپاک قایە لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید کرابوو. تابلێی چەپ سەرکوت کرابوو. کاتێك لەکۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٢ لە زیندانی ماماق دەرکەوتم، ئیتر بە تەواوی خۆم بەگوێرەی قەڵەمبازی گرووپی سەربەخۆ ئامادە دەکرد. لە نیسانی ١٩٧٣ لە ئەنقەرە، لەبەنداوی چوبوك یەکەمین کۆبوونەوەی سەبارەت بە چارەسەری کێشەی کوردم لەگەڵ شەش کەس ئەنجامدا. بیرۆکەکانی دژ بە داگیرکاری کوردستانم بە بناخە وەردەگرت. ئەمە پێهەڵگرتنێکی تایبەت و رەسەن بوو. لەساڵی یەکەم نزیکەی دوازدە خوێندکاری زانکۆمان هێنایە ریزی گرووپەکەمانەوە. حەقی قەرار و کەمال پیر و دوران کالکان کە بەریشە تورك بوون هاتبوونە ریزەکانمان. لەساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ بەڕێوەبردنی ئەرکی بەرپرسیارێتی «کۆمەڵەی دیموکراتی خوێندنی باڵای ئەنقەرە» ADYÖD چانسی گەشەکردنی گرووپی زیاد دەکرد. کاتێك لەساڵی ١٩٧٦ بەشێوەیەکی ریشەیی لەچەپی تورك دابڕاین، بڕیاری گەڕانەوەمان بەرەو کوردستاندا، لەگەڵ کۆبوونەوەی دیکمانی ساڵی ١٩٧٦ بۆ یەکەمین جار حەقی قەرار بەرەو ئاگری، مەزلوم دۆغان بەرەو باتمان کەوتنەرێ. ئیتر ئەو پردانەمان دەفڕاند کە ئێمەی بە سیستەمەوە گرێدەدا. ئەو کاتە بە ئاپۆچیەکان یاخود سوپای رزگاری نیشتمانی ناودەبراین.

بۆ وەڵامدانەوەی پیلانگێڕی تیرۆرکردنی حەقی قەرار لەساڵی ١٩٧٧ لەعەنتاب، پرۆگرامەمان ئامادەکرد، ئەو یەکێتیە مەترسیدار و سۆزداری و ماجەڕایەی لەگەڵ کەسیرە یڵدرمئەنجاممداو ئاراستەگرتن بەرەو دیاربەکر بەئامانجی گەیشتن بەئەنجام،

**ناسنامە و وشیاری و ئیرادەم نەیدەهێشت تەڤلی پەرەسەندنێکی شێوازی بۆرژوای تورکیای ساڵانی ٦٠ - ٨٠ و پەرەسەندنێکی شۆڕشگێڕی وەها ببم**

هەروەها کۆبوونەوە ٢٣ کەسیەکەی گوندی فیس و بڕیاردان دەرهەق بەجولانەوەکە وەکو پارتیەك، کۆتایی بە قۆناخێك دەهێنا. لەکاتێکدا تورکیا بەرەو کودەتای ١٢ی ئەیلول ئاراستەی گرتبوو، یان دەرکەوتن بۆ دەرەوە یاخود ئەگەر بەردیش شەق ببات بەرخودانێکی شاخی چەند مانگێك یان چەند ساڵێك، وەکو بژار رووبەڕوومان ببووەوە کە شەرەفی مرۆڤ دەپارێزێ. دەستگیرکردنی شاهین دۆنماز و یلدرم مەرکیت و ئیعترافکردنیان و داواکاریەکانی کەسیرە، کۆچی ٢ی تەمموزی ١٩٧٩ی ئێمەی بەرەو رۆژهەڵاتی ناوین مسۆگەرکرد. ؛ منیش وەکو یەکێکی خەڵکی ئورفا، جارێکی دیکە هەمان رێگای حەزرەتی ئیبراهیممان دەگرتە بەر لەپێناو هەمان ئامانجی پیرۆز و دادوەری، لە پێناو یەکسانی و ئازادی لە ئورفاوەرێگای ناوچەیەکی دیکەی پیرۆزمان دەگرتە بەر.

ناسنامە و وشیاری و ئیرادەم نەیدەهێشت تەڤلی پەرەسەندنێکی شێوازی بۆرژوای تورکیای ساڵانی ٦٠ - ٨٠ و پەرەسەندنێکی شۆڕشگێڕی وەها ببم کە تا دواڕادە ماجەڕایە، بێ سەرۆکایەتیە، رێباز و کردارەکەی یەکلا نەبۆتەوە. بەشێوەیەکی سەرتاپاگیری نەمدەتوانی تواناکاری هەرسکردنی دەزگاکانی کۆمار پیشانبدەم. لەراستیدا کۆماری تورکیا لەمیانەی نکوڵیکردن لەناسنامەی کورد چانسی ئەوەی لە دەستدابوو هەرس بکرێت. دەتوانی چ بە دیاردەیەك بڵێی کە نکوڵیت لێکردووە یاخود لەمیانەی ئیرادەیەکی یەکلایەنەوە مشار بگریتە دەست و بڵێی: «من بەمجۆر پارچەت دەکەم و شێوەت پێدەدەم»، رووبەڕووی کامە ئامانج دەبیتەوە؟ ئەوەی بەرامبەرت دار نییە، مرۆڤە. ئەم چەمکە دەشێ تەنیا بۆ سیستەمی دەوڵەتی کاهینی سۆمەرو میسر لەجێی خۆیدابێت کە ٣٠٠٠ ساڵ پێش زایین تازە سەریهەڵدابوو. ئەوانیش وەکو پێویستیەکی ئیرادەی رەهای خودایی، هاوولاتیەکانیان لەمیانەی چەمکێکی یەك لایەنە بەڕێوەدەبەن کە تەنیا لەناو زیندەوەرە خشۆکەکاندا هەیە. ئەو ئایدیۆلۆژیا فەرمیەی لەسەر بنەمای نکۆلیکردنە ناوی کۆماریش بێت، ناشێ هیچ واتایەکی لەمە جیاوازتر لەخۆیەوە بگرێت. ئەگەر شێوەیەکی توانەوە (ئاسینیلاسیۆن)

ی داگیرکاری بەشێوازی شارستانیەتی ڕۆژئاوا پەرەیسەندبووایە، لەوانەیە واتایەکی هەبووایە. شایانی باسە کە قەدەغەکردنی زمان لە سیستەمی کاهینی سۆمەر و میسر بە خەیاڵیشیاندا نەدەهات. لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی تورکیا کار گەیەنرابووە ئەم ئاستە.

لەکاتێکدا لەو ساڵانەی بەرەو ١٩٨٠ دەچووین من وەکو تاك و PKK ش شێوەمان دەگرت، دیاردەی کۆماری بەرامبەرم فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە بوو. ئەوە لەولاوە بمێنێ کە دان بەناسنامەی کوردواندا بنرێ، بەڵکو هەموو جۆرە ڕێگا و ڕێچکەیەکی لەگۆڕانی لەرۆژەڤدابوو. بێگومان لەبەرامبەر سیستەمێکی نکوڵیکاری خراپتر لە کائۆس بەشێوەیەکی سروشتی لەشوێنی خۆی دەژمارد و دەکەوتە ناو نیگەرانی و گومانەوە. ئەگەر تۆزقاڵێك تایبەرمەندێتی شەرەفمەندانەی مرۆڤی هەبێت، ئەوا بەرامبەر بە بوویەرو ڕووداوەکان لێپرسینەوە دەکات؛ هەوڵدەدات مانای هۆکاری نکوڵیکردنی کاسکامەی کورد شیکار بکات. ئەمەش بە واتای یەخەگرتن و لێپرسینەوەی کۆمەڵگاو دەوڵەتی فەرمی بەرامبەری دەهات. لەمیانەی وشیاری ناسنامەی کولتووری و چینایەتیم کە بەگوێرەی ئەو قۆناخە پێکهاتبوو، تاکە خەباتی واتاداری دەمتوانی ئەنجامی بدەم، ئەوەبوو ئەگەر هیچ نەبێت شتێك لە وزەی شاراوەی کوردان فەراهەم بکرێت. تەنیا بەمجۆرە وابەستەبوونمان بەیادی شۆڕشگێڕەکانی تورکیا و بەتایبەتی یادی شەهیدی هێژای گرووپەکەمان هەڤاڵ حەقی قەرار دەسەلمێنرا. ڕەوشەکە لە ڕۆیشتن بەدارستانێکی هۆڤانە دەچوو کە هیچ کەسێکی تێنەکەوتبێت.

**زۆر ئاشکرایە کە هاوشێوەی حەزرەتی ئیبراهیم، موسا، عیسا و حەزرەتی محەمەد ئێمەش لە ئاست تەواوی پێکهاتە زیهنی و ڕۆحیەکانی ڕۆژی ئەمڕۆمان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی سەرو و خواروو بزووتنەوەیەکی شکاندنی بتمان دەست پێکردبوو**

لەمجۆرە ساتانەی مێژوودا بەردەوام قەڵەمبازی هاوشێوە ئەنجامدەدرێت. ئەوانەی هەنگاو بۆ قەڵەمباز دەهاوێژن ئامادەکاریەکی ئەوتۆ و ستراتیژیەتی نییە. واتە هەنگاوێک بۆ نادیار(مجهول) دەهاوێژی، شتی نوێ تەنیا بەمجۆرە لەدایك دەبێت. دەرکەوتنی حەزرەتی محەمەد لە مەککە و کاروانی قودسی حەزرەتی عیسا لەگەوهەری خۆیدا هەمان واتایان هەیە. یان تەسلیمی نەزانی و نکوڵیکاری قۆناخ دەبیت، یاخود بن پێیدەکەیت. بەجۆرێکی دیکە پێشکەوتنی مێژوویی بەدینایەت.

ئەو قەڵەمبازە شۆڕشگێڕیەی لەخاکی ئەنادۆڵ و میزۆپۆتامیاوە بەرەو وڵاتە پیرۆزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین ئەنجامم داوە، نموونەی مێژووە هاوشێوەکانی دێنێتەوە بیری مرۆڤ. کاتێك ڕێگای ڕۆهەڵاتی ناوینم گرتەبەر، هاوشێوەی شکاندنی بتەکان لەلایەن حەزرەتی ئیبراهیمەوە، لەڕاستیدا منیش بەشێکی گرنگی نەریتی پێنج هەزار ساڵیم شکاندبوو، هەڵبەتە وەك حەزرەتی ئیبراهیم، چیتر منیش نەمدەتوانی لەشوێنی خۆم بمێنمەوە. کۆچکردن دەستلێبەرنەدراوبوو، دواتر زۆرباش دەرکم بەو ڕاستیە دەکرد کە بەدرەنگ کەوتنێکی دوو هەزار ساڵیەوە، کارێکی هاوشێوەی حەزرەتی ئیراهیمم کردوە. هەرچەندە لەسەرەتاکاندا هێندە ئاگادار نەبم و دەرکیشم پێنەکردبێت، بەڵام دواتر ڕوون دەبۆوە کە هەر لەسەردەمی منداڵیەوە و لەژێر هەلومەرجی تایبەت بەخۆیەوە، لەبنەڕەتدا بەرامبەر سیستەمێکی پێنج هەزار ساڵەی شارستانیەت ڕاپەڕیوم. لەهەمانکاتدا ئەو ڕاستیە دەبوو بەشۆڕشگێڕیەکی تایبەت بەخۆی.

ڕاستینەکانی سەدەی بیستەم کەلێی بەگومان بووم دەبوایە لەبەرامبەریدا چۆك دانەدەم. بەمجۆرەش ڕۆحی مرۆڤایەتیم تەسلیمی ئەو نەدەکرد. یاخیبوون ریشەیی بوو و شایستەی نموونە مێژووییەکان بوو. زۆر دووری نەتەوەپەرستیەکی تەسك بووم، بەناوی مرۆڤایەتی بەرپرسیارێتی بوون بەهیوا و ئومێدم لەدەست نەدەدا. بەکورتی و

بەپوختی باوەڕیم بەجیهانی بونیادنراو نەبوو و تەسلیمی نەدەبووین. بەبێ سڵەمینەوە پەیجوری یۆتۆپیای نوێ بووین کە پێویست بوو پشت بە راستی و دادوەری و جوانی ببەستێ. هێزە ماتریالیستەکانی سەردەم هەرچەندە زۆرینەش بن، بەڵام ئافراندنی یۆتۆپیاگەرا نوێکانی رۆژهەڵاتی ناوین، دەبوو بە عینادێك بەرامبەر هەموویان. زۆر ئاشکرایە کە هاوشێوەی حەزرەتی ئیبراهیم، موسا، عیسا و حەزرەتی محەمەد ئێمەش لە ئاست تەواوی پێکهاتە زیهنی و رۆحیەکانی رۆژی ئەمرۆمان و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی سەرو و خواروو بزووتنەوەیەکی شکاندنی بتمان دەست پێکردبوو.

ئەوەی ئەنجامدراوە قەڵەمبازی قەومێک یاخود گرووپێکی ئەتنیکی نییە؛ لەمیانەی هەنگاونان بەو باوەڕیەی کە ئایدیۆلۆژیای شۆڕشگێڕی هاوچەرخە، ئەزموونی سەرلەنوێ خۆ پراکتیزەکردن و بەژیانیکردنە. هەموو شێوەیەکی کۆیلایەتی رەتدەکرێتەوە، تاوەکو بڵێی باوەش بۆ ئازادی دەکرێتەوە. لەناو سەختترین هەلومەرجدا و لەمیانەی مامانێتی زەبری شۆڕشگێڕیەوە، ئەو شوێنەی بۆ سەرلەنوێ لەدایکبوون هەڵبژێردراوە، لەسەرووی شوێنە گونجاوەکانی جیهان دێت. هەروەکو ناوك و تۆوەکانی باوەڕی کە لە مێژوودا لەو ناوچەیە هەوێن بووە و لەوێشەوە بەجیهاندا بڵاوبووەتەوە، رۆڵی بوون بەو تۆو ناوکە تەواوی کەسایەتیی پێچاوەتەوە. سەرەکیترین تایبەتمەندێتی مێژوویی و سەردەمیەکان لەسەرووی هەمووشیانەوە تایبەتمەندێتیە سیاسی و ئایدیۆلۆژیەکان، کولتووری، چینایەتی و نەتەوەییەکان لێرە وەکو هەویر بەیەکەوە دەشێلدرێن و دەکرێت بە خانەیەکی سەرەکی و لەمیانەی گوزارشتێکی ئازادانەی بەهێز لەپێناو سەرخستنی لەدایکبوونی نوێ، وەکو پیرۆزی کاهین ـ موئمین هەموو جۆرە هەوڵ و کۆششێك دەدرێت. هەروەکو بڵێی هاوڕێی حەزرەتی ئیبراهیم، هەوڵدەدەم بە خێرایی و زەحمەتیەوە رێگا بکەمەوە. هەروەکو حەزرەتی موسا، بۆ ئەوەی ئەو قەومە نەفرەتلێکراوە لاڕێبووەکەی بێنێتەوە سەر راستەڕێ، تاوەکو دوایی هێزی هزری خۆمم دەکردەوە. هەروەکو عەزیز پاوڵ باوەڕمەندەکان بۆهەموو شوێنێك دەنێرم و بڵاودەکەمەوە. بۆ ئەوەی ویژدانی مرۆڤایەتی لەدەست دەرنەچێ، چەندەی بڵێی نزیکی شێوازی پێغەمبەرایەتی دەبمەوە.

> **بەرامبەر بەهەر شتێکی لەناو خێزان و گوند بەگوێرەی ئەقڵ و ئازادیم نەبینیوە، بەواتای هەژانی نەریتی پێنج هەزار ساڵە دەهات**

ئەو گوناهەی من لە منداڵیەوە ئەنجامم دا، لەراستیدا سەرچاوەی خۆی لەو سەرهەڵدانە دەگرێت کە بەرامبەر قەدەرو دابونەریتی پێنج هەزار ساڵە کردم، گومان و ناکۆکییە دژوارەکانم لە گوند، ئەو سیستەمە پەیوەندیدار دەکات کە لە قووڵاییدا جێگیر بووە. هەر لەسەرەتاوە هەڵوێستی سەربەخۆم بەرامبەر بەهەر شتێکی لەناو خێزان و گوند بەگوێرەی ئەقڵ و ئازادیم نەبینیوە، بەواتای هەژانی نەریتی پێنج هەزار ساڵە دەهات. پێگەی تایبەتی باوك و دایك، بێ کاریگەرکردنی یەکتریان لەناو خێزاندا، یەکجار لاوازبوونی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی و نەبوونی سەرۆکێکی سەرەڕۆ لە گوند دا، بەواتای شکانی زەمینەو هەلومەرجی باو دەهات. کەسایەتی دایکم کە زیاتر تایبەت بە کۆمەڵگەی نیۆلۆتیک بوو، قاڵبەکانی کۆیلەداری لاوازتر دەکرد. هەروەها بێچارەیی و نەبوونی بانگەشەی باوکم بەناوی سیستەم، زیاتر بواری لە پێشدا دەکردمەوە. لەمیانەی کەسێتییە گەشە کردووەکەم ئەم زەمینەیەم هەڵدەسەنگاند. چەندە مەودام دەبڕی، متمانەم بەخۆم زیاتر دەبوو. گاڵتەو توانجی لادێییەکان کاریگەری لێم نەدەکرد. هیچ دەستەڕۆییەکیش نەدەما پێشم لێ بگرێت. لەراستیدا لەناوەڕاستی گوند یاخیبوونم بەرامبەر باوکم کە گەورەترین دەسەڵاتە، لە بنەڕەتدا سیستەمی پێنج هەزار ساڵەی کاهینی سۆمەری دەهەژاند. هێزی ماڵەوە و گوند تێری پەروەردەکردنی منی نەدەکرد، ئیتر ئەو باوەڕی و متمانەم بەدەست هێنابوو کە بەرێگای خۆمدا بڕۆم. دەتوانرێ هیوا و ئومێد لەو منداڵە چاوەڕوان بکرێت کە قاڵبەکانی کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتی رووخاندووە.

خودی شارستانیەت سیستەمێکی یەکانگیرە. شۆڕشێك تەنیا بەو ئەندازەیەی ئەم یەکانگیری یان گشتگیریە شیبکاتەوە، دەتوانێ بانگەشەی ئەوە بکات کە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی جیاوازە.

**نەریتی بەرخودانی شکۆمەندانەی باپیرەگەورەکانی خێڵ و هۆزەکانمان، لەگەڵ نەریتی پێغەمبەرایەتی باپیرەمان حەزرەتی ئیبراهیم و نەریتی ئاشتی بەشکۆی حەزرەتی عیسا، بەشێوەیەکی زۆر سەیر و سەرنجراکێش لەکەسایەتی مندا دەبوون بەیەك و یەکیان دەگرت**

هەر شارستانیەتێکی نوێ کە دێت لەجیاتی رووخاندنی شارستانیەتی کۆن، رۆڵی تۆکمەکردنی دەبینێ، هەرە دوایی ئەوەی کە سۆسیالیزمی بونیادنراویش ئەنجامیداوە هەر ئەمەیە. ئەمەش بەڵگەیەکی سەلمێنەری تێپەڕنەکردنی سیستەمە. ئەم سیستەمەش بەسیفەتی راستڕەو و چەپڕەو لەسەر کۆمەڵگەی تورکیا بە شێوەیەکی تێکچوو و لاواز رەنگدەداتەوە. یەکێک کە لەشوێنگەی مندا بێت، تەنیا دەتوانێ رێککەوتنی کاتی هەم لەگەڵ کۆمەڵگەی فەرمی بۆرژوازی و هەم لەگەڵ پاشماوە چەپڕەویەکەی ئەنجامبدات. چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت هەردووکیان لەناو یەکتردا بتوێنەوە. ئەم بابەتەی بەشێوەیەکی تیۆری راستە، لەبواری کرداریش ئەنجام دەدرا. هەم بە مەودا نزیکی مارکسیزم و سۆسیالیزمی بونیادنراو دەبوومەوە، هەم بەشێوەیەکی هاوشێوە پێشوازیم لە شێوەی مارکسیسزمی ڤێرسیۆنی تورکیا دەکرد. شتێکی سروشتییە کە هەڵوێستێکی هاوشێوە بەرامبەر کۆپیە بێکاریگەرەکانی لەرۆژهەڵاتی ناوین پیشان بدەم. نەمدەتوانی لەناو پێکهاتەی هیچ یەکێك لەدەوڵەت و شۆڕشگێڕێتی چەپڕەوی ئەواندا بتوێمەوە. گرتنەبەری رێگای خۆم ناچاری بوو. هەرچەندە بەتەنیاش بم، بەڵام قووڵایی واتاو شکۆداری ئەو رێگایەی دیارکرا بوو روون و ئاشکرا بوو. بۆ یەکەمین جار بوو لە کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوین تەواوی سیستەمە کۆن و نوێکانی داگیرکاریم دەخستە بەرامبەر خۆم و لە پێگەیەکدا دەبووم کە تا دوا سنوورەکانی یەکسانی و ئازادی درێژ بۆتەوە. لێگەڕینەکانم سەبارەت بە سیستەم هێندە قووڵە کە شارستانیەتەکانی زادەی رۆژهەڵاتی ناوین تێپەڕ بکات. بەو رادەیە گرێدراوی ناسنامەی خۆیەتی کە سیستەمی رۆژئاواش وەك خۆی پەسەند ناکات. ئەم رەوشە لە ئەنجامدا تەواوی سیستەمی ئیمپریالیستی جیهان لەبەرامبەر خۆیدا دەبینێتەوە.

نەریتی بەرخودانی شکۆمەندانەی باپیرەگەورەکانی خێڵ و هۆزەکانمان لەگەڵ نەریتی پێغەمبەرایەتی باپیرەمان حەزرەتی ئیبراهیم و نەریتی ئاشتی بەشکۆی حەزرەتی عیسا بەشێوەیەکی زۆر سەیر و سەرنجراکێش لەکەسایەتی مندا دەبوون بەیەك و یەکیان دەگرت. بەڵام سەرجەم سەرە گەورەکانی نەمرودە هاوچەرخە جیهانیەکان(نێودەوڵەتیەکان) بەهەموو نەفرینێکی سەدەی بیستەمەوە سەیرکردنی ئەو ئازارانەی لەکەسایەتی مندا گەلەکەمیان دووچار کردبوو، لەمیانەی سیستەمێکی تەڵەزگە و فێڵبازیەوە رێکیان خستبوو کە دەگمەنترین شانۆگەریەکانیشی تێپەڕدەکرد، سەیرکردنی ئەو دۆخەیان بەپێویستیەکەی دەسەڵاتە سنوورنەناسەکەی خۆیان دادەنا.

لەخاچی دونیا- سیستەمی سەرمایەداری سەدەی بیستەم بەتەنیا بەنددەکرام و لەناو بێدەنگی گۆڕو گۆڕستاندا رادەگیرام. یەکەمین بزماری خاچەکە لەمۆسکۆ لێدرا. لێرەدا ساردو سڕی ماری خیانەتم بەچاوەکانی خۆم بینی. دووەمین بزمار لەرۆما لەخاچەکە درا. لێرەش لەبەرامبەر یارییە وردو زراڤەکانی سەرمایەداری دەستبەرداری کەرامەتی خۆم نەبووم. سێیەمین بزمار لەئەسینا لەخاچەکەدرا. لێرە لەبەرامبەر ئەو خیانەتەی دەرهەق بەدۆستایەتی ئەنجامدرا دەستەکان و زمانم گیران، ئیفلیجبوون!. چوارەمین بزماریش لەنایرۆبی پایتەختی کینیا لەخاچەکەدرا

و رادەستی تورکیا کرامەوە کە بەسزای لەسێدارەدان بەدوامدا دەگەڕان، ئیتر لەزیندانی تاکەکەسی دوورگەی ئیمرالی مەرمەڕە رادەگیرام کەلە ٤ی شوباتەوە بەتایبەتی بۆمن ئامادە و رێکخرابوو، بەمجۆرەش لەناو تابووتدا یاخود بە لەخاچدراوی دەخرامە ناو چاوەڕوانیکردنی بێدەنگی مەرگەوە.

رۆڵی تورکیا لەپیلانگێڕی تەنیا پاسەوانی و چاوشی کردنە. یەکێك لەبەرپرسیارەکانی پیلانگێڕیش دەزگای هەواڵگری ئیسرائیلە. باپیرەی هاوبەشمان حەزرەتی ئیبراهیم ئەو پێغەمبەرەیە کە بۆیەکەمجار قوربانی کردنی مرۆڤی لەئاییندا نەهێشت و هەڵیگرت. وەك پێویستیەکی رێزگرتن بەرامبەر بەئایین و یادەوەریەکەی حەزرەتی ئیبراهیم، پێویست بوو مۆساد تێکەڵی ئەو هەوڵ و چالاکیەی بەقوربانی کردنی مرۆڤ نەبێت. بەڵام هەندێك جار جۆرە لێکچوونێك لەنێوان من و حەزرەتی عیسادا هەبوو؛ دیسان ئەوانەی بەسووربوونەوە داکۆکیان دەکرد و داوایان لەوالیەکەی رۆما دەکرد کە حەزرەتی عیسا بکوژێ و لەخاچی بدات، کاهینە بەکرێگیراوەکانی باپیرەی ئەمانە بوون. بەگوێرەی ئەفسانەکە جارێکیان حەزرەتی ئیبراهیم بەمەنجەنیق دەهاوێژرێتە ناو ئاگرەوە؛ ئاگرەکە دەبێتە ئاو. من بۆخۆم، لەکەسایەتی منیشدا گەلەکەم لەرێگای پیلانگێڕی نێودەوڵەتیەوە بەم جۆرە هاویشتراوینەتە ناو ئاگرەوە. بەڵام لەمیانەی کار و خەباتی بونیادنانی سیستەمی مۆدێرنیتەی دیموکراتی و هەوڵەکانمان لەپێناو ئاشتی و رێگە چارەی دیموکراتیانە دەمانەوێ ئەو ئاگرە بگۆڕین و بیکەین بەئاو.

## ”
## مانا و بوێری لەژیانی ئیمرالیدا بۆمن زەحمەت نابێت تێگەیشتنی قۆناخ و ئاستی هێزی سۆزو هزرم لەئیمرالیدا مانایەکی رادەبەدەرو نا ئاسایی هەیەو بەرەو بەهێزبوونت دەبات

هەلومەرجەکان چەندە سەخت و قورسیش بن، بەڵام هەوڵی خۆڕاگری و بەرخودان دەدەم. ئافراندنی سەبر، مانا و بوێری لەژیانی ئیمرالیدا بۆمن زەحمەت نابێت. زەحمەتییە جەستەییەکان لەدەرەوەی ئیرادەی مندان. دەتوانم ئەوە بڵێم: تێگەیشتنی قۆناخ و ئاستی هێزی سۆزو هزرم لەئیمرالیدا مانایەکی رادەبەدەرو نا ئاسایی هەیەو بەرەو بەهێزبوونت دەبات. لەزەمینەیەکدا کە مێژوو و هەلومەرجی رۆژانەیی بەشێوەیەکی بێ ئامان و چڕ لەئارادایە، چاودێریکردن یان تێبینی کردنی ئەو راستینە لەکەسێکی وەك مندا و بەدەستهێنانی ئەنجام، وەك چۆن هێزێکی مەزن بەو کەسانە دەدات کەمتمانە بەخۆیان دەکەن، ئەرکی گەورەشیان دەخاتە سەرشان. حەزم بە خۆزلکردن و زیادەڕۆیی نییە، بەڵام بەردەوام رەچاوکردنەوەی نموونە هاوشێوەکانی لەجۆری حەزرەتی ئیبراهیم، موسا، عیسا، پاول و حەزرەتی محەمەد و بەراوردکردنیان سودبەخش دەبێت.

دوای ئەوەندە ساڵە بەساغی دەرکەوتن لەناو ئەو ئاستەنگ و کێشانەی لەسەردەمی سۆمەریەکانەوە تۆڕەکەی دانراوە، هەروەها پێشکەش کردنی هەندێك دیاری بەئازادی گەلان، بەمانا راستەقینەکەی لەمیانەی کەسایەتی و راوەستەیەکی پێغەمبەرانەوە بەدیدێت. ئەو قۆناخە تەنیا دامەزراوەی پێغەمبەرایەتی بۆمن روون نەدەکردەوە؛ هەروەها ئەوەشی پیشاندام کە لەمیانەی چۆن کردارێکەوە خاوەندارێتی دەکرێت لەگەوهەر و ماهیەتی راستەقینەی پێغەمبەران. ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشێت: لەپەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگاییدا هەر پێغەمبەرێك بریتییە لەهەڵکشانێکی مانا. هەرچەندە زمانەکەی ماهیەتێکی ئیلاهی هەبێت، بەڵام لەناوەڕۆکدا لەزۆر بوارەوە لەسەروی هەمووشیانەوە مانا، یادگا، نەریت، ویژدان، ئازادی و یەکسانیدا رێگا لەپێش ئەوە دەکاتەوە کۆمەڵگە قۆناخێکی جیاوازتری کولتووری ببڕێت. لەوبابەتەدا گەل لەپێگەیەکی عاریفی و زانایانەدایە. کاتێك بەمنیان وت: «ئەوەی ئێوە ئەنجامی دەدەن ئایینێکی نوێیە، مانای کارکردنە لەسەر ئایینی

چوارەم» ئەو کاتە واق ورمابووم. دواتر تێدەگەیشتم کە بەو گوتەیە مەبەستیان چی بووە.

هەرچەندە بگوترێت کە دوای ئایینی ئیسلام ڕێگایی پێغەمبەرایەتی و ئایینێکی نوێ داخراوە، ئەو بانگەشەیە بەرگریکردنێکە کە هەر سەردەمێك لەپێناو بەئەبەدی کردنی خۆی شرۆڤەی دەکات. تا ئەو دەرئەنجامانە شیکار نەکرێن کە بەگشتی ئازادی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتیش کولتووری ئایینە کۆنەکان لەرۆژهەڵاتی ناوین کە لەمیانەی کاریگەریەکانی لەسەر سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگا، لەسەروی هەمووشیانەوە بواری سیاسی و ئایدیۆلۆژی کە رۆژی ئەمرۆمانی بەندکردووە، نە دەکرێ دەرك بەشارستانیەتی ئەوروپا بکرێت، نە دەکرێ لەناوەو دەرەوە تێکۆشانێکی سەرکەوتووانەی ئازادیی و ئازادیخوازی ئەنجام بدرێت. مێژوو حوکمی خۆی دەکات. لەڕێگای عەلمانیەتی رووکەشیەوە نەدەکرێت ئایین شیکار بکرێت نەکۆمەڵگای مۆدێرن بئافرێنرێت. ئەزموون و تاقی کردنەوەکانی نوێکردنەوەی میللیگەرای دووسەد ساڵەش ئەنجامەکانی لەبەرچاوانە. کاتێك داکۆکی دەکرێت لەسەر درێژەدان بەو ڕێگایە، ئەوا مەزەندەکردنی ئەو وێرانکاری و ئێش و ئازارانە هێندە زەحمەت نییە کە بنبەستبوونەکانی هاوشێوەی عەرەب-ئیسرائیل رێگای لەپێش دەکەنەوە. شیکارکردنی سروشتی مێژووی چارەسەری، بەئافراندنی دەرفەتێکی ئازادییدا گوزەردەکات.

**پابەندبوون و ڕێزگرتنی خاوەنی ئەو ئێش و ئازار، قارەمانێتی و فیداکاریانەی نموونەکانیان لەمێژوودا دەگمەنن**

ناوبردنی ئەو جوڵانەوەیە بە»ئایینی چوارەم» سەبارەت بەسەردەمەکەمان هیچ مانایەکی نابێت. بەڵام پێناسەکردنی ئەو بزووتنەوەیە بە ڕێنسانسی رۆژهەڵاتی ناوین کە لەڕێنسانسی ئەوروپای ساڵانی ١٥٠٠ زایینی دەچێت، بەڵام لەسەر بنەمای پەرەسەندنێکی دیالەکتیکی ریشەیی ژیار و شارستانێتی خۆی لەگەڵ ئاسۆی شارستانێتیەکی ئەودیوو سەرمایەداری کردوە بە کۆتێز، ئەوا ئەمەیان مانادارترەو وەڵامێکی پێویستیەکانی مێژووشە. بەڵام ئەوەش زیدەڕۆییە ئەگەر بڵێین ئەو دۆخە ئافرێنراوە. ئەو شتەی هەوڵی ئەنجامدانی دەدرێت، مامەڵەکردنێکی گونجاوە لەگەڵ گەوهەری کولتووری ئەو خاکانە، بەبێ دیلبوون بەکۆنەپەرستی سەردەم، پەسەندکردنی گەوهەرە ئەرێنیەکەی و پێشکەشکردنی کۆمەکە بەجوڵانەوەی ئازادیخوازی رۆژی ئەمرۆمان. باوەڕی تەواوم هەیە کە ئەو جوڵانەوەیە بەشێوەیەکی مانادار جێگای خۆی لەمێژوودا دەگرێت، دەبێتە لێشاویی قەڵەمبازێکی بەهێز و بەردەوامی ئەو مەشخەڵەی بەرەوئامانجەکانی ئازادی ئاراستەی گرتووە. هەرچەندە کەم و کوڕی و قرێژیشی هەبێت، بەڵام هیچ کاتێك باوەڕی و هیوام کەمی نەکردوە کەنوێنەرە بەهێزەکانی ئەو رەوت و لێشاوە دەپاڵێون، زەلالتری دەکەن و جوڵانەوەکە بەهێزی خۆی دەگەیەنرێت، هەنگا و بەهەنگا و بەئامانجە گونجاو و واقیعیەکانیان دەگەن. بەپێچەوانەوە، لەبەرئەوەی ئەو جوگرافیایە بەهێزی رۆحی و زیهنی گەیشتووە کە بەهێندەی نان و ئاوو هەوا پێویستی پێیەتی، دەرك بەمانای ژیان دەکات؛ خۆی لەو تاریکی و هەڵدێرانە رزگاردەکات کە هەزاران ساڵە لەناویدا پەلەقاژەیەتی، لەڕێگا راست و رۆشنکراوەکەیدا بەجۆش و خرۆشەوە بەرەو پێشەوە ئاراستە دەگرێت و بەئامانجەکانی دەگات. ئافراندنی ژیانێکی مانادار بەمجۆرە لەهەموو شتێك بەهادارترە و پێویستە بەهاکەشی بزانین.

پابەندبوون و ڕێزگرتنی خاوەنی ئەو ئێش و ئازار، قارەمانێتی و فیداکاریانەی نموونەکانیان لەمێژوودا دەگمەنن، یەکسانە بە خۆ رزگارکردنمان لەو واقیعە نەفرەتیەی هەزاران ساڵان و هەروەها پیرۆزکردنێتی. دیسان ئەگەر بیانەوێ پایەیەکی ئایینی نوێی پێببەخشن، ئەوە پێویستە لەوخاڵەدا ماناکەی ببینرێت. هەڵبەتە پیرۆزیەکی هەیە، ئەویش ئەو گەوهەرەیە کە هەوڵی رۆشنکردنەوەی درا. ئەم بەرگرینامەم مانای ئەو ژیانە هاوچەرخە روون دەکاتەوە کە لە نەفرەت پاککراوەتەوەو پیرۆزکراوە.

کۆتایی

# لەزانکۆی کامبریج لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون بۆ فیکری ئۆجالان

ئازادیی کۆمەڵگە
لە ئینگلیزییەوە: ڕێبوار ڕەئوف ساڵح

**لە ژێر ناونیشانی "پێداچوونەوەیەک بۆ بابەتەکانی عەبدوڵا ئۆجالان دەربارەی شارستانیەتی دیموکراتی"، دوو مامۆستای زانکۆی کامبریج لە لەندەن دکتۆر تۆماس مایلی و دکتۆر دۆناڵد ماسیو، لە زنجیرە وتارێکی هاوبەشدا شیکردنەوەیەک بڵاودەکەنەوە، بەپێویستمان بینی لە چەند ژمارەیەکی ئازادیی کۆمەڵگەدا بڵاوی بکەینەوە.**

١

ڕێزگرتن بۆ عەبدوڵا ئۆجالان، ئەو سەرکردە زیندانیکراوەی کە ڕابەرایەتی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد دەکات و «بە زنجیر بەستراوەتەوە بە تاوێرەکانی زیندانی ئیمراڵیەوە»و بووە بە سیمبولی بەرگری و خۆڕاگری و سەرکەوتن، ئەو سەرکردەیەی کە هەست بە لێپرسراوی دەکات و خاوەنی تێزێکی سیاسی بەهێزە.

تێزێک کە بووەتە هۆی هاندانی شۆڕشگێڕەکانی ڕۆژئاوا (ڕۆژئاوای کوردستان)لە سوریا، تێزێک کە بووەتە هۆی بە هێزکردنی بەرگری کوردی دژ بە زۆرداری و دڕندەیی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا(باکوری کوردستان) و دواتریش.

بەرگری قارەمانانەی کوبانێ بووە هۆی ڕاکێشانی ڕاوسەرنجی ڕای گشتی لە جیهاندا، ئیرادەی ئەم بزوتنەوەیە بۆ خەبات کردن و توانای بەهێزی بۆ کۆکردنەوە و ڕاکێشانی خەڵکی بۆ ئامانجێکی گشتی کە ئەویش بەرگری لەخۆکردنە، کەواتە قوربانیدان و گیانفیداکردنە بۆ ئامانجێک کە نەک تەنها ئامانجە بەڵکو ئامانجێکی پیرۆزە کە ئەویش بریتیە لە پرۆژەی (دیموکراسی کۆنفیدرالیزم) وەک چارەسەرێک یان بەدیلێک پێشکەشی دەکات بۆ ئەو بارە نەخوازراوە زۆر دڕندانە و ماڵوێرانی و بێسەروبەریەی ئێستا کە هێندەیتر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دابەشکردووە، ئەمەش وەک ئۆجالان دەڵێت: تەنها چارەسەر و بەدیلە بۆ پلەبەندی و هەرەمی و شارستانێتی زاڵ کە لە ناوچەکەدا بە دیدەکرێت.

پرۆژەی (دیموکراسی کۆنفیدرالیزم) لە ڕۆژئاوا بریتیە لە گۆڕانێکی ڕادیکاڵانە و جێبەجێکردنی دیموکراسی ڕاستەوخۆ لە سەر بنچینەی ئەنجومەنەکانی هاوڵاتیان کە لەلایەن هێزەکانی هاوڵاتیان خۆیانەوە دەپارێزرێت و بەرگریان لێدەکرێت.

ئەم تێزەی ئۆجالان بریتییە لە گۆڕانێکی بنەڕەتیانەی دیموکراسیانە کە جەخت لە سەر ئازادی و ڕزگاری ڕەگەزی جیاواز دەکاتەوە بەجێبەجێکردنی شێوازی سەرۆکایەتی هاوبەش، یاخود هاوسەرۆکایەتی لە نێوان ژنان و پیاواندا، لەگەڵ جێبەجێکردنی سیستمی کۆتا کە یەکسانی نێوان ژن و پیاو بەهێزتر دەکات لە هەموو فۆرمەکانی نوێنەرایەتی کردنی سیاسی و بەڕێکخستنی ئەنجومەنەکانی ژنان و ژنانی ئەکادیمیش، هەروەها بە کۆکردنەوەی ژنان و ڕێکخستنیان لە هێزی بەرگری تایبەت بە خۆیان.

ئەم تێزە دووبارە پێناسەی مافی چارەی خۆنوسین دەکاتەوە، وەکو دیموکراسی ڕاستەوخۆ دژ بە دەوڵەت بۆ دەستبەرداربوون لە بەرگریکردن لە هاوکێشەی دابەشبوون و یۆتۆپیا بوون و ئازادی نەتەوەیی، لەگەڵ

ئامانجی بەدەستهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ، ئەمەش بریتیە لە هەوڵدان بۆ زاڵبوون بەسەر ترسی دڕندەیی و زۆرداری هێزی زۆرینە بەهۆی بە دامەزراوەکردنی ڕژێمی شۆڕشگێڕی سازاو، ڕژێمی سازاو بریتیە لە پەیمانی کۆمەڵایەتی کە دڵنیایی دەدات بە نەتەوە جیاوازەکان و زمانە جیاوازەکان و ئاینە جیاوازەکان، بە دیاریکراویش بۆ عەرەبەکان و ئاشوریە مەسیحیەکان بەهۆی ئەنجومەنە ڕاستەوخۆکانی پێکهاتە و گروپە جیاوازەکان، هەروەها بەکۆکردنەوەی ئەم گروپانە لە ناو هێزی تایبەت بە خۆیان بۆ بەرگری لەخۆکردن.

ئەم تێزەی ئۆجالان جەخت لە سەر گرنگی ژینگەی کۆمەڵایەتی و بەردەوامیەکی سروشتی دەکاتەوە لە شوێنێکدا کە خاکەکەی لە جیاتی خوێن نەوتی لێ دەچۆڕێت، ئەو خاکەی کە داڵە ئیمپریاڵی و نیمچە -ئیمپریاڵیەکان لە ئاسمانەوە بازنەی لە سەر دەکێشن.

بە کورتی، ئەم تێزە بەدیلێکە بۆ دڕندەیی و زۆرداری و بێسەروبەری ناوچەکە، یان بەدیلێکە بۆ ئەو فۆرم و دیزاینەی ناوچەیەک کە هێزە ئیمپریاڵی و نیمچە - ئیمپریاڵیەکان دابەشیانکرد و داگیریان کرد، ئەم تێزە بریتییە لە پێکهاتەیەک لە دیموکراسی و گۆڕانی ڕادیکاڵی و بەرگری لە خۆکردن و ئازادی ڕەگەزی و کەلتوری و فرەیی ئاینی وەک و نەخشە ڕێگایەکی ڕاستەوخۆ بۆ ئاشتی.

ئەم نەخشە ڕێگایە لە لایەن سەرکردەیەکی زیندانی کراوەوە کێشراوە، پیاوێ کە لەکاتی ڕفاندنیەوە لە بارێکی زۆر دژواردایە لە زینداندا، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش بووە بە کەسێکی سەرنج ڕاکێش و کاریگەرو پڕ بەرهەم لە وردودرشتکردنی تێزەکەی،

> **دەرەنجامەکەی بوو بەهۆی بەدەستهێنانی تێزێکی ئاست بەرزی ڕۆشنبیری و فەلسەفەی وجودی**

یاخود مۆدێلەکەی کە دیموکراسی کۆنفیدراڵیزمە، ئەمەشی لە سەرەتادا وەک بەرگری کردنێک لە خۆی بەکاردەهێنا لە دادگایی کردنەکەیدا، بە شێوەیەکی پێچەوانە زیندان ڕوبەری فراوانی ئازادی ڕۆشنبیریی ئۆجالانی سەلماند، بەهەمان شێوەی لیۆن ترۆتسکی و ئەنتۆنیۆ گرامشی و مالک شاباز، تەنانەت ماندێلاش، کاتێک ئۆجالان لە پشت قەفەزی زینداندا بوو کاتێکی زۆری بەکارهێنا بۆ خوێندنەوە و نوسین، هەرچەندە توانایەکی زۆر دیاریکراوی هەبوو لە بەدەستهێنانی کتێبدا، ئەمەش کاریگەری هەبوو لە سەر باری نالەباری خۆی لە زینداندا و لە سەر ئەو خەڵکەی کە شوێنکەوتوین، هەروەها کاریگەریشی هەبوو لە سەر جیهانی نوێش.

یەکەم بەرگ کە یەکێکە لەو پێنج بەرگەی کە بە ناوی (مانیسفتۆی شارستانیەتی دیموکرات) بڵاودەکرێتەوە بەم دواییە چاپ و بڵاوکرایەوە کە لە لایەن هاڤین گەنزە -وە کاری وەرگێڕانی بۆ کراوە لە ژێر ناونیشانی (سەردەمی خودا دەمامکدارەکان و پاشاکان لە بەرگی جیاوازدا)، ئەوەی ئۆجالان دەیەوێت لەم کتێبەدا ڕوونیبکاتەوە بریتیە لە پەردەلادان لە سەر ڕەگێکی مێژوویی قوڵی کێشە گەورەکان کە سیستمی سەرمایەداری ئەم سەردەمە پێوەی دەناڵێنێت، وەک هەوڵێکیشە بۆ هێنانەوەی تەنانەت سەرچاوە مێژووییە قوڵەکانی ئەو دیموکراتییەی کە پێشنیاری دەکات.

بە شێوەیەکی تایبەتی و بە ڕەچاوکردنی ئەو بارودۆخەی کە دەقەکانی تێدا نوسراوەتەوە، کە دۆخێکی نامرۆڤانەی ئەشکەنجەدان و دابڕانە لەگەڵ دەرفەتێکی کەمی سنوردار لە دەستکەوتنی کتێبەکاندا، بەڵام دواجار دەرەنجامەکەی بوو بەهۆی بەدەستهێنانی تێزێکی ئاست بەرزی ڕۆشنبیری و فەلسەفەی وجودی.

٢

### دژی دەسەڵاتی پلەبەندی هەرەمی

لە بەرگی یەکەمی مانیفێستۆکەیدا، ئۆجالان بە ڕێژەیەکی زۆر سیستمی دەسەڵاتی پلەبەندی هەرەمی بە هەموو فۆرمەکانیەوە شەرمەزار دەکات، ئۆجالان دژی سیستمی خۆسەپێنەر و زاڵبونە کە تاڕادەیەک بەربڵاوە و بناغەیەکی زانستیشی هەیە، بە پشت بەستن بە ڕوونکردنەوەکانی ‹داروین› لەسەر کۆمەڵگە، کە بە شێوەیەکی ڕوون و سەرەکی دەڵێت خۆسەپاندن و زاڵ

بوون کارێکی بەرجەستەییە و بناغەکەی بریتییە لە خۆپەرستی و پێشبڕکێ و هەوڵدان بۆ پلەبەندی هەرەمی لە دەسەڵاتدا، هەروەها روونکردنەوەکانی ‹داروین› وا دادەنێت کە نەخۆشییە کۆمەڵایەتیەکان لێکچونیان هەیە، لەگەڵ بناغەی سروشتی مرۆڤدا، کەواتە بەرهەمێکی سروشتییە و بەشێوەیەکی بەردەوام بەستراوە بە مێشکمانەوە و تەنانەت کۆدی تایبەت بە خۆیشی هەیە لە جینەکانماندا، ئۆجالان بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە پێداگیری دەکات و دەڵێت کە بنچینەی سیستمی خۆسەپاندن و زاڵبون هێندە بناغەکەی قوڵ نییە، ئۆجالان لای وایە کە ئەم دیاردەیە پەیوەندی نزیکی نیە بە ناوەڕۆکی سروشتی مرۆڤەوە، بەڵام تەنها لە پێنج هەزار ساڵی رابردوودا و لەگەڵ لەدایکبونی شارستانییەتدا لە چاخی بەردینا ئەم دیاریدەیە سەری هەڵداوە، هەروەها ئۆجالان بەردەوام دەبێت لە داڕشتن و کێشانی نەخشەیەکی هونەریانەی زاڵبون و بەرگری لە نێوان سیستمی پلەبەندی هەرەمی و ئازادیدا کە پێشتر سەریهەڵداوە و تاکو ئەمڕۆش بەردەوامە.

ئۆجالان، هەروەکو لە پێش خۆی ‹فۆکۆ› هەیە کە بە فەیلەسوفی ئازادی ناوی دەبات، جەخت لەسەر کۆششی لەڕادەبەدەر دەکاتەوە کە پێکدێت لە وەڵامدانەوەی تاکەکان بەوەی کە باوەڕدێنن بە دۆگمابوون و ئەفسانە وەکو پاساوێک بۆ بێدەنگ کردن و بەسروشتی کردنی فەرمانڕەوایی دەسەڵاتی پلەبەندی هەرەمی و زاڵبوون.

کۆمەڵگەییبوون (سۆشیالیزەیشن) دەتوانرێت تەنها لە ڕێگەی هەوڵی بەردەوامەوە بە دەست بهێنرێت، لە راستیدا ئەمەش وادەکات کە ئەستەم بێت بۆ تاک کە دەربازببێت لەوەی کە ئاڕاستە دەکرێت بەگوێرەی فەرمانەکانی کۆمەڵگە، هەروەها لەگەڵ ئەمەشدا ئۆجالان جەخت دەکاتەوە کە ئەو هەوڵانەی لەلایەن تاکەوە دەدرێن

> **”یۆتۆپیای سۆشیالیزمیش کە کۆتا یۆتۆپیایە لەناو هەموو یۆتۆپیاکاندا**

هەرگیز بە تەواوی سەرکەوتوو نابن، هەوڵدان بۆ ئازادی و ئارەزوکردن بۆ بەرگری کردن لە سایەی چینایەتی و دەسەڵاتی هەرەمی و زۆرداری و چەوسانەوە لە کۆمەڵگەدا لەوانەیە کپ بکرێت، بەڵام هەرگیز جیاناکرێنەوە و کۆتاییان پێنایەت، تاکەکان بە ئاسانی ئەو کۆمەڵگەیانە قبوڵ ناکەن کە لە سەربنەمای کۆیلەگەرایی بنیاتنراون، هەربۆیە هەوڵی بەردەوام هەیە نەک تەنها بەو ئامانجەی کە ئەو کۆمەڵگەیانە بگۆڕدرێن کە بە دامەزراوە سەرکوتکەرە بەردەوامەکاندا تێدەپەڕن، بەڵکو بۆ ئەوەی کە بە تەواوی دیاریدەی کۆیلەگەرایی بنبڕبکرێت، ئەم خاڵە خاڵێکی زۆر بەهێز و قایلکەرە و لە پیاوێکەوە هاتووە کە ژیانی لە زیندانی تاکەکەسیدا بەسەربردووە.

ئەم بۆچوون و نەهجەی ئۆجالان هیچ نییە بەبێ خواستێکی بەهێز و کاریگەر بۆ سەرکەوتن، بۆچونێکە کە دەرەنجامی وریابونەوە و درککردن و هەستیارییە بەو رەخنانەی کە لە باوەڕبوون بە مۆدێرینتە دەگیرێن لە سێکوچکەی زانست و تەکنۆلۆجیا و پێشکەوتن، ئەمانە یەکیان گرتوەتەوە لەگەڵ خۆڕاگری و ژیری و هەڵسەنگاندنەکەی ئۆجالان کە پیشانی دەدات زیندانیکردنمان لەنێو چوارچێوەیەکی سنوردارکراوی (مۆدێرنیتەیی سەرمایەداری)دا پەیوەندی کەمی بە هێزی پارە و چەک و مۆدێرنێتەوە هەیە، بەڵکو زیاتر پەیوەندی هەیە بە بەتواناییانەوە بۆ تەسککردنەوە و دابەزینی هۆشیاریمان.

ئەگەر ئێمە باوەڕ بەم رونکردنەوەی ئۆجالان بکەین، دەبێت تیشکێکیش بخەینە سەر پێچەوانەکەی، بۆ نموونە، پێشبینییەکانی ‹مارگرێت ساچە‹ کە دەڵێت ‹بەدیل نییە‹ بۆ ئەم سیستمەی کە ئەمڕۆ هەیە، ئەمەش لەگەڵ ئەوەی کە ‹فۆکۆیاما› لە راگەیاندنەکەیدا دەڵێت، ئێمە گەیشتوین بە ‹کۆتایی مێژوو›، ئەم دوو لێکدانەوەیە باشترین لێکدانەوەن، بەڵام لێکدانەوەکانیان زیاتر تایبەتن بە خۆیان کە گوایە هێزی راستەقینەی (مۆدێرنیتەیی سەرمایەداری) لەسەر ئەوە بەندە کە توانای خۆی بەکاردێنێت بۆ خنکاندنی یۆتۆپیاکان، تەنانەت یۆتۆپیای سۆشیالیزمیش کە کۆتا یۆتۆپیایە لەناو هەموو یۆتۆپیاکاندا.

چۆن دەرباز ببین لەم رێگە داخراوە

و لەم چارەنوسە ترسناکە؟ شۆڕشی هۆشیار بوونەوە پێویستە، شۆڕشێکی لەم شێوەش دەشێت بەدەستبهێنرێت، ئۆجالان بانگەشە بۆ ئەم جۆرە شۆڕشە دەکات، چونکە پێی وایە کە تایبەتمەندی سەرەتایی هۆش و بیرمان بریتیە لە پکهاتەیەکی خۆگونجێنەر، بەڵام ئەم هۆشیارییە نوێیە گرنگە لەبەرامبەردا پێویستی بە بەردەوامیبوونە لە رەخنەی بنەڕەتی، رەخنەیەک کە رەگی هۆکارەکان و بنچینەی نەخۆشیەکانی (مۆدێرنیتەیی سەرمایەداری) رون دەکاتەوە، واتا ئەو هۆکار و نەخۆشیانەی کە بونەتە رێگر لە بە ئاگابونەوە و بوژاندنەوەیەکی تەندروست و سەقامگیری زیاتر لە تواناکانی مرۆڤ کە بۆ ماوەیەکی زۆرە لە بیرکراون و کپکراونەتەوە، لە راستیشدا بە مەبەستیشەوە ئەو رێگری و چەوساندنەوانە دەکرێن.

ئەو کێشەیەی ئۆجالان دیاری دەکات بریتییە لە پەرستنی دەسەڵاتی پلەبەندی هەرەمی، لەگەڵ پەرستنی دەوڵەت، وەکو نەریتێکی چەسپیوی قوڵ کە کاریگەری کردوەتە سەر داڕشتنی عەقڵیەتمان و تەنگهەڵچنین و تەسککردنەوەی پەرچەکرداری ئایدۆلۆژیامان، تەنانەت لە توانایدایە وا لە بزوتنەوە بەرگریکارەکان بکات بۆ هاوکاری یەکترکردن لاوازبن، دیارترین نمونەی بەرچاویش بریتیە لە تەجروبەی دەوڵەتی سۆشیالیزمی، ئەگەر رێبازی دەسەڵات گەندەڵ بوو ئەوا جێبەجێکردنی دەسەڵات زیاتر گەندەڵ دەبێت، لە راستیدا ئۆجالان جەخت دەکاتەوە کە دیارترین و گرنگترین نمونەی هێزی گەندەڵ لە دەسەڵاتدا دەتوانرێت بدۆزرێتەوە لە نمونەی سۆشیالیزمی راستەقینەدا، ئەمانە وا دەکات کە زۆر کێشە و نارەحەتی رووبەڕووی ئەوانە ببێتەوە کە دەیانەوێت بەرگری بکەن دژ بە هێزی پلەبەندی هەرەمی لە دەوڵەتدا، ئەوانەش کە دەیانەوێت دژی کلتوری خۆسەپاندن بوەستنەوە کە بە قوڵی چووەتە سەنگەرەوە و ئامادەکراوە لەلایەن سەدان کەسی وەک ئیمپراتۆری درِندە و جۆرەها هێزی خۆسەپێن، بۆیە لە راستیدا ئۆجالان دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە لێرەدا راستیەکی گرنگ هەیە لە بۆچونی (میکایڵ باکونن) کە دەڵێت «ئەگەر کەسێکی زۆر شۆڕشگێڕانە کە دڵسۆزیش بێت و بهێنین بەرگێکی لەبەربکەین کە دەسەڵاتی رەهای بداتێ ئەوا لە ماوەی یەک ساڵدا دەبێت بە کەسێک کە خراپتر بێت لە خودی قەیسەر».




چۆن دەتوانرێت بەرگری بکرێت دژ بە عەقڵیەتی چەسپیوی دەسەڵاتی پلەبەندی هەرەمی؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، ئۆجالان لەسەر هەمان هێڵی (ئەنتۆنیۆ گرامشی)ە بەوەی کە جەخت دەکەنەوە کە چالاکوانان و بیردۆزانی ئازادی و سۆشیالیزمی دەبێت بواری خوێندن و توێژینەوەی خۆیان ئامادە بکەن بە شێوەیەک کە بتوانن بە بەردەوامی دەستنیشان و چارەسەری ئەو نەخۆشییانە بکەن کە بەرهەمی پەیوەندیدارن بە دەسەڵاتەوە، تەنانەت پێویستە ئەو نەخۆشیانە بە مەودایەک دوربخرێنەوە لە پەیوەندیەکانی دەسەڵات و هەموو دەزگاکانی دەسەڵات و تایبەتمەندیەکانی، بەڵام ئۆجالان تەنانەت گرامشیش دەبەزێنێت بەوەی کە زیاتر سورە لە سەر بنیاتنانی فۆرمەکانی دیموکراسی ریشەیی لە خۆبەڕێوەبردندا، ئەمەش وەکو مۆدیلێک کە ئۆجالان لە نوسینەکانیدا ناوی دەنێت ‹دیموکراسی

کۆنفیدرالیزم›، ئۆجالان ئاگادارمان دەکاتەوە و دەڵێت کە ئەگەر ئەم فۆرمە دەوڵەمەندانەی دیموکراسی نەنێژرێن و لە هەمان کاتدا پەروەردە و چاودێری نەکرێن، ئەوا ئەوانەی کە بەژدار دەبن لە بەرگری کردن ناتوانن دەربازبن لە تۆڕی دەسەڵاتداران، هەر هەوڵێکیش کە روبدات تەنها دوبارەکردنەوەیەک دەبێت لە هەزاران هەوڵی دۆڕاو کە لە کۆتایدا هیچ جیاوازیەکی نابێت لەگەڵ ئەو سیستەمەی دەسەڵات کە دەیانەوێت لێی دەربازبن.

ئۆجالان دەستی هەڵگرتوە لە خەیاڵ و وەهمی هەر بیرۆکەیەکی هێڵی گشتی لە گەشەکردندا، بۆ ئۆجالان دۆزینەوەی رێگایەک بۆ بەرەو پێشەوەچوون پێویستی بە گەڕانەوەیە بۆ رابردوو، چونکە بە بۆچونی ئۆجالان، تەنها بە گەڕانەوە بۆ قوڵایی رابردوو، تەنها بە دابینکردنی لێکدانەوەی تەواوی مێژوویی کێشەکانمان و فراوانکردنی مەودای ئاماژەکردن بۆ بنچینەی کێشەکان دەتوانین هەموو هیوا بخوازین بۆ روناک کردنەوەی ئایندەمان، تەنها دوای ئەوەی بنچینەی کێشەکانمان ئاشکرا دەکەین و تێیاندەگەین دەتوانین ئامادەبین بۆ تێپەڕاندنی کەلتوری رق و کوشتن، دەبێت گواستنەوە بکەین بۆ ژیانێک کە خۆشەویستی تیایدا دەسەڵاتی باڵای هەبێت.

سەرەڕای ئاماژەدان بۆ بۆچونەکانی (فێرناند براودێل)، ئۆجالان هێشتا سورە لەسەر پەنابردن بۆ رابردووی قوڵ، ئەو لێدوانە مێژووییە تەواوەی کە ئۆجالان بۆمان روون دەکاتەوە دەربارەی کێشەکان بە شێوەیەک ئەنجام نەدراوە کە واپیشان بدات کە کاری مێژوونووسێکی پرۆفێشناڵ و کارامە بێت بۆ شوێنکەوتنی ئەنجامێکی فێڵبازانە لە ئامانجی زانستی، هەربۆیە ئۆجالان دانیدەنێت بەوەی کە بۆچونەکەی نەشارەزایی و ناڕوونی پێوە دیارە، بۆیە نابێت بە تەنها وابخوێنرێتەوە کە جۆرێکە لە نکۆڵی کردن و نیشندانی زەبونی، بۆ ئۆجالان ئەمە لایەنگریەکە بۆ رێگایەکی ئەفسانەیی، رێگایەک کە ئۆجالان سورە لەسەری و لای وایە

**ۆجالان گۆڕینی زانستی بۆ چەشنی دینێکی نوێ پێناخۆشە، ئەو حاڵەتەی کە فۆڕمی بێگومانی وەرگرتووە**

دەبێت شکۆ بۆ ئەو رێگایە بگەڕێنرێتەوە.

ئۆجالان بەراوردی رێگای ئەفسانەیی دەکات بە رێبازی ئاینی یەکتاپەرستی و ئەو زانستەی کە ئەم رێبازەی سەرخستووە، سەرەڕای ئەو جیاوازیانەی لەنێوان ئەم رژێمە سەرکەوتووانەدا هەیە، بەڵام ئۆجالان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو رژێمانە کەم یان زۆر لەیەک دەچن، هەرهیچ نەبێت هەردووکیان بە لایەنی کەمەوە وەک یەک دەچەمێنەوە لە پێش یاسای ڕەها، بەڵام ئەمە لە ئەفسانەدا نییە.

ئەم لێکدانەوە مێژووییەی ئۆجالان باشترین لێکدانەوەیە لە دابینکردن و پێشکەشکردنی جۆرێک لە ئەفسانەیی، بۆچونێکە دەربارەی کەوتنی مرۆڤایەتی لەگەڵ هەوڵێکی شاراوە بۆ رزگارکردنی مرۆڤایەتی لەم جیهانەدا، ئەمەش لە هەمان کاتدا بەیاننامەیەکی بەرپەرچدانەوەیە لە خزمەتی ئەفسانە و دژ بە دۆگمابوون، جا چ دۆگمابوونی ئاینی بێت یان دۆگمابوونی رێبازی دنیایی (عەلمانی).

ئۆجالان گۆڕینی زانستی بۆ چەشنی دینێکی نوێ پێناخۆشە، ئەو حاڵەتەی کە فۆڕمی بێگومانی وەرگرتووە لەگەڵ یاساکانی ئامانج کە نوێنەرایەتی هیچ شتێک ناکات تەنها ئەوە نەبێت کە یەکسان بونێکی نوێیە لە وتەی خودا لە سەردەم و کەلتوری کۆندا، زانست یەکیگرتووە لەگەڵ دەسەڵات و سەرمایەدا و هاوپەیمانیەکی نوێیان پکهێناوە کە نوێگەریە (مۆدێرنێتە)، بە شێوەیەکی زیاد لە پێویست و ناهۆشیارانە پەیوەست بوین بە زانستەوە، وەکو بت دەیپەرستین و بووە بە باوەڕ و دینێکی نوێ و پاشگری - یزم (izm-)مان بۆ زیادکردووە، ئەوانەی کە باوەڕیان بەم رێبازە نوێیەی زانستگەرایی هەیە، ئۆجالان بە تاوانباریان دەزانێت بەوەی کە زۆر شانازی بە متمانە بەخۆبونیانەوە دەکەن، بۆ ئۆجالان، ئەوانەی کە بەردەوام دەبن لە نواندنی ئەوەی کە زانست بە تەنها دەتوانێت راستی بەدەستبێنێت دەربارەی جیهان و حەقیقەت لە دواییدا رێبازی زانستی سوک دەکەن و فەرامۆشیشی دەکەن، دواتر وازیش دێنن لەوەی کە زانست

بتوانێت درک و تێگەیشتنی بۆ هەموو شتێک هەبێت.

ئۆجالان دواتر جەخت لەسەر رۆڵی ئایدۆلۆژیا دەکات لە ئەم کاریگەرییە مۆدێرنەی (izm-)ە، ئۆجالان سورە لەسەر ئەوەی کە جیهانی زانست بووەتە پارێزەری سیستم و ناوەڕۆکەکانی سیستمیش، نەک تەنها سیستمی سەرمایەداری مۆدێرن، بەڵکو سیستمی دەوڵەتی سۆشیالیزمیش، ئۆجالان پێی وایە کە لە کۆتاییدا ئەم رێبازە تۆوی مەرگ بۆ ئەم بەدیلە دۆڕاوە دەنێژێت.

لە ڕاستیدا بە پشت بەستن بە بۆچونەکانی ئۆجالان، ئامانجی رێبازی زانستی رۆڵێکی دیاریکراوی هەبووە لە دۆڕانی سۆشیالیزمی زانستی، ئەمەش لەبەرئەوەی باوەڕ و ئیمان بوون بە زانست زۆر پەیوەندی هەیە بە حوکمی شارەزایانەوە، یەکێک لە هەڵە گەورەکانی رێبازی مارکسی بەردەوامیدان بوو بەم باوەڕانەی نوخبە، لە ئەنجامدانی ئەم کارەدا، بە شێوەیەکی چالاکانە رێگری کرا لە شۆڕشی عەقڵانی کە پێویستە بۆ بنیادنانێکی دیموکراتیانەی کۆمەڵگەی نوێ، کە کۆمەڵگەیەکی رەسەن و بەدیل بێت بۆ دابینکردنی ئازادی گشتی.

تەنانەت لەمەش خراپتر، ئۆجالان دەڵێت کە عەقڵانی بوون و شەرعیەتدان بە دڵنیایی زانستی بەشێکە لە تاوانی باوەڕی نوێی زانستی، بونەتە هۆی دروستکردنی رێگایەک بۆ گروپی فاشستی، ئەم کارانە روودەدەن بە هۆی فێرکردن و بە رۆبۆت کردنی مرۆڤایەتی، هەروەها هاندان و درککردن بە ژیان، بەم جۆرە دەبێتە پاڵنەرێک بۆ ئێمە بەرەو روخان و تێکدانی ژینگە و مێژووی کۆمەڵگەش.

دۆگما بوون و باوەڕبوونی کوێرانە چی بۆ دین بێت یان بۆ زانست دەبێتە دوژمنێکی دیاری ئازادی بوون، دواتر سەردەکێشێت و دەبێتە هۆکارێک بۆ پێشکەشکردنی نادادپەروەری و دروست بوونی دەسەڵاتی پلەبەندی هەڕەمی،

> ئەو ئەڵتەرناتیڤە دیموکراسییەی کە ئۆجالان جەختی لەسەر دەکاتەوە پێویستی بە گۆڕانکاری و جێگۆڕکێ هەیە

بە شێوەیەکی داڕێژراویش کۆمەڵگە سەرکوت دەکات لە جیاتی ئەوەی بنیادی بنێت، بە جۆرێک کە ئەم سەرکوتکردنە نەگۆڕ و پیرۆز دەکرێت و دواتر دەبێت بە دامەزراوەیەکی ئاسمانی یان خودایی و دواتریش کاریگەری دەبێت لەسەر دروستکردنی یاسا نەگۆڕەکان.

٣

**تیشک خستنەسەر پیاوسالاری:**

یەکێک لەو بەشانەی کە ئۆجالان زۆر جەختی لەسەر دەکاتەوە لە تێزەکانیدا ئەوەیە کە لە نزیکەوە تێبینی هەیە لەسەر کێشەی پیاوسالاری، ئۆجالان پیاوسالاری بە هۆکاری چەوسانەوە دەزانێت بە شێوەیەکی گشتی، هەروەها چەوسانەوەی ژنان بە شێوەیەکی تایبەتی. ئۆجالان لە هەندێ شوێنی دیکەش دیاریدەی پیاوسالاری یەکسان دەکات بە کۆیلەیی ژنان، ئۆجالان ئەمە بە دیاریدەیەکی قوڵ دیاری دەکات لە کۆمەڵگەدا کە بوەتە هۆی ئەوەی هەست بە هەموو جۆرەکانی کۆیلەگەرایی بکرێت لەگەڵ چەوسانەوەو داگیرکاری (Colonization). لە بەرگی یەکەمی مانیفێستۆکەیدا ئۆجالان زیاتر رونکردنەوە لە سەر ئەم خاڵە دەدات. رونکردنەوەیەک کە تیایدا پەنا نە بۆ کارڵ مارکس دەبات وە نە بۆ فریدریک ئەنگلز، بەڵکو پەنا بۆ فریدریک نیتچە دەبات بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی، بە شێوەیەک کە ئاماژە بە بۆچونی ئەم فەیلەسوفە ئەڵمانیە دەکات دەربارەی چۆنێتی دروستبونی کۆمەڵگە، کۆمەڵگەیەک کە بە تایبەتمەندیەکی دیاریکراو ژن دەگرێتەخۆی کە ئەویش کردنی ژنە بە ژنی ماڵەوە لە شێوەی کۆیلە بەمەش کۆمەڵگە بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵگەیەکی بە کۆیلەکراو دەبێت لەلایەن مۆدێرنێتە (Modernity). بە شێوەیەکی زیاتر، ئۆجالان پشت بە توێژەری فێمنستی ماریا مایس دەبەستێت لە داڕشتنی شیکردنەوە هەستیارەکەی دەربارەی ئەو پەیوەندیانەی کە لە نێوان پیاوسالاری و پلەبەندی هەرەمیدا هەیە، لەگەڵ ئەو بنەچە هاوبەشەشی کە لە نێوانیاندا هەیە.

بە پشتبەستن بە تێزەکەی ئۆجالان، ژنان بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو دەچەوسێنرێنەوە بەوەی کە وەک و

کرێکاریان لێکراوە بە شێوەی هاوسەری ماڵەوە (Housewifization)، ئەمەش نازناوێکە لە پێشکەوتوترین فۆرمی کۆیلەگەرایدا. بۆ ئەوەی کێشەکان ئاڵۆزتر بکرێن، لە مۆدێرنێتەی سەرمایەداریدا (Capitalist Modernity) ئەم کۆیلەگەراییەی ژنان ئاڵۆزتر بوو یان گەشەی پێدرا بە شێوەیەک کە پیاوانیشی گرتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی پیاوان خەسێنران و لە پیاواتی خران بە بیانوی هاوڵاتیبونەوە. مۆدێرنێتەی سەرمایەداری بەوە جیادەکرێتەوە کە دڵڕەقانە بە دوای دەستبەسەراگرتنی هەموو شتێکەوەیە لە بوارەکانی سێکتەری گشی و تایبەتیشدا.

ئەو ئەڵتەرناتیڤە دیموکراسییەی کە ئۆجالان جەختی لەسەر دەکاتەوە پێویستی بە گۆڕانکاری و جێگۆڕکێ هەیە لەو سیستمە خێزانییەی کە ئێستا هەیە و لەسەر بنەمای رەگێکی قوڵی کۆیلەکردنی ژنان دروست بووە، بە شێوەیەک کە سەراپا بگۆڕدرێت بۆ سیستمێکی خێزانی تەواو جیاواز و نوێ کە لەسەر بنەمای رەگێکی قوڵی ئازادی و یەکسانی نێوان ژن و پیاو بنیاتبنرێت. ئەم بنیاتنانە جۆرە دڵنیاییەک دەستەبەر دەکات کە یارماتیدەر دەبێت بۆ هەڵوەشانەوەی پلەبەندی دەسەڵات و فەرمانی دەوڵەتی کە لەسەر زاڵبونی پیاو بنیاتنراوە.

هەر دەربارەی ژن وەک و هاوسەری ماڵەوە کە کۆنترین جۆری کۆیلەکردنە، ئۆجالان پێداگیری لە سەر ئەوە دەکات کە ئەم دیاریدەیە بە دامەزراوەیی کراوە لە ئەنجامی تێکشکاندنی ژنان لە لایەن پیاوانی بەهێز و ئەوانەشی کە دواتر هاتوون، تێکشکانێک کە بە هۆی شەڕێکی گشتگیر و درێژەوە دروست بووە. لە راستیدا ئەمە ململانێیەکی زۆر چڕو قوڵە کە تەنانەت لە بیریشماندا سڕاوەتەوە و هەستی پێناکەین. کەواتە

> **بە پشت بەستن بە بیری ئۆجالان، لەپێش داڕوخان و لەدەستدانی مرۆڤایەتی، لە پێش دروست بونی چارەنوسێکی ستەمکارانە و نایەکسانی، بوارێک هەبووە بۆ بنیاتنانی بێسەروبەری لە ناوچەیەک کە پێی دەوترێت ناوچەی کەوانی بەپیت**

بە پشت بەستن بەم شیکردنەوەییەی ئۆجالان ژنان چیتر ناتوانن بیر لەوە بکەنەوە کە لە دەستیانداوە، بێئاگان لەوەی کە ئەو لەدەستدانەیان لە کوێ بووەو وە چۆنیش بووە. بۆیە ژن وەک و کەسێکی ملکەچ بیردەکاتەوە کە وا هەست دەکات ئەمە شتێکی سروشتییە بۆ ئەو. هەرئەمەشە وایکردووە کە هیچ کۆیلەکردنێکی دیکە هێندەی کۆیلەکردنی ژنان بە شەرعی و بە یاسایی نەکرابێت. ئەم جۆرە لەبیرچونەوە گشتییە پەیوەستە بە زەبری ملکەچکردن و ئاڵۆزبونیشی بەهۆی بنیاتنانی لەلایەن لایەنگرانی پیاوسالاری، بووەتە تۆمارێکی مێژوویی وا کە زیاتر باوەڕی پێبهێنرێت و تایبەتمەندیشی بدرێتێ و بە سروشتیش بکرێت لە لایەن ژنانەوە، تەنانەت ناسنامەی ژنی بە شێوەیەک سروشتی کردووە کە هەست نەکات بەو بارە نایەکسانییەی کە لە کۆمەڵگەدا هەیە.

بێگومان ئەم رونکردنەوە پاڵپشتی نییە بۆ فێمینیزم. ئەمە جۆرێک لە کەمزانین نییە لە لایەن نیتچەوە بەرامبەر بە ژنان یاخود بە لایەنی کەمەوە بەرامبەر بە مێینە، هەربۆیە دەتوانین ئەوە بدۆزینەوەو بڵێین کە ئۆجالان گۆڕانکاری هێنا بەسەر ئەو جۆرە ئەرکەی کە بۆ ژنی ماڵەوە دانراوە. ئەو بێبایەخیەی کە بۆ ژن دادەنرا کاردانەوەی هەبوو لەسەر ئۆجالان بەرامبەر بە ژن، ئۆجالان لای وایە کە گریانی ژن سادەترین دیاریدەیە کە ملکەچی و رازیبون بە ئەرکی ماڵەوە پیشان دەدات. رەوشت لە پەروەردەو گرنگیدانە بە ژن نەک غەمبار بون و بێدەسەڵاتبونی، ئەمەو لەگەڵ پشتبەستن بە تیۆری یەکسانی ژن و پیاو لە مافدا وای کرد کە ئۆجالان خوێندنەوەیەکی تایبەت بە خۆی هەبێت

بۆ فێمینیزم، وە هێزی چەکداری ژنانی دروست کرد بۆ بەرگری لەخۆکردنی ژن لە لایەن خودی ژنان خۆیانەوە. هەتا لە راستیدا ئەم جۆرە چەکدارییەی فێمێنیزم لە لایەن ژنەوە بەرجەستە دەکرێت لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورددا.

بەڵام با بگەڕێینەوە بۆ هێڵکارییە گشتیەکەی بیری ئۆجالان دەربارەی بنچینەی پلەبەندی هەرەمی. لایەنگرە فێڵبازەکانی پیاوسالاری رەگێکی قوڵیان دروستکردووە کە بووەتە هۆی تۆمارکردنی کێشەیەکی مێژووی قوڵ و یارمەتیمان دەدات بۆ پەسەند کردن و پاڵپشتی کردنی بیری ئۆجالان دژ بەم دیاردە کۆن و قوڵە لە بیرو باوەڕی گشتیدا، بیرێک کە لە راستیدا وەکو لێکدانەوەیەکی ئەفسانەیی لێهاتووە دەربارەی یەکسانی نێوان ژن و پیاو لە سەردەمی شارستانی بوونی چاخی بەردیندا(The Neolithic)، سەردەمێک کە بایەخ و گرنگی هەیە لە بیرکردنەوە فراوانەکەی ئۆجالاندا دەربارەی سەرهەڵدانی پلەبەندی هەرەمی.

بە پشت بەستن بە بیری ئۆجالان، لەپێش داڕوخان و لەدەستدانی مرۆڤایەتی، لە پێش دروست بونی چارەنوسێکی ستەمکارانە و نایەکسانی، بوارێک هەبووە بۆ بنیاتنانی بێسەروبەری لە ناوچەیەک کە پێی دەوترێت ناوچەی کەوانی بەپیت (The Fertile Crescent) لە رۆژئاوای ئاسیا. ناوچەیەک کە گۆدن چایلد پێی وایە شۆڕشی نوێخوازی لە سەردەمی چاخی بەردیندا لەوێ ڕویداوە. ئەمەش بوو بە ئاماژەیەک بۆ کۆتاپهێنان بە ژیانی باوو و ناخۆشی (Monotonous) راوکردن و کۆبونەوەو بەرگریکردن لە کۆمەڵگە خێڵەکی و تیرەییەکان. لەگەڵ گواستنەوە بۆ ژیانێکی جێگیر و کشتوکاڵی، دواتر کۆمەڵگەی خێڵەکی و تیرەیی کاڵ بویەوە بۆ بنیاتنانێکی فراوانتر و لە ناویشیاندا پەیوەندی نەتەوەیی یان نەژادی. ئەمە سەردەمێکی ترسناک و هەڵچون بوو، داهێنان بوو لە بە پیتی بۆ کشتوکاڵ کە تێیدا بە هەزاران عەقڵیەت و هۆشی شۆڕشگێڕانە جێگیر بوو. دیارترینییان پێکەشکردن و داهێنانی خواردەمەنی زۆر و ڕێگاکانی گواستنەوە و چنین و هاڕینی دانەوێڵە و کشتوکاڵ کردن، ئەم گەشەکردنانە هاوکات بوو لەگەڵ فۆرمە سیمبولییە ئاڵۆزەکانی ئاینی و هونەری لە دەربڕیندا.

سیمبول لە سەردەمی نوێگەری



و شارستانی بوونی چاخی بەردیندا بریتی بوو لە مێ خوداوەند- دایک (Inanna). پەرستنی خوداوەندی مێینە بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردو بووە هۆی پاشەکشەکردن لە پەرستنی کەرەستە و ئاژەڵ (Totem) کە هەندێک کۆمەڵگە دەیانپەرستن لەو سەردەمەدا و وەک و ناسنامەی ئەو کۆمەڵگە خێڵەکی و تیرەییانەی لێهاتبوو، بەڵام دواتر گرنگی و بایەخیان کەم بویەوە. لە راستیدا بە پێی بۆچونەکانی ئۆجالان لە سەردەمی شارستانی بونی چاخی بەردنیندا هێزی ژن-دایک (Mother-woman) هێزێکی پاڵنەری سەرەکی بوو. ئەمەش جۆرە پیرۆزییەک بوو بۆ ژن.

پاشماوەی ئەم جۆرە دیاریدەو پیرۆزییەی ژن، تاک و ئێستا بە شێوەیەک لە شێوەکان ماوەو بنی گردووە لە ناخی مرۆڤاتەتیدا، توانای نوێ بونەوەو هەستانەوەی هەیە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی پەیوەندیەکانی کۆمەڵگە. نەک تەنها لەو بوارانەی کە پەیوەستن بە رەگەزەوە، بەڵکو لە بوارە جیاوازەکان و بەها رەوشتیەکانیشدا. بەهایەک کە بەنرخترە لەو بەهایەی کە لە مۆدێرنێتەی سەرمایەداریدا هەیە، ئەو بەهایانەش وەک رێزگرتن، سۆز، پەیوەندی دراوسێیەتی کە بریتین لەو بەرهەمانەی کە لە سەردەمی کۆنی پیرۆزی ژنەوە ماونەتەوە. ئەم بەهایانە بنچینەیەکی مژوویی قوڵیان هەیە و پشتگیری و بەرگری لە خەباتێکی نەکوژاوە دەکەن بەرامبەر چەوسانەوەو دەسەڵاتی پلەبەندی هەرەمی لە کۆمەڵگە دا. ئەم بەهایانە بە تەواوەتی چەسپیون و بەهێزن لە بیرەوەری گشتی لە کۆمەڵگە دا کە هەرگیز بە تەواوی کپ نەکرابونەوە. هەر بۆ نمونە، ئەمە بە بەڵگەوە هەیە لە گێڕانەوەکانی ناو کتێبە پیرۆزە ئاینیەکاندا، بیرەوەری ئەو کاتانە بەهایەکی بەرزیان هەیە دەربارەی بیرکردنەوە لە بەهەشت، ئەو بەهەشتەی کە بە تەواوی لە

> ئۆجالان لای وایە کە بۆ سەردەمی دوای چاخی بەردیین پیاو زاڵ بوو بەسەر سیمبوڵ و وێنە ئاینییەکاندا و دیینیشیان وەکو هێزی پاڵنەری سەرەکی دەزانی

دەستنەدراوە و بزرنەبووە، ئەو بەهەشتەی کە دەتوانرێت برەوی پێبدرێت و گەشە بکات.

بنچینەی سیستمی پلەبەندی هەرەمی بریتیە لە دەسەڵاتی پیاوسالاری و هێنانەدی نایەکسانی چینایەتی. بەپێی تێزەکەی ئۆجالان، لەگەڵ گەشەکردنی سۆمەریەکان کە ئەفسانەکانیان زیاتر پەیوەست بوون بە ململانێ و شەڕ لە نێوان خوداوەندی شەڕکەری پیاو (Enki) لە گەڵ خوداوەندی دایك (Inanna)، بە گوێرەی رونکردنەوەکەی ئۆجالان ئەم جۆرە ململانێ گەردونیەی نێوان خوداوەندەکان رەنگی داوەتەوەو گواستراوەتەوە بۆ مادده و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤ، بە تایبەتیش گواستنەوە لە کۆمەڵگەی لادێیی چاخی بەردینەوە کە مرۆڤەکانی رێگەیان بە چەوسانەوەو بەکارهێنانیان نەدەدا بۆ ئەو کۆمەڵگە نوێیەی کە لە لایەن قەشەکانەوە بنیاتنراو کراوە بوو بۆ چەوسانەوە و بەکارهێنانی مرۆڤ.

ئۆجالان جارێکیتر ئەم دیاریدەیە دەبەستێتەوە بە ماددەخوازی (Materialistic) لە بیروباوەڕی دینیدا. ئەمە لە کاتێکدا کە گرنگی خوداوەندی ژن لە دەربڕینی ئاینیدا پەیوەستە بە ناوچەی کەوانی بەپیت لە خۆرئاوای ئاسیا لە سەردەمی بە شارستانی بوونی چاخی بەردیندا، ئەمەش وەکو بەڵگەیەک وایە کە بریتی بێت لە هێزی کۆمەڵایەتی لە داهێنان و سەرکردایەتی کردن لە سەردەمی شارستانی بوونی چاخی بەردینیدا، بەمەش ژن لە ململانێدا بوو، گەشەکردن و پەرستنی خوداوەندی پیاو نیشانەیەک بوو کە بووە هۆی گەشەکردن و گرنگیدان بە چینێکی نوێ لە کۆمەڵگەدا کە چینی قەشەکانە و ئێستا زیاتر گەشەی کردووە و گرنگیشی پێدەدرێت لە رێگەی پیرۆزی و پایەبەرزکردنی دینی نوێدا.

**ئایین و چینی قەشەکان لەگەڵ دەسەڵاتی پلەبەندی هەرەمی**

کارە چڕو تایبەتەکەی ئۆجالان،

بیروبۆچونی زۆری بەخشی بە زانایانی ئایینی. ئۆجالان تەنها سودی نەگەیاند بە مێژووی ئایین لە رونکردنەوەکانیدا دەربارەی گەشەکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرن، بەڵکو ئایینی لە ناوەڕۆکی بیرۆکە و لێکدانەوەکەیدا جێگەکردەوە.

ئەمە کارێکە کە جێگەی سەرنجە، لەنێو تیۆرستەکانی رۆشنبیری یان کەلتوری، ئەوانەی کە ئایین وەک و لقێک دەبینن لە چەند هۆکارێکی پەیوەندیدارتر بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، هەروەک و لە کارەکانی مارکسستی نوێ (Neo-Marxist) و میشێل فۆکۆ و جاکواز دریدادا دەربارەی کارکردن لەسەر تیۆری رەخنەگرتن لەوەی کە لە کۆمەڵگەدا هەیە (Critical Theory)، یان لەلایەن زاناکانی ئایینی دەربارەی مێژووی ئایین، ئەو زانا ئایینیانەی وەکو (Eliade, Long, Smith, J.Z.) کە مەبەستی ئایینیان هەرگیز وەکو خۆی نەگەیاند و تەنها جەختیان لەسەر نایابی و بێهاوتایی ئایین دەکردەوە، وەکو ئەوەی کە کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کەمی هەبێت لە سەر سروشتیی کۆمەڵگەی دیموکراتی و مۆدێرندا، بەڵام بەهۆی ئەو ئاماژە بەردەوامەی ئۆجالان بۆ ئەو بزووتنەوەیەی کە لە سەردەمی چاخی بەردییندا هەبوو و تیایدا ژن رۆڵێکی کارای هەبوە لە بەڕێوەبردندا و دەپەرستران (Matriarchal Neolithic) خوێندنەوەیەکی نوێ هاتە ئاراوە.

ئۆجالان لای وایە کە بۆ سەردەمی دوای چاخی بەردیین (Post-Neolithic) پیاو زاڵ بوو بەسەر سیمبول و وێنە ئایینییەکاندا و دیینیشیان وەکو هێزی پاڵنەری سەرەکی دەزانی، بەو شێوەیەی کە سەردەمی مۆدێرنیتە دەگات و دیینیش سروشتە سیاسییەکەی داڕشتووە، چینی راهیبی سۆمەرییەکان رۆڵێکی خراپکارییان هەیە، لە

## دابەشبوونی چینایەتی کە بۆ یەکەمجار لە لایەن راهیبی سۆمەرییەکانەوە دروستکرا، لەو کاتەوە، بە شێوەیەکی تەواو مایەوە

روونکردنەوەکەی ئۆجالاندا، ئەم چینە هەر ئەوە نییە کە بووەتە هۆی دروستبوونی دابەشبوونی چینایەتی، بەڵکو تاوانباریشە بە ملکەچکردن و بە پاشکۆکردنی ژنان، هەروەها بووە بەهۆی گواستنەوە لە سیستمی ئەفسانەیی بۆ سیستمی دۆگما بوون. بە پشت بەستن بە روونکردنەوەکەی ئۆجالان، ئەرکی سەرەکی راهیبەکان، ئەرکێکی تەواو عەلمانییە بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی شارنشینیدا، بەڵام، لە هەمان کاتدا، هەوڵێکیشە بۆ گەیتشن بە جیهانی خوداکان، لەو کاتەوەی کە کەسەکان چاوەڕوانی بیستن لە جیهانی خوداوە، ناچار بوونە کە گوێبگرن لە راهیبی باڵا.

ئەم تێکەڵەیە لەم دوو رۆڵەی چینی راهیبەکان وایکرد کە قەشەکان لێپرسراوێتیەکی گەورەیان هەبێت لە دروستکردنی شارستانییەت بە گشتیی و شارستانییەتی مۆدێرنێتە بە تایبەتی.

لەگەڵ چەسپاندنی توانای راهیبەکان، بەربەرەکانی لە نێوان خودای پیاوی تەڵەکەباز (God Elki) و خوداوەندی دایک (Inanna) دەستی پێکرد، بە شێوەیەک کە لە قازانجی یەکەمیاندا بێت، واتە خودای پیاو، بە تێپەڕبوونی کات تا بێت رۆڵی خوداوەندی دایک یان خوداوەندی ژن کەمتر دەبووەوە، تاکو لە سەردەمی بابلییەکاندا (Babylon Period)دا خوداوەندی ژن بە تەواوەتی تێکشکێندرا.

نیشانەیەکی دیکە لە زیادبوونی چەوسانەوەی زیاتری ژن لە ئێستادا بە کۆیلە کردنیانە بەشێوەیەکی رەسمی و داوێن پیسکردنیان بە شێوەیەکی تایبەتی.

راهیبی سۆمەرییەکان یەکەم کەس بوون کە هێزی خۆیان بە خراپی بەکارهێنا و شەرعییەتیاندا بە خۆیان بۆ پاوانکردن و دەستگرتن بەسەر رۆڵی کەسانیتردا و داگیرکردنی موڵک و ماڵ بە هۆی هەڵاتنی ئەو خودایانەی کە شێوەی پەرستنیان لەلایەن راهیبەکانەوە دیاریکرابوو، دواتریش پاشاکان بە زوویی لە راهیبەکانەوە، فێری ئەم فێڵە بوون.

ئەم راهیبە دەمامکدارانە توانیان کاریگەریان هەبێت، لەسەر ئەو کەسانەی کە فریو درابوون، لەسەر ئەو کرێکارانەی کە بە تەواوی کۆنترۆڵ کرابوون و پاڵیان پێوەنرا تاکو زیاتر بە ملکەچبوونی نوێ رازین

بەو شەرعیەتەی کە دایانە پاڵ خودا دروستکراوە نوێیەکان.

ئەو گرینگیدانەی کە ئۆجالان بە رابردوویەکی قوڵی مێژوویی دەیدات، هەرگیز جیا نەبووەتەوە لەو خەم و نیگەرانیانەی کە بۆ ئەم سەردەمەی هەیە.

لەڕاستییدا، ئۆجالان جەخت دەکاتەوە لەسەر شیکردنەوە و تێگەیشتنێکی تەواو بۆ پرۆسەی دابەزینی دەسەڵات لە دەسەڵاتی پلەبەندی هەرەمی کە لە کۆمەڵگەی سۆمەرییەکانەوە دەستکرا بە جێبەجێ کردنی، ئەمە یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگەی ئێستامان، ئەمەش لەبەرئەوەی کە ئەم شیکردنەوانە یارمەتیمان دەدەن بۆ ناسین و داماڵینی دەمامکەکان، تاکو رابردووی ئاڵۆزو زاڵبوون و رووە راستەقینەکەی سودمەندەکان و قازانجەکانیان دەربکەوێت و هەروەها رۆڵە جیاوازەکانی یاریزانانی کۆمەڵگەی هاوچەرخ ببینرێت.

ئۆجالان، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو دەسەڵاتە پلەبەندە هەرەمییەی کە بۆ یەکەم جار لە لایەن چینی راهیبی سۆمەرییەکانەوە جێبەجێکرا دەبێ تێکبشکێنرێت، لە راستییدا، ئەوانەی کە یاخی بوون و خەباتیان کرد بۆ هۆز و نەتەوەو ئایین ئامانجیان تەنها دەستگرتن بوو بە تاجی دەسەڵاتەوە.

دابەشبوونی چینایەتی کە بۆ یەکەمجار لە لایەن راهیبی سۆمەرییەکانەوە دروستکرا، لەو کاتەوە، بە شێوەیەکی تەواو مایەوە و بووە تایبەتمەندییەکی بنەڕەتی شارستانییەت.

ئۆجالان پێداگیری دەکات و دەڵێت لە هەندێک نموونەدا سیستمی دەسەڵات لە لایەن چینی کرێکاران (The Proletariat)ەوە روخێندران، بەڵام بەڕێوەبەران و دەسەڵاتدارانی نوێ زۆرجار خراپتر مامەڵەیان کردووە، لەچاو ئەو رژێمە داپڵۆسێنەرانەی کە روخاندویانن، لەگەڵ ئەمەشدا و وەک ئامرازێک بۆ هاتنەکایەی دەسەڵاتی پلەبەندی هەرەمی، دەستکرا بە پەرستنی دەسەڵاتداران و سەرکردەکان.

ئەو دەوڵەتەی کە ئۆجالان پێناسەی

> **ئۆجالان، بە روونی دەڵێت کە ئەو دوژمنی پیرۆزیی ئایین یان خودای پەروەردگار نییە، بەڵکو کێشەی لەگەڵ ئەوانەدا هەیە کە دەمامکی خودا بە رووی خۆیانەوە دەکەن**

دەکات و بە رەخنەوە روونیدەکاتەوە بریتییە لەو دەوڵەتەی کە دەسەڵاتەکان تیایدا یەکیان گرتووە و لێیەوە زۆرداری و چەوسانەوەی چینایەتی کۆمەڵگەی تێدا کارایە.

گەشەی دەوڵەت، لەگەڵ گەشەی مۆدێرنێتەی سەرمایەداریی دەیانەوێت یەکبگرن و لەگەڵ نەتەوە دا دەوڵەتی نەتەوەیی بەبێ ماسکێکی ئایینی دروست بکەن، تاک و ئێستاش پەرستنی پلەبەندی هەرەمی زیندووە و تەنانەت لە دەوڵەتی نەتەوەیی سەردەمیانەشدا ئەم پەرستنە بوونی هەیە.

ئۆجالان دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە خودا دەمامکەکەی لێکردووەتەوە و ئێستا پیرۆزکراوە لە هەموو کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا.

شکاندن و دەربازبوون لە سیستمی دەسەڵاتی پلەبەندی هەرەمی، پێویستی بە دابڕانە لە دەوڵەت و لەو بەرگرییە بە بەرنامەکراوەی کە چینی مۆدێرنی راهیبەکان، لە دەسەڵاتی دەکەن و بەهۆیەوە خەڵکی دەچەوسێننەوە، یەکەم هەنگاویش بەرەو ئەم ئاراستەیە بریتییە لە تێگەیشتن و دۆزینەوەی سەرچاوەی ئەو دەسەڵاتە، چونکە لێرەوەیە کە دۆگما بوون دێتە ناو یارییەکەوە.

چینی راهیبی سۆمەرییەکان هەوڵی بەیاساییکردنی نایەکسانی و دروستکردنی چینایەتی و دابەشبوونی کۆمەڵگە بەسەر چەوسێنەر و چەوساوەکاندا دەدا، بە هۆی چاودێریکردن و هاندان بۆ دابڕان لە روانگە و رێگەی ئەفسانەیی و گۆڕینی بۆ دۆگما بوونی ئایینی.

بە بۆچوونی ئۆجالان، پەیوەندی نێوان چینە تازە دروستکراوەکانی وەکو چەوسێنەرەکان و چەوساوەکان پێویستی بە دۆگمابوونێکی بێ ئەملاولا هەیە کە لە توانایدا بێت بۆ بەدیهێنان

و شەرعیەتدان بە چەوساندنەوە و دروستکردنی دەسەڵاتی پلەبەندی هەرەمی، لەگەڵ بەرژەوەندی چینایەتی، لە کاتی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی پاشا دەسەڵاتدارەکان، زاڵم و چەوسێنەرەکان خۆیان لە پشت دەمامکی خوداکاندا شاردەوە، بە تایبەت ئەو خودایانەی کە بونیان و تایبەتمەندییەکانیان جێگای گومان و مشتومڕ نییە و ناویان لە تێکست و کتێبە پیرۆزەکاندا هاتووە، وشەکانیان جێگەی دەستکاری نییە.

گواستنەوە لە ڕێگەو شێوازی ئەفسانەیی بۆ دۆگما بوون پەیوەندییدارە بە داهێنان لە نووسینی وشە و تێکسدا، لەگەڵ دەسەڵاتی چینی ڕاهیبەکان کە بووە ڕۆڵێک بۆ وەرگێڕانی ئەو وشە و تێکست و خودا پیرۆزانەی کە لە کتێبە پیرۆزەکاندا هەبوون و بوونیان نەدەبوو جێگەی گومان بێت لە لایەن هیچ کەسێکەوە.

چەسپاندنی ڕۆڵی چینی ڕاهیبەکان وەکو ناسێنەرو وەرگێڕی وشە و تێکستەکان و توانای خوداکان مانای ئەوەبوو کە شێوەیەکی نوێ لە خۆبەدەستەوەدان لە شێوەی کۆیلە بەرهەم هات، لەگەڵ ڕازیبوون و پەیبردن بەو هێزو پیرۆزییانە، وەکو هێزێکی دڵنیایی و نەگۆڕ لە لایەن ئەوانەی کە دەچەوسێنرانەوە.

ئۆجالان، دۆگما بوونی وەکو نەخۆشییەک دیاریی کردووە، کە بۆ یەکەم جار لە لایەن چینی دەسەڵاتداریی سۆمەرییەکانەوە بڵاوبوویەوە، تەنانەت ئێستاش ناوەڕۆکی شەرعیەت و ئایدیۆلۆژییە بۆ دەسەڵاتی پلەبەندی هەرەمی جیاواز لەو ڕەخنانەی کە لە لایەن بێباوەڕانی ئایینەوە دەگیرێت، ڕەخنەی ئۆجالان چوارچێوەی بۆ دانراوە، وەکو ڕامالینی شتێکی ئاڵۆز، ئۆجالان لە جیاتی ئەمە تیشک دەخاتە سەر یەکگرتنی چینی ڕاهیبەکان لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دۆگما بوون.

**بە ئاشکرا باسی چەندیین شەڕ دەکات کە بە هۆی ناوی ئیسلام و کریستیانێتی ( مەسیحی) و یەهودییەوە کراوە، لەگەڵ ئەمەشدا ڕوونی دەکاتەوە، کە جەوهەری ئەم شەڕانە لە پێناوی زاڵبوونە بەسەر شارستانییەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا**

ئۆجالان، بە ڕوونی دەڵێت کە ئەو دوژمنی پیرۆزیی ئایین یان خودای پەروەردگار نییە، بەڵکو کێشەی لەگەڵ ئەوانەدا هەیە کە دەمامکی خودا بە ڕووی خۆیانەوە دەکەن و بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە ئەوان تاکە ڕێگەن بۆ گەیشتن بە خودا لە کاتێکدا کە شەرعیەت دەدەن بە چەوساندنەوە و ستەمکاریی.

لە ڕاستییدا، یەکێک لەو هۆکارانەی کە ئۆجالان باسی دەکات، لە سەرسامبوونی بە چاخی بەردیین بە بەراورد بە مۆدێرنێتەی سەرمایەداریی ئەم سەردەمە، ئەوەیە کە پەیوەندییەکی هارمۆنیانە لە نێوان کۆمەڵگەی چاخی بەردیین و سروشتدا هەبووە، کە ئەمەش ڕەنگی داوەتەوە لەسەر ڕوانگەی ئەوان بۆ سروشت کە پڕ بووە لە پیرۆزی و هێزی خودایی، لە بیروباوەڕی ئەواندا سروشت لە ژیاندا بوو هەروەک و چۆن خۆیان لە ژیاندا بوون.

بە بۆچونی ئۆجالان، لە کۆمەڵگەی چاخی بەردییندا، خودایەتی هیچ پەیوەندییەکی نەبوو بە زۆرداری و چەوسانەوەو ستەمکاریی. ئەوە ڕاهیبەکانی سۆمەریی بوون کە ئەم پەیوەندییەیان ناساند لەگەڵ ئەو مەیلەیان بۆ دۆگما بوون، لەگەڵ ڕۆڵی گرنگی ئەوان لە سزادان و گوناح کردن بە پێی بیروبۆچونی خودا بە مەبەستی گەشەکردنی گوێڕایەڵی و ملکەچ بوون.

ئەم داهێنانە ڕێگەیدا کە ملکەچبوون بۆ خودا بە هێواشی بگۆڕدرێت بۆ ملکەچبوون بۆ دەوڵەت، ئەمە خاڵی سەرەکییە لەو گۆڕانکارییەی کە ڕاهیبەکانی سۆمەریی هێنایانە ئاراوە.

سزادان و گوناحکردن، پەیوەندییان بەو بەڵێنانەوە هەیە کە بۆ دوای مردن دەدرێت، پەیوەندییەکە کە بۆ یەکەمجار لە ناوچەی سۆمەرییەکان دواتر لە میسر ( Egypt - مصر) بڵاوبوویەوە، دواتریش مایەوە و بوو بە نەریتی

سەردەمی ئیبراهیم (Abrahamic Tradition)، دواتر ئەمە زیاتر گەشەی کرد بۆ نموونەی بەهەشت و دۆزەخ و زیندوبوونەوە.

بە بۆچونی ئۆجالان ئەم پەیوەندییە و ئەم لاسایی کردنەوەیە بووە هۆی دابینکردنی شەرعیەتدانێکی گرنگ و بەهێز کە پێویست بوو بۆ رازیکردنی کۆیلەکان، ئەو کۆیلانەی کە بێگومان ژیانێکی ئاسانیان نەبوو، ئامرازی بەهێزی شەرعیەتدان بوون، توانایەکی باشیان هەبوو لە بێدەنگ کردن لەم دونیایەدا بە هۆی بەڵێندانی پاداشت لەو دونیادا.

پرۆژەی دونیا و ژیانی نموونەیی (Utopian)و بەڵێنی بەهەشت و قسەکردن دەربارەی بەختەوەریی بەردەوام بەکار دەهێنرێن، هەموو ئەمانە کە ئۆجالان قسەیان لەسەر دەکات، ئەوە بە بیر ئۆجالان دەهێنێتەوە کە ئەمانە هەمووی پەرۆشییە بۆ ئاوەدانیی؛ هەروەها ئۆجالان لە بۆچونی دژ بەمە تێدەگات کە جەخت لەسەر ژیانی ناگەشەکردوو بکاتەوە.

بۆب مارلی (Bob Marley) دەنگدانەوەیەکی دورەپەرێزی هەیە کە دەڵێت: ئەگەر تۆ بزانیت ژیان چی نرخێکی هەیە، ئەوا لەسەر زەوی بە دوایدا دەگەڕایت، بەڵام ئۆجالان، زیاتر دەڕوات و دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە لە دەماری سەرەکی عەلمانی-دا گەڕان بە دوای بەهەشتدا هیچ نییە، جگە لە بەڵێنێک بۆ داهاتوو لە دونیایەکی نوێدا، ئەمەش بەندەرێکە کە بە شێوەیەکی حەتمی بنیاتنراوە لە لایەن ئەو کەسانەوە کە بزربوونە و هیوایان لەدەستداوە.

ئەو خاڵەی کە جێگای مشتومڕە ئەوەیە کە گومانی تێدا نییە لەو کاتەوەی کە باوەڕ هێنراوە بە بەهەشت توانراوە بە ئاسانی وا لە مرۆڤ بکرێت کە ئامادە بێت ئازار بچێژێت و خەبات بکات و بمرێت لە پێناو بێدەنگی و رازی بوون بە بارودۆخێک کە بە سەریاندا سەپێنراوە، مێژووش پڕی لەم نموونانەیە.

ئەو نموونانەش ئەوانەن کە ئۆجالان بە باشی پەیان پێدەبات، لە راسییدا، ئۆجالان بە ئاشکرا باسی چەندین


**ئۆجالان لای وایە کە تایبەتمەندی غەیبی یان ئەودیو سروشت "میتافیزیک" گرنگی بنەڕەتی هەیە، بۆ ئارامگرتن، بەرگریکردن، جەنگ، مردن، ئارەزوو، سۆز و جوانیی.**

شەڕ دەکات کە بە هۆی ناوی ئیسلام و کریستیانێتی (مەسیحی) و یەهودییەوە کراوە، لەگەڵ ئەمەشدا روونی دەکاتەوە، کە جەوهەری ئەم شەڕانە لە پێناوی زاڵبوونە بەسەر شارستانییەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، لێرە ئایین تەنها پاساوێکە یان ئامرازێکە بۆ کۆکردنەوەی پاڵپشتی و هۆکارێکی سەرەکیشە لە پشت شەڕە خوێناوییەکانەوە.

کاریگەری دیار و خراپی ئایین زیاتر روون دەبێتەوە کاتێک کە دواتر لە لایەن دەوڵەتەوە وەک ئایدیۆلۆژیای رەسمی راگەیەندرا، زاڵبونی ئایینی و بە دەستوری کردنی ئایین وەکو پرۆژەی نیشتیمانیی لە لایەن دەوڵەتانەوە بوونە هۆی کۆبونەوە و زیادبوونی سۆز و دڵسۆزیی بۆ مەزهەب، بەمەش دڵسۆزیی بۆ مەزهەب بووە هۆی ململانێی چینایەتی، ئەمەش زیادی کرد بۆ پەرەسەندنی کۆششی کۆمەڵگە فەرامۆشکراوەکان.

هەر دەربارەی شەڕە ئایینییەکانی نێوان دەوڵەتان، ئۆجالان سورە لەسەر ئەوەی کە ململانێی مەزهەبی لە ناو وڵاتاندا باشترین لێکدانەوە و روونکردنەوەیە لە زۆربەی کاتەکاندا، بەڵام ئەم هۆکارە سەرەکییە زۆرجار دەمامکێکی بەسەردا کراوە و شاردراوەتەوە و دواجار ململانێکان بوونە بە ململانێی نەتەوەیی.

لێرەدا، ئۆجالان کاریگەری بەردەوام و قوڵی بیری ماددەخوازیی (Materialist Thoughts) پیشان دەدات، پاڵنەری مێژوویی ماددەخوازیی بە شێوەیەکی بەردەوام و وورد و کاریگەر رەنگی داوەتەوە لە رونکردنەوەکەی دەربارەی ئیسلام لە هەردوو سەردەمی رابردوو و ئێستاشدا، لە قسەکردن دەربارەی لە دایکبوونی ئیسلام، ئۆجالان نکۆڵی دەکات لە سەروەری و هێزی ناسروشتیی ئایینی ئیسلام، بەرگری لەو بۆچوونەی دەکات کە دەڵێت ئەم لە دایکبوونە موعجیزە نەبوو لە بیاباندا، بەڵام




ڕێبوار ڕەئوف سالّح

بەرهەمێکی ماددیی بەهێز بوو لەگەڵ بارودۆخی مێژوویی.

بە هەمان شێوە، لە قسەکردن دەربارەی بڵاوبونەوەی ئیسلامیی رادیکاڵ و ئیسلامیی سیاسیی لەم سەردەمەدا، ئۆجالان دووپاتی دەکاتەوە کە پێویستە لە لایەنی پێکهاتەیی ئەم گروپانە تێبگەین.

ئەو ڕێگەیەی کە ئۆجالان داکۆکی لێدەکات، ڕێگەی ئەفسانەییە، ئۆجالان رەخنەکەی دەربارەی ئایین سنوردار دەکات بۆ رەخنەگرتن لە دۆگما بوونی ئایینی، ئۆجالان مەسەلە و بابەتی رۆحی رەتدەکاتەوە، تەنانەت نکۆڵیش دەکات کە دەوڵەمەندی ژیان بتوانرێت روون بکرێتەوە لە ڕێگەی دۆگما بوونەوە بە پەروەردگارێکی دەرەکییەوە.

لەمەش گرنگتر، ئۆجالان لای وایە کە پاڵنەری ئایینی نزیکایەتی هەیە لەگەڵ پاڵنەری هونەریی، یان تەنانەت لەگەڵ پاڵنەری گەشەکردنی هۆشیاریی، ئۆجالان لای وایە کە تایبەتمەندی غەیبی یان ئەودیو سروشت (میتافیزیک) گرنگی بنەڕەتی هەیە، بۆ ئارامگرتن، بەرگریکردن، جەنگ، مردن، ئارەزوو، سۆز و جوانیی.

بۆ ئۆجالان، باوەڕیی ئایینی بە شێوەیەکی نزیک دەبەسترێتەوە بە یاد و بیرەوەری بە کۆمەڵ، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ رونکردنەوە و پێناسەکردنی بەردەوامی ئایین و باوەڕی ئایینی، کتێبە پیرۆزەکان بەردەوام دەبن بۆ ئەوەی رێزیان لێبگیردرێت، ئەمەش تەنها لەبەر دۆگمابوون و رێبازەکانی خودا نییە، یان تەنانەت تەنها پەیوەندیی نییە بە نەریتەوە، بەڵام لە جیاتی ئەوانە هۆکارەکەی ئەوەیە کە مرۆڤەکان وا هەست دەکەن کە گرینگی و مانا و شوێنەواری چیرۆکەکانی خۆیان دەبیننەوە لە کتێبە پیرۆزەکاندا، ئەو کتێبانەش کتێبگەلێکن کە یادەوەری ژیانی کۆمەڵگەی تێدایە و مرۆڤایەتی ناتوانێت بە ئاسانی دەستبەرداریان ببێت

## هەرچارو ٩ ناودارێك



سوهرە وەردی (شێخی ئیشراق)

ناوی تەواوی(شیخ شهابەدین یەحیا ابن حەبەش)بەپێی بۆچوونی ئیبن خەلەکان، لەپەرتوکی وفیات الاعیان-دا، لەنێوان ساڵێ (١١٥٠-١١٥٥) لەناوچەی سوهرە وەردی ناوچەی (گەروس)ی بیجار لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایك بووە. بەپێی وتەیی یەك لەخوێندکارەکانی بەناوی شەمسەدینی شارەزووری لەساڵی١١٨٦ ز کۆچی دوایی کردوە .

سوهرە وەردی بەشێخی ئیشراق(ئیشراق=رووناکی، خۆر)ناسراوە، لەفەلسەفەی ئیشراقدا، ئیشراق واتا دەرکەوتنی رووناکییە ئەقڵییەکان و درەوشانەوەو سەرکەوتنی بەسەر دەروونە کامڵەکاندا، لەکاتی خۆداماڵین لەکەرەستە بەدەنییەکان. ئەمە بنەمایی فەلسەفەی بۆچوون و نوسراوەکانی ئەم گەڕیدەیەی حەقیقەتە.

بەلای سوهرە وەردییەوە زانست رووناکییەکە لەناو دڵی عارفدا هەڵدێت، سوهرە وەردی هەم کەسێتی فەیلەسوف و هەم کەسێتی عارفیشی لەخۆیدا کۆکردبۆوە. بۆیە بەلای ئەوەوە مرۆڤ، پێویستی بەدوو جۆر حیکمەتە بۆ گەیشتن بەرووناکی.

حیکمەتی پەیجووری یان(بەحس)ی، کە پشت بەشیکردنەوەو پێشکهاتە سازی(الترکیب) و ئەنجامگیری بەڵگەدار دەکات، کەئەمەش حیکمەتی فەیلەسوفانە.

حیکمەتی زەوقی؛ ئەمەشیان بەرهەمی رەنج و تەقەلای رۆحییەو مرۆڤ ئەزموونی دەکات، بەڵام ناتوانێ گوزارشتی لێبکات، ئەمەش حیکمەتی ئیشراقیەکانە.

وەردی خاوەنی نزیکەی پەنجا پەرتوکە و وەرگێڕدراوەتە سەر زۆربەی زمانەکانی دوونیا و بەناوبانگترینیشیان، پەرتوکی(حکمە الاشراق)ە.




بەرخۆدانی ١٤ ی تەموز کە بە پێشەنگایەتی کەمال پیر، خەیری دورموش، ئاکیف یلمازو عەلی چیچەک دەستی پێکردو تا ئەمڕۆو بەرخۆدانەکانی سوری ئامەد، جزیرە، مینبجو تەواوی کوردستان بەردوام دەکاتو بووە بەردی بناخەی شۆڕشی دیموکراتیو ئازادی گەلی کورد و تەواوی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوین.